# ڕۆژنامە




دە هەفتەیە
بکوژانی سەردەشت نادیارن


لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.590 Tue 13/ 7/ 2010

نرخ 750 دینار

ژمارە 590 سێشەممە 13/ 7/ 2010


د. شاهۆ سەعید:



**لە بەغدا تەنیا شتێک بە دەستمانەوە مابێت ئیستیحقاقی نەتەوەیە**

7

سەرۆکی مونتەدای ئابووری:



**حساباتی خیتامیی(٢٠٠٩) زیاتر لە (٧٠١) ملیار دینار خروقاتی تێدا کراوە**

14

## بەغدا لە حکومەتی هەرێم دەپێچێتەوەو ئاشتی هەورامی ڕەتیدەکاتەوە

# نەوتی قاچاخ ئەزموونی هەرێم لەکەدار دەکات

**ڕۆژنامە**

عەلی دەباغ وتەبێژی حکومەتی عێراق ئاشکرای کرد، کە لەبارەی بە قاچاخبردنی نەوتی هەرێمەوە بۆ وڵاتی ئێران پەیوەندییان بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە کردووە، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمیش ڕەتیدەکاتەوە کە نەوت لەهەرێمەوە بچێتە خاکی ئێرانەوە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکیدا باس لە کێشەی قاچاخچێتی لە هەرێمی کوردستان دەکاتو دەنووسێت، هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەمارۆی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، بەڵام یەکێک لە گەورەترین کەلێنەکانی ستراتیژی ئەمریکا لەوەدایە، کە ساڵانە بایی سەدان ملیۆن دۆلار نەوتی خاو و پاڵێوراو بە قاچاخو لە چیاکانی کوردستانەوە بۆ ئەو وڵاتە دەچێت.

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتی داراییش، کە ژمارە (٧٥١١)ی لەسەرەو بە ئیمزای بایز تاڵەبانی وەزیری داراییەوە لە (٢٠٠٩/١١/٢٣)دا ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی گومرگی سلێمانی کراوە، هاتووە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە نووسراوی ژمارە (٤٦٨٨) لە (٢٠٠٩/١١/١٥)دا ئاگاداریان کردووین، کە وا کۆمپانیای (عێراق ئۆیڵ) بۆ خزمەتگوزاریی نەوتی، گرێبەستی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکەیانو فەرامۆشکراون لە باجی گومرگ بۆ بردنە دەرەوەی نەوتی ڕەش(FUEL OIL)ی پاڵاوگە ناوخۆییەکان.

لە بەشێکی دیکەی ئەونووسراوەی وەزارەتی داراییدا، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە ئاماژە بەوە کراوە؛ کە کۆمپانیای ( عێراق ئۆیڵ) بەرهەمەکانیان کەلەکە بووەو سەرف ناکرێت لە ناوهەرێمداو داوا لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی گومرگی سلێمانی دەکات هەردوو دەروازەی سنووریی باشماخو پەروێزخان ئاگاداربکەنەوە بۆ ڕێپێدان بەو کۆمپانیایەو لێبووردنیان لە باجی گومرگ بەپێی ڕێنماییەکان.

بۆ ل٢-٣



مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ

فۆتۆ: هیوا جەمال

## پەرلەمانتارانی گۆڕان دەکەونە بەر ڕەخنەی هاوڵاتییان

**ڕۆژنامە**

هاوڵاتییانو چاودێران ڕەخنە لە ئەدای فراکسیۆنی گۆڕان دەگرنو پێیانوایە: چەند مانگێکە سستنو خەریکە لەو بەرنامە سیاسییە لادەدەن کە پێشتر لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنیان بە هاوڵاتییان دابوو.


پەرلەمانتارانی گۆڕان لە سەرەتای چوونە ناو پەرلەماندا، ڕۆژانە سەردانی خەڵکو شوێنە گشتییەکانو ناوچەکانی کوردستانیان دەکردو بەتەنگ خەمی خەڵکەوە بوون، بەڵام ماوەیەکە ئەو سەردانیکردنانە نابینرێت، ئەمەش بە سستیی لە کارەکانیاندا هەژماردەکرێت.

ناسک حەسەن، (٢٨)ساڵ کە خوێندکاری خوێندنی باڵاو دانیشتووی شاری سلێمانییە، پێیوابوو: بەهۆی ئەو سەردانانەی پەرلەمانتارانی گۆڕانەوە چەندین کێشەو داخوازیی خەڵک گەیشتووەتە پەرلەمان، «بەڵام ماوەیەکی زۆرە پەرلەمانتارانی گۆڕان کێشەکانی خەڵکیان لەبیرکردووە، کە ئەمە جێگەی داخە بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە بە دەنگی ئەو خەڵکە هەژارە چوونەتە پەرلەمان».

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری گۆڕان لەپارێزگای هەولێر، وتی: «پێویستە ئەوە لە تاک بە تاکی پەرلەمانتارانی گۆڕان بپرسیت، بەڵام من شەخسی خۆم بە کەموکوڕیی و گرفتی تێدەگەم».

بۆ ل٨

**وائیل عەبدوللەتیف:**



**ئەزموونی هەرێمی کوردستان، خەڵکی بەسەری لە فیدراڵیی ساردکردەوە**

11

## سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت، ڕێگرن لەبەردەم پێکهێنانی ئەنجومەنی شورادا

**ڕۆژنامە**

ماوەی دوو ساڵە پەرلەمان یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی دەرکردووە، بەڵام سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت هۆکارن لەبەردەم کاراکردنی ئەو ئەنجومەنەدا، کە یەکێکە لەو دەزگایانەی ئیشی پەرلەمان تەواو دەکات.

بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق، کە لە ٢٠٠٨/١٠/٢٠ەوە لە پەرلەمان دەرچووە، ئەنجومەنێک لە هەرێمدا بەناوی (ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق) دادەمەزرێت.

تائێستاو پاش تێپەڕبوونی نزیکەی (٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی یاساکەدا، هێشتا ئەنجومەنەکە بە شێوەیەکی فیعلی پێکنەهاتووەو دەستبەکار نەبووە.

حاکم سەردار یاسین، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شورا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی نەشاردەوە: کە تائێستا ئەنجومەنەکە دەستبەکار نەبووەو هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی هەرێم.

گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی وتی: پێکنەهێنانی ئەنجومەنی شورا بووەتە هۆی دواخستنی کارەکانی لیژنەی یاساییو پەرلەمان بەگشتیی، چونکە هەر پرۆژەیاسایەک کە لە حکومەتەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت کەموکورتی زۆری تێدایەو ئەگەر ئەنجومەنی شورا هەبێت، ئەوا پرۆژەکان بەرلەوەی بێنە پەرلەمان، ڕەوانەی ئەوان دەکرێتو لە ماوەیەکی دیاریکراودا چاکسازییان تێدا دەکرێت.

بۆ ل٥

## ئەمریکا فشار دەخاتە سەر هەرێم بۆ یەکخستنی پێشمەرگە

**ڕۆژنامە**

هێزەکانی ئەمریکا، گوشار لەسەر پارتیو یەکێتی دروستدەکەن بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو دروستکردنی هێزێکی نیزامیی کە تەمسیلی خەڵکی کوردستان بکات.

لەدوایین دانیشتنی جەنەراڵ ئۆدێرنۆی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو د. بەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە تەوەرێکی زیندووی ناو باسەکەیان بووە، هەروەک سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراقو چۆنێتیی هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان باسی لێوەکراوە.

لەو چوارچێوەیەدا، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئۆدێرنۆ وتوویەتی، ئێمە لەمانگی (ئاب)ی ئەمساڵەوە تا کۆتایی ساڵی داهاتوو، هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنینەوەو ڕێگەنادەین هیچ هێزێکی غەیرە نیزامی لە عێراقو کوردستان بمێنێت». هەروەک داوای لە سەرۆکی حکومەت کردووە، کە هەرچی زووە هێزێکی سەربازیی حکومیی پێکبهێنرێتو هێزی حیزبیی (میلیشیا) لەهەرێم نەمێنێت.

بۆ ل ٥

## تا ئێستا بریکاری وەزارەتەکان دیارینەکراون

**بەرهەم خالید**

نزیکەی (٩)مانگە حکومەتی هەرێم پێکهێنراوەو تا ئێستا بریکاری وەزارەتەکان دانەنراون، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەپێی یاسا دەبێت هەر وەزارەتێک بریکارێکی هەبێت.

بەپێی یاسای وەزارەتەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەموو وەزارەتەکان پۆستی بریکاری وەزیریان هەبێت، بەڵام تائێستا ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری دانانی بریکارەکانی جێبەجێ نەکردووە.

د. کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریو لاوانو وتەبێژی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەسەلەی دانانی بریکاری وەزارەتەکان، لەلایەن حکومەتەوە دیراسە دەکرێتو بۆچوونی وەزارەتەکانیش وەردەگیرێتو ئەگەر دانانی بریکار بۆ وەزیرەکان بە پێویست زانرا، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری گونجاوی لەبارەوە دەدات.

**پرۆژەی نابوکۆ چییە، چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت؟**

12

# قاچاخچێتیکردنی یەکێتی و پارتی بە نەوتەوە دەبێتە جێگەی سەرنجی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان

**ڕاپۆرتی: نیویۆرک تایمز**

لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا دەربارەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی، نیویۆرک تایمز، باس لە کێشەی قاچاخچێتی لە هەرێمی کوردستانو کاریگەرییەکانی ئەو دیاردەیە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکاتو کێشەکە بە «مەترسی» بۆ سەر سیاسەتی ئەمریکا لە قەڵەمدەدات.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسێت، هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەمارۆی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، بەڵام یەکێک لە گەورەترین کەلێنەکانی ستراتیژی ئەمریکا لەوەدایە، کە ساڵانە بایی سەدانو ملیۆنان دۆلاری نەوتی خاو و پاڵێوراو بە قاچاخو لە چیاکانی کوردستانەوە بۆ ئەو وڵاتە دەچێت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژو بەبێ ڕەزامەندیی فەرمیی بەغدا، هەزاران تەنکەر نەوت لە پێنجوێنەوە دەچنە ئەو وڵاتەوە، ئەمەش نەک هەر گەمارۆکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمبایەخ دەکات، بەڵکو کێشەی چۆنێتیی دابەشکردنی سامانی نەوت لەگەڵ بەغدا خراپتر دەکات.

یەکێک لە دبلۆماتە ئەمریکییەکانی باکووری عێراق کە لەبەر هۆکاری دیبلۆماسی، نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، وتی، چەندێتیو ڕێکخراویی ئەم بازرگانییە، ئەمریکییەکانی نیگەرانکردووە. یەکێک لە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمیش، وتی، ئەو سوودەی کە لەم بازرگانییەوە پەیدا دەبێت «زۆر»و «پلان بۆ دانراوە»و سوودەکەشی دەڕوات بۆ دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمو کۆمپانیا لایەنگرەکانیان، بەرپرسانو سیاسییەکانی بەغداش، لەم کارەدا بەشدارن.

ڕۆژنامەکە پێیوایە، ئێستا کێشەکە شێوازێکی نیمچە فەرمیی وەرگرتووە، نەک ئەوەی تەنیا کێشەیەکی نایاسایی بێت. نیویۆرک تایمز دەنووسێت، قاچاخچێتیی نەوتو شمەکەکانی دی لە ساڵی (١٩٩٠)و دوای سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان بەسەر عێراقدا دەستی پێکرد، بەڵام ئێستا سروشتێکی نیمچە فەرمیی هەیە.

دواتر ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، کە ئەم کێشەیە تەنانەت لە کاتی تۆپبارانەکانی ئێران بۆ سەر چیاکانی هەرێمیش، نەک هەر نەوەستاوە، بگرە کەم نەبووەتەوە. ڕۆژنامەکە دەنووسێت، بەگوێرەی وتەی یەکێک لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، ڕیزی تەنکەرەکان لە کاتی بۆمبارانەکانی ئێران بۆ سەر کوردە یاخییەکانی چیاکانیش، نەوەستانو سەدان تەنکەر کە هەر یەکێکیان توانای هەڵگرتنی (٢٢٦) بەرمیل نەوتی خاوو پاڵێوراوی هەبوو، لە ڕێی پێنجوێنەوە دەچوونە ئێران. یەکێک لە بەرپرسانی بەغداش، بێئاگایی خۆی لەو بازرگانییە دەردەبڕێتو مەسئولیەتی کارەکەش دەخاتە ئەستۆی بەرپرسانی هەرێم.

ئاشتی هەورامی کێشەکە بە کێشەیەکی زۆر گەورە لە قەڵەمدەداتو پێیوایە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمە. ڕۆژنامەکە دەنووسێت، لە چاوپێکەوتنێکدا ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی ڕاگەیاند کە شمەکی قاچاخ تەنیا لە هەرێمەوە بۆ ئێران ناچێتو وەزارەتەکەشی ئەو دیاردەیەی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت. هەورامی دەڵێت: «بەداخەوە، کێشەکە زۆر فراوانترە لە کوردستانێکی بچووک».

شیکاروانان پێیانوایە، بازرگانیی نەوتی هەرێم لەگەڵ ئێران سەرچاوەیەکی داهاتیان بۆ وەدەستدەخات، کە پێویست ناکات لەگەڵ بەغدادا بەشی بکەن، بەڵام کێشەی گومان لە شەرعییەتی بازرگانییەکە لەناوخۆوە زۆر دەبیسترێتو دواتر ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، کە لەناوخۆی کوردستاندا ناڕەزاییەکی زۆر دەربارەی ئەم کێشەیەو ناشەفافیەتی ئەو بازرگانییە هەیەو دەنووسێت، عەبدوڵڵا نوری کە پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانە، لەمبارەیەوە دەڵێت: «کاتێک نەوت دێتە کایەوە، کوردستان دەبێتە دوورگەیەک کە یاسا حوکمی ناکات». مەلا نوری داوای ئەوەیکرد کە داهاتی ئەو بازرگانییە بخرێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، پاش کەمکردنەوەی (٨٣٪)بۆ عێراق.

د.بەرهەم ساڵحی سەرۆک وەزیرانی هەرێمیش بۆ هەمان شت تێدەکۆشێت، بەڵام تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆیدا کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار ڕێبەریی دەکات، تووشی بەربەرەکانی دەبێتەوەو کێشەکەی د.بەرهەم هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت، بەهۆی پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکاندا کە لەلایەن مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمەوە پاڵپشتی دەکرێت.

حیزبەکەی تاڵەبانی لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی لەگەڵ حیزبەکەی بارزانی مۆرکردووە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسەت، ئابووریو سەربازیی هەرێمو بەگوێرەی وتەی یەکێک لە بەرپرسان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، چونکە ئەندامی یەکێک لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە بوو، ئەم ڕێککەوتنە بەسەر بازرگانیی نەوت بۆ ئێرانیشدا جێبەجێدەبێت.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبییەدا، ڕاپۆرتەکەی نیۆیۆرک تایمز دەربارەی گواستنەوەی قاچاخی نەوت، شیکار دەکرێت. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: کوردەکانی عێراق، بە شکاندنی گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمەتبار دەکرێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکیدا، لێدوانێکی فەرمیی بڵاوکردەوە کە تێیدا باس لە قاچاخ گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێت بۆ ئێرانو ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانی پێدانراوە.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری نیوزویکدا لەژێر ناونیشانی «قاچاخ بۆ دەوڵەت»، باس لە کاریگەریی بازاڕی ڕەش لە ئێران دەکرێتو دەنووسێت، گەمارۆکان، ناتوانن کاریگەرییان لەسەر ئیمپراتۆرییەتی ئابووریی حەرەسسەورییەکان هەبێت. لە ساڵی (٢٠٠٢)دا مەهدی کەڕوبی کە پەرلەمانتارێکی ئێران بوو، ئەوەی ئاشکراکرد کە مەرزی نایاسایی لە باشووری ئێران بوونی هەیە. یەکێک لە هاوکارەکانی بانگەشەی ئەوەی کرد کە (٢٥) دەروازەی فڕۆکەخانەی تاران، لەلایەن گاردەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. سازگەران، وتی: «ئەوان دەستیان لە گشت شتێکدا هەیە، کاتی سەدام هەندێک کورد یارمەتییان دەدان بۆ گواستنەوەی قاچاخ لە عێراقەوە بۆ ئێران، تەنانەت ڕاهاتبوون لەسەر کڕینی نەوتەکەی سەدام لەکاتی گەمارۆکەدا».



# بە تەوافوقی حیزبیی، سەرۆکو جێگری یەکێتیی نووسەران دیاریدەکرێن

**دلێر عەبدولخالق**

نەبوونی بودجە، چوارجار حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کوردی دواخست، کە بڕیارە پێنجشەممە (٧/١٥) لە سلێمانی سازبکرێتو بە تەوافوقی حیزبیی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، سەرۆکو جێگرەکەی هەڵبژێردرێن.

زاهیر ڕۆژبەیانی، وتەبێژی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەند ساڵێک کۆنگرە دواکەتووە، مەبەستمان نەبووە پارە لە هیچ حیزبێک وەربگرینو بڕیارماندا، بودجەکە لە حکومەت وەربگیرێت، بەڵام بەهۆی ڕۆتیناتی ئیداریی بۆ دەستەبەرکردنی بودجەی کۆنگرەکە، چەند جارێک کاتی بەستنی کۆنگرەکەمان دواخستووەو تا ئێستاش بودجەکە تەرخان نەکراوە».

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، سەرۆکو جێگرو دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەران، بە تەوافوقی حیزبیی دیاری دەکرێن، سەرۆک بۆ یەکێتیو پارتیش پۆستی جێگر وەردەگرێتو شیوعیش کەسێکی لە دەستەباڵاکەدا دەبێت. زاهیر ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکی ئێستای یەکێتیی نووسەران، وتی: «ئەوەندەی دەسەڵاتمان هەبێت، ڕێگەنادەین دەستێوەردانی زەقو ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەکەدا هەبێت، هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتیو یەکێتی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ پارتییەو نووسەران بۆ یەکێتی، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان زۆربەیان سەر بەحیزبەکان، یان کارمەندی حیزبن، هەرچی نووسەرانن، ئازادترنو بژێویی ژیانیان لەسەر حیزب نییەو حیزبەکان ناتوانن شتێکیان لەسەر فەرزبکەن، مەگەر لەناو هۆڵی کۆنگرەو لەپشت پەردەوە بۆ ئەو مەبەستە شتێک بکرێت».

# دزیو ڕووداو لە سلێمانی زیادیان کردووە

**ئاراس نەسرەدین– سلێمانی**



لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا (٢٢) حاڵەتی کوشتنو (٨٦) هەوڵی کوشتنو زیاتر لە (٦٠٠) حاڵەتی دزیی لە سلێمانی تۆمارکراونو بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو حاڵەتی دزیو ڕووداوی هاتوچۆ زیادیانکردووە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، لەماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا (١/١–٦/٣٠) ڕووداوەکان بەمشێوەیەبوون: (٢٢) حاڵەتی کوشتنی بە ئەنقەست، (٨٦) هەوڵی کوشتن، (٣) حاڵەتی کوشتنی نەزانین، (٢٦) حاڵەتی خۆکوشتن، (١٩) حاڵەتی خۆسووتاندن، (٨٣) حاڵەتی ڕووداوی مردن، (٧٩١) ڕووداوی هاتوچۆ، (٦٣) ڕووداوی بەدڕەوشتی، (٣٢٢) حاڵەتی دزییە گرنگەکان، (٢٩٤) دزییە سووکەکان، لەگەڵ (١٥٠) کارەساتی سووتانو (٤٥) حاڵەتی تەزویر تۆمارکراون.

ملازم ئاسۆ عومەر ئەحمەد، ئەفسەری ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆکاری زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆی لە مانگەکانی سەرەتای ساڵدا گەڕاندەوە بۆئەوەی خەڵک زیاتر لە بەهاراندا دەچێتە دەرەوە بۆ سەیرانو گەشتوگوزارو کاتبەسەربردن.

سەبارەت بەوەی کارەساتی سووتان لەمانگی حوزەیراندا زیادیکردووە، هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ کەشوهەواو وشکبوونی گژوگیا، کە بە ئاسانیی گڕدەگرنو ئەوەشی نەشاردەوە، کە ڕووداوەکانی دزیی لە سەرەتای ئەمساڵدا زیادیکردووەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ساڵی (٢٠٠٩) بە بەراورد لەگەڵ ئەمساڵدا بەراورد ناکرێت، چونکە ناتوانین ڕێژەیەکی ورد بۆ ئەمساڵ دابنێین، چونکە شەش مانگ بۆ کۆتایی ساڵ ماوەو ناتوانین پێشبینی هەندێک ڕووداو بکەین».

# حیزب، بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەگرێت

**نووسینگەی هەولێر**

بە تۆمەتی گەندەڵییو کەمتەرخەمیی لە کارەکانیان، بڕیاری دابەزاندنی پلەی بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆرانو ژمارەیەک سەرپەرشتیار درا، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی حیزبەوە تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە.

سەرچاوەیەکی تایبەت لە پەروەردەی سۆران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا بە تۆمەتی گەندەڵییو بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی بنەڕەتیو باخچەی ساوایان لە وەزارەتی پەروەردە، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سۆران.

دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سۆران گەندەڵییەکی زۆر لە کارەکانیان کراوە، هەربۆیە بڕیاردرا بە دابەزاندنی پلەی بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران بۆ مامۆستایەتیو دابەزاندنی چەند مامۆستایەکی سەرپەرشتیار لە بەڕێوەبەرێتییەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران لەلایەن حیزبەوە پاڵپشتیی لێدەکرێت، ماوەی شەش مانگ تێپەڕیوەو تائێستا ئەم بەڕێوەبەرە لەسەر کارەکەی ماوە، سەرپەرشتیارانی پەروەردەش ماونەتەوە لە بەڕێوەبەرێتییەکە.

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەشکرد، کە گەندەڵییەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سۆران جۆراوجۆر بوون، هەر لە ناردنی سەرپەرشتیار لە مانگی ئاب، کە دەوام نییەو وەرگرتنی پارە بەناوی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە، کەچی نۆژەننەکراونەتەوە.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: وەزیری پەروەردە ڕێگرە لە دابەزاندنی پلەی بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران.

ڕۆژنامە پەیوەندی کرد بە عەبدولعەزیز سەرحان، بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی بنەڕەتیو باخچەی ساوایان لە وەزارەتی پەروەردەو سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کارەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سۆران، ناوبراو ڕایگەیاند: «ماوەیەکە ئەو لیژنەیە کارەکانی تەواوکردووەو ئەنجامەکەی لە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام ناتوانم لەسەر ئەنجامەکان قسە بکەم».

ڕۆژنامە هەوڵیدا لێدوان لە کەمال حەمەد، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی مامۆستایانو بەڕێوەبەری ژمێریاریی لە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کارەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سۆران، وەربگرێت، بەڵام هەوڵەکان بێئاکام بوون.

لەبەرامبەردا د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بەو پرسەو ڕاگرتنی سزاکان بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوە هیچ پەیوەندیی بە ئێوەوە نییە».

سـامـانـی گـشـتـیـی بـۆ مـیـدیـای حـیـزب 4

# هێشتا گفتوگۆی ڕاستەقینە دەستی پێنەکردووە!

لەگەڵ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)و پەسەندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن مەحکەمەی دەستوورییەوە خەریکە ماوە دەستوورییەکان دەبەزێنێ، بەڵام هەتا ئەمڕۆ لایەنو فراکسیۆنە جیاجیاکان نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کە بەهۆیەوە هەردوو سەرۆکایەتییەکەی دیکەو جێگرەکانیان هەروا بەهەڵواسراویی لەشوێنی خۆیان ماونەتەوەو ڕاوح دەکەن.

هەرچەندە شاندی کوردیو شاندەکانی عێراقییەو دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانییو تەوافوقو هەموو ئەوانی دیکە لەگفتوگۆی بەردەوامدانو لیژنەی بچووککراوەیان پێکهێناوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای نێوانیانو گۆڕینەوەی وەرەقەی بەرنامەو داخوازییەکانیان، بەڵام کارەکانیان بێ ئەنجامو بێ ئیمزا کۆتایی پێدێت.

ئەوەی لەکۆبوونەوەکانی هەفتەی ڕابردوو چ لە هەولێرو چ لە بەغدا بەڕێوەچوونو کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازیان لێ کەوتەوە، ئەوە دەردەخات کە ئەنجامەکان پێچەوانەی ئەو گەشبینییە بوون کە بەرپرسە سیاسییە کوردو عێراقییەکان ڕایاندەگەیاند سەبارەت بە پۆستە سیادییەکانو نزیکبوونەوەی کوتلە گەورەکان لەڕێککەوتن، ئەوەی کە تائێستا ڕوویداوە لەنێوان کوتلە سیاسییەکان زیاتر بۆ تاقیکردنەوەی دەمی یەکتر بووەو وەک کارتی فشار بەکاریانهێناوە لە دژی لایەنە نەیارەکانی خۆیان.

هەر لایەک لەلیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا کە هەردووکیان خۆیان بەمیراتگری پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەزانن لەماوەی پێشوودا بەمەبەستی مانۆڕکردن لەگەڵ کوردو لەگەڵ لایەنی دیکەدا دانیشتوون، ئەوەندەی هەوڵیان داوە کەبڵێن ئێمە کۆبووینەتەوەو جۆرێک لە نزیکبوونەوە لەبیرو بۆچوونو ئامانجەکانماندا هەیە، ئەوەندە بەکردەوە نەهاتوون خاڵەکان لەسەر پیتەکان دابنێنو کێشە سەرەکییەکان ببڕێننەوەو ڕایبگەیەنن کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن یاخود بڵێن بیروڕای جیاوازمان هەیەو نەگەیشتووینەتە ئەنجام.

کورد بۆ خۆی هەڵوێستی زێڕەڤانی هەڵبژاردووەو تەنیا نامە کە گەیاندبێتی، ئەوە بووە کە دۆستی هەموو لایەنەکانەو وەک یەک سەیریان دەکات، ئەگەرچی مەیلی زیاتری بۆ هاوپەیمانێتییە کۆنەکانی نیشانداوە، بەڵام ناشیەوێت ببێتە بەشێک لەململانێکانی نێوان شیعەکان.

دواخستنی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەریخست کەهێشتا لایەنە سیاسییەکان لە خاڵی سفردانو هیچ ئاسۆیەک بۆ ڕێککەوتن لە ئارادا نییە.

لای ئەوان نە دەستوور گرنگەو نە بارودۆخی وڵاتو نە گوزەرانی هاوڵاتییان، ئەوەی کە گرنگە کێ واز لەپۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەهێنێتو کێ دەبێتە سەرۆکی حکومەت، ئەوی دیکە هەمووی قسەیە بۆ جوینەوە.

مەرج نییە کە عێراقییەو مالیکی کۆبوونەوە ئەوە بۆ ڕێککەوتن بێت لەسەر ئەوەی کامیان دەبێـە سەرۆکی حکومەت، بەڵکو بۆ ئەوەیە هەریەکەیان بە کوردو بەئیئتیلافی نیشتیمانی بڵێن ئەوا ئێمە خەریکە ڕێکدەکەوین، فریابکەونو وەرن بەشی خۆتان بەرن، یاخود بڵێن واباشترە هەرچی زووە وەرن لەگەڵ ئێمە ڕێکبکەون.

کەس نازانێت گفتوگۆی ڕاستەقینە لەنێوان ئەم لیستانە کەی دەستپێدەکاتو کەی کارتەکانی دەستیان هەمووی ئاشکرا دەبێتو ئیتر بەناچارییو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان مل بۆ یەکتری کەچ دەکەن.

ئەوەی زانراوەو گومانی تیا نییە، کوتلە سیاسییەکان کوشتەی کورسیو پۆستە سیادییەکانو ئامادەن هەموو شتێک بکەن بەقوربانیی گرێ دەروونییو حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانیان.

ڕۆژنامە

# پەرلەمانتارانی کۆمەڵ و یەکگرتووش (٤٨) ملیۆن دیناری پارەی ئۆتۆمبێلیان وەرگرت

**بەرهەم خالید**

دوای وەرگرتنی پارەی ئۆتۆمبێل لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە (پارتیو یەکێتی)، هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ پارەی تەرخانکراو بۆ ئۆتۆمبێل وەردەگرن.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بڕە پارەیە چووەتە ژمارە حسابی بانکی پەرلەمانتارەکانو لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێککەوتوون، کە پارەی ئۆتۆمبێلەکان وەربگرن، بەڵام خۆیان ئازادن کە چۆن مامەڵەی پێوەدەکەن، وتیشی: «ئێمە وەک ئەندامانی فراکسیۆنی کۆمەڵ بڕیارمان داوە، کە لانیکەم نیوەی ئەو پارەیە بکەینە پڕۆژەی خەیری بۆ هەژارانو هەروەها چەند پڕۆژەیەکی تریشمان لە بەردەستدایە، بەڵام هەتا ئێستا بڕیارمان نەداوە چۆن سەرفی بکەین».

لەلای خۆیەوە ناسک تۆفیق، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە ئەوان داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کە ئۆتۆمبێلەکان بە ناوی پەرلەمانەوە تۆماربکرێتو دوای کۆتاییهاتنی ئەم خولە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕازی نەبووەو دواتر لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون، کە ئۆتۆمبێلەکان بکەن بەناوی پەرلەمانتارەکانەوەو دوای کۆتایی ماوەی ئەندامێتییان، بیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان، وتیشی: «پاش ئەوەی پارەکە چووەتە سەر ژمارە حسابی پەرلەمانتارەکان بە نووسراوێک ئەو هەڵوێستەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو بڕیارمانداوە پاش سێ ساڵ ئۆتۆمبێلەکان بدەینەوە بە پەرلەمان».

مانگی ڕابردوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا بۆ هەر پەرلەمانتارێکی کوردستان بڕی (٤٨) ملیۆن دینار دابینبکات بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، جگەلە پەرلەمانتارانی گۆڕان کە پارەکەی ڕەتکردەوە، سەرجەم فراکسیۆنەکانی تر پارەکەیان وەرگرت.

# داوای هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنی نرخی عیادە ئەهلییەکان دەکرێت

**ڕۆژنامە**

کەمپەینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری زیادکردنی نرخی عیادە ئەهلییەکان، یاداشتێک پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی دەکات.

د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوو ڕۆژ پێش ئێستا یاداشتێک پێشکەش بە وەزارەت کراوەو داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکرێت، وەڵامی ئێمە بۆ ئەو داواکارییە ئەوەیە، کە ئەو بڕیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای پزیشکان بووەو بڕیارەکەش ڕێکخستنەوەی نرخەکانە، نەک بەرزکردنەوەی، چونکە تائێستاش لە هەندێک شوێن نرخەکان بەرزن، ئێمە پابەندین بەو بڕیارەو کاری پێدەکەین.

وتیشی: «لەگەڵ ڕێکخستنی نرخەکاندا چەند مەرجێک بۆ پزیشکان دانراوە لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر بە نەخۆشو باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە کلینیکە پزیشکییەکاندا».

لەماوەی ڕابردوودا بە بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی، نرخی عیادە ئەهلیەکان لە (١٠) هەزار دینارەوە زیادکرا بۆ (١٥-٢٥) هەزار دینار.



# «پێویستە کۆنگرەی کۆمەڵ مینبەرێک بۆ دەنگە ناڕازییەکان دروستبکات»

**سەنگەر جەمال**

کۆمەڵی ئیسلامیی لە (١٥)ی ئەم مانگەدا کۆنگرە دەبەستنو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیشیان بە پێویستی دەزانێت، کۆنگرە بۆ دەنگە ناڕازییەکان دروستبکات.

ئارام قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، کە ئامادەکارییەکان کراوەو بڕیارە (١٥)ی مانگو لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا کۆنگرە ببەستن، ئاماژەی بەوەشکرد: ئامانجیان لە کۆنگرە بەخۆداچوونەوەی ڕابردووی کارەکانیانو دۆزینەوەو داهێنانی کۆمەڵێک میکانیزمی نوێیە بۆ بەهێزکردنی حیزبەکەیان، وتی: «لە هەر کۆنگرەیەکدا ئەگەر گۆڕانکاریی نەبێت، ئەوا کۆنگرە مانای خۆی لەدەستدەدات».

ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا مقۆمقۆی دروستکردووە، دەرکەوتنی کۆمەڵێک دەنگی ناڕازییە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا، کە دواترینیان دەستلەکارکێشانەوەی هەردوو کادیری حیزبەکە (شوان هەورامی، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنو سەید بڕایم، ئەندامی مەکتەبی زانایان)ی لێکەوتەوە.

ئارام قادر، هەروەک نکۆڵیی لە بوونی دەنگی ناڕازیی ناکاتو بەپێویستیشی دەزانێت لە کۆنگرەی ئەمجارەدا میکانیزمێکو مینبەرێک دروستبکرێت بۆ دەنگە ناڕازییەکان.

# ساڵیادی شەهید سۆران دەکرێتەوە

**دلێر عەبدولخالق**

لە ساڵیادی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامەحەمە، کەمپەینی چالاکیی بێدەنگ نابین، ئێواری (٢٠١٠/٧/٢١) کۆبوونەوەی جەماوەریی لە پارکی نالی لە سلێمانی ڕێکدەخات.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای دوو ساڵ لە تیرۆرکردنی سۆرانی مامەحەمە، نەک بکوژانی ئاشکرا نەکراون، بگرە دۆسیەکەشی پێچراوەتەوەو لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی داخراوە، هەربۆیە لە ساڵیادی تیرۆرکردنەکەیدا کەمپەینی چالاکیی بێدەنگ نابین کۆبوونەوەی جەماوەریی لە سلێمانی سازدەکاتو دەمانەوێت ئەو دۆسیەیە دیزەبەدەرخۆنە نەکرێت، هەروەک فشارێکی مەدەنی بخرێتە سەر پارتیو یەکێتی ئەو پەیامە بگەیەنین بێدەنگ نابین، تا ئەوەی لەژێر بەرەی ئەمنیدایە بۆ ڕای گشتیی ئاشکرانەکرێت».

سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، ئاماژەی بەوەشکرد: لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی سلێمانی ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی جیهازی ئەمنیی هەرێم دەکەن، کە ئەوان دەڵێن: «هێشتا زووە ئەنجامی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ئاشکرا بکرێت»، ئێمەش دەپرسین: «دوای دوو ساڵ لە تیرۆرکردنی سۆرانی مامەحەمە، بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەکوێن؟ لەکاتێکدا سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانو حکومەتی هەرێم چەند جارێک بەڵێنی ئاشکراکردنی بکوژانیان داوە».

ئەحمەد میرە، بانگەوازیش لەهەموو ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکات: سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠١٠/٧/٢١) ئیدانەی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان بکەنو هەڵوێستی خۆیان دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین دەربڕن.

# یەکێتیی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف لەسەر خەتەنەکردنی مێینە ناکۆکن

**هەولێر- هەنگاو هاشم**

دوای ئەوەی یەکێتیی زانایان لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٦ فەتوایەکی دەربارەی حوکمی خەتەنەکردنی مێینەی لە ئیسلامدا دەرکرد، ئەم بەیاننامەیە بووە هۆی نیگەرانیی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بەیاننامەیەی یەکێتیی زانایان بە لاواز دەزانین، چونکە دیاری نەکردووە کە خەتەنەکردن پێویستە ببێت، یان نەبێتو بە شەرمنانە ئاماژە بەوەکراوە پێویستە خەتەنەکردن نەبێت، هەروەها بەپێی فتواکە کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە هەڵبژاردەیان داوەتە کەسوکاری کچەکە خۆی کە ئەمەش مەترسیدارە، چونکە ئەوکەسانەی ئاستی ڕۆشنبیرییان لاوازە، دەکەونە دوای بیرۆکەی خەتەنەکردن.

ئاماژەی بەوەشدا، بەیاننامەکەی یەکێتیی زانایان شەرعییەتی بە خەتەنە داوە، بەشێوەیەک باسکراوە کە سێ مەزهەبەکەی ئیسلام ڕێگەی داوە بە خەتەنەکردنی مێینە، کە ئەمەش ئاماژەیەکی باش نییە، جارێکی تر ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان دەکاتەوە.

لە بەیاننامەکەی یەکێتی زانایان کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، حوکمی خەتەنەکردنی مێینە لە فیقهی ئیسلامیدا بۆ سێ ڕای جیاواز دابەشکراوەو ڕەوایەتی پێداوە.

جەعفەر گوانی، وتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کاری خەتەنەکردنی مێینە پەیوەندی بەشەرعو فەتواو زانستەوە هەیە، وەزارەتی ئەوقاف بۆی نییە نیگەرانی خۆی لەسەر دەرببڕێت، چونکە فەتوا کاری لیژنەی باڵای یەکێتیی زانایانە.

# شوان عەتووف بووە یەکەمی عێراق



**ڕۆژنامە**

شوان عەتووف هونەرمەندی ناسراوی کوردستان، خەڵاتی باشترین ئەکتەری گەنجی عێراقی ساڵی ٢٠١٠ی پێدەبەخشرێت، دوای ئەوەی لە ڕاپرسییەکی گەورەی ڕێکخراوی عێراقی ئەمڕۆ، لەنێو چەندین ئەکتەری تری ناسراوی عێراق، پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

ڕەحیم حەسەن، جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی عێراقی ئەمڕۆ کە بارەگا سەرەکییەکەی لەناوچەی سەوزی بەغدایە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕێکخراوەکەیان بڕیاریدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری گەنجی عێراق بدرێت بە هونەرمەند شوان عەتووف، بەهۆکاری ئەوەی لەساڵی ٢٠١٠ ڕۆڵی سەرەکی لەچوار فیلمی سینەماییدا هەبووە، کە یەکێکیان لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

وتیشی: لیژنەیەکی پسپۆڕ کارەکانو ڕۆڵی شوان عەتووفی هەڵسەنگاند لەنێو کێبڕکێکەرانیدا ناوی خرایە ڕاپرسی ڕێکخراوەکەوەو زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا.

**پاشماوەی... نەوتی قاچاخ ئەزموونی هەرێم...**

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی لێدوانێکی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، کە لەماڵپەڕی (krg) بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک نەوتی خاوی هەرێم لەڕێی قاچاخەوە بنێردرێتە ئێرانو ئەوەشی کە دەنێردرێتە ئێران لە بەرهەمە نەوتییەکانی بەنزینو نەوتی سپی زیادەی پێویستی هاوڵاتییانی هەرێمە لەڕێی کۆمپانیا تایبەتمەندەکانەوە لەدوای گومرگکردنیو وەرگرتنی ڕەزامەندییو بەپێی پسوڵەیەو داهاتەکەشی بۆ حکومەتی هەرێمە.

هەروەک وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش ئەوەی ڕتکردووەتەوە، کە نەوتی خاوی هەرێم بنێردرێتە ئێرانو هەواڵەکەی بەبێ بنەما ناوبردووە.

### بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە

# ئەمریکا فشار دەخاتە سەر حکومەتی هەرێم



ئەمریکا بەردەوامە لە فشارەکانی بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە

**ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**

هێزەکانی ئەمریکا، گوشار لەسەر پارتیو یەکێتی دروستدەکەن بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو دروستکردنی هیزێکی نیزامیی، کە تەمسیلی خەڵکی کوردستان بکاتو ئەمینداری گشتیی وەزارەتــی پێشمەرگەش دەڵێت: «ئەمریکا دووچاری زۆر کێشە بووە لەگەڵ هێزی چەکداری گرووپەکانی عێراقو نایەوێت ئەو ئەزموونانە دووبارە بکاتەوە».

لەدوایین دانیشتنی جەنەڕاڵ ئۆدێرنۆی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە تەوەرێکی زیندووی ناو باسەکەیان بووە، هــەروەک سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکردووە، یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراقو چۆنێتیی هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان باسی لێوەکراوە.

لـەو چــوارچــێـوەیـەدا، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئۆدێرنۆ وتوویەتی، ئێمە لە مانگی (ئاب)ی ئەمساڵەوە تا کۆتایی ساڵی داهاتوو، هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنینەوەو ڕێگەنادەین هیچ هێزێکی غەیرە نیزامی لە عێراقو کوردستان بمێنێت». هەروەک داوای لە سەرۆکی حکومەت کردووە کە هەرچی زووە هێزێکی سەربازیی حکومیی پێکبهێنرێتو هێزی حیزبی (میلیشیا) لەهەرێم نەمێنێت.

لەگەڵ ئــەوەی وەزارەتــی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، ئــەوە ڕەتدەکاتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا گوشاریان دروستکردبێت بۆ پەلەکردن لە یەکخستنەوەی هێزەکانیان، بەڵام گفتۆی ناو کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی کوردو ئەمریکا، ڕاستی ئەو باسە دەسەلمێنێت کە هێزەکانی فرەنەتەوە دەیانەوێت هەرچی زووە هێزی پێشمەرگە، کە دابەشبووە بەسەر یەکێتیو پارتیدا، ببێتە هێزێکی حکومییو لەژێر فەرمانی حکومەتدا بجوڵێنرێن، نەک حیزب.

ســـەرەڕای ئــەوەی بەرپرسانی باڵای هێزەکانی پێشمەرگە، مەترسیی هەبوونی هێزی حیزبیی لەسەر ئاسایشی هەرێم ناشارنەوە، بەڵام تا ئێستا یەکگرتنەوەی ئەو هێزانە لەواقیعدا پراکتیزە نەکراوەو نازانرێت لەبەر بەرژەوەندیی کام حیزب ئەو دۆخە وەک خۆی ماوەتەوە، هەروەک جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە لە چاوپێکەوتنی «ڕۆژنامە»دا کە دەقەکەی لە ژمارە (٥٥٨) بـڵاوکـراوەتـەوە، دەڵـێـت: «بـوونـی هێزی حیزبیی لە دەرەوەی یاساو نیزام، خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئەمنو ئاسایشی کوردستان، هەرکەسێک دەڵێت، وا نییە، ئەی حیزب هێزی بۆ چییە؟».

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان، ئەو هەوڵانەی هێزەکانی ئەمریکا بە هەنگاوێکی باش دەزانـێـت بە ئامانجی دروستبوونی هێزێکی نیشتمانیی بۆ هەرێمو لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەمریکا نایەوێت لە عێراقدا هێزی میلیشیا باڵادەست بێت، چونکە دەزانێت ئەو هێزانە دژی دیموکراسیو سەقامگیربوونی یاسان، هەبوونیان یاساشکێنیو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، لە هیچ وڵاتێک یاسا بەهێزی میلیشیاو تایبەتی حیزبەکان نەپارێزراوە».

بەپێی مـادەی (٢٤) لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نـێـوان واشنتۆنو بـەغـدا، لە کۆتایی (٢٠١١) سوپای ئەمریکا بەتەواویی لە عێراق دەکشێتەوەو ڕای چاودێرانیش وایە، ئەمریکا هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری عێراقو ئەمنییەتی ناوچەکە نابێت، بەر لەهەر شتێک ئەوە باش دەزانـن کە بوونی هێزی چەکدار لـەدەرەوەی هێزی نیزامی عێراقدا، مەترسی لەسەر ئاسایشو ئارامیی ناوچەکەو ئامانجەکانیان دروستدەکات.

لەوبارەیەوە، عەبدوڵڵا حاجی مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی وت: «لەگەڵ ئەوەی کە یەکێتیو پارتی خۆشیان گرنگی بە یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەدەن، بەڵام لەوەدەچێت کە هێشتا زەمینە لەبارنەبێتو کاتی زیاتری بوێت، هەرچی ئەمریکاشە دەیەوێت کە پێش کشانەوەی لە عێراق، هێزەکانی یەکێتیو پارتی بکرێنە هێزێکی حکومیی خەڵکی کوردستان، چونکە هێزێکی لەو شێوەیە ئاسایشو دۆخی سیاسیی هەرێم بەهێزتر دەکات».

زانیارییەکانی وەزارەتــی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بە بەرەوپێشوچوونی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هێزەکانیان دەکەن، کە تێیدا زۆربەی یاساو ڕێنماییەکان، دامــەزراوەی ناو هەیکەلی وەزارەت، جلو بەرگو نیشانەی سەربازیی یەکخراوە، جگە لە یەکخستنی چــوار لیوا، ئێستا لەهەوڵی یەکخستنی شەش لیوای تردان.

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، ئــامــاژەی بــەوەکــرد: پرسی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە جێگای گرنگی ئێمەو هێزەکانی ئەمریکاشەو وتی: «ئەوان باس لە پرۆسەی یەکخستنەکە دەکەن، چونکە دەزانن بە یەکخستنی ئەو هێزە، دۆخی هەرێمی کوردستان باشتر دەبێتو بەهێزتر دەبێت، بەوپێیەی هێزێک دەبێت لەسەر سیستمێکی سەربازیی لەژێر فەرماندەیی حکومەتی هەرێمدا دەبێت، کە ئەوکات باشتر ڕێکدەخرێتو بڕیاری سەربازیی لەسەر جێبەجێدەکرێت».

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕاشیگەیاند: «ئەمریکا هاوکاریی هەموو عێراقییەکان دەکـات تا هێزێکی پتەویان هەبێت بۆ سیستمی بەرگریی عێراقو هێزی پێشمەرگەش بەشێکە لەو سیستمە، بۆیە دەیانەوێت هاوکاربن لە ڕێکخستنیدا، واتە وەک چۆن لەبەغدا داکۆکییان کـردووە کە هێزە چەکدارەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵدا بـن، لە هەرێمیش داکۆکی لەو حاڵەتەدەکەن، بەتایبەت کە پێشتر کێشەیان هەبووە لەگەڵ ئەو لایەنانەی هێزی چەکداریان هەبووە، لەوانە (سەدرییەکانو گرووپەکانی سوننە)».

# سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت، ڕێگرن لەبەردەم پێکهێنانی ئەنجومەنی شورادا

**ڕاپۆرتی: چاوان عەلی**

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان ماوەی (٢) ساڵە یاساکەی بۆ دەرکـــردووە، بەڵام تائێستا ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان پێکنەهاتووە، بە وتەی بەرپرسێکی باڵای ئەنجومەنەکەش، کارەکان لە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت ڕاگیراوە.

بـەپـێـی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق، کە لە ٢٠٠٨/١٠/٢٠-ەوە لە پەرلەمان دەرچووە، ئەنجومەنێک لە هەرێمدا بەناوی (ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق) دادەمەزرێت، کە لەڕووی کارگێڕییەوە بە وەزیــری دادەوە دەلکێو پێکدێت، لە سـەرۆکو جێگری سـەرۆکو ڕاوێژکاران، ژمارەیان لە (پێنج) ڕاوێژکار کەمتر نابێتو لە (نۆ)ش زیاتر نابێت.

بەڵام ، لەگەڵ ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: هەر یاسایەک کە دەردەچێت لەدوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی، وەقائعی کوردستان، پێویستە جێبەجێ بکرێت، تائێستاو پاش تێپەڕبوونی نزیکەی (٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی یاساکە هێشتا ئەنجومەنەکە بە شێوەیەکی فیعلی پێکنەهاتووەو دەستبەکار نـەبـووە، حاکم ســەردار یاسین، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شورا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی نەشاردەوە: کە تائێستا ئەنجومەنەکە دەستبەکار نەبووەو هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی هەرێمو وتیشی: «ئیشەکانی ئەنجومەنەکە لە وەزارەت تەواو بووەو ئەوەی ماوە کاری ئیدارییەو ئیشەکانیش ئێستا لە ئەنجومەنو وەزارەتی داد نەماوەو بەوپێیەش کە لە یاساکەدا هاتووە: دەستەی ڕاوێژکارییەکە پێویستیان بە مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، ئێستا کارەکانی ئەنجومەنەکە لە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانەو نازانرێت لە کام لایان ڕاگیراوە».

پشتگوێخستنو ڕێگریی دروستکردن لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتەوە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، لەکاتێکدا نەبوونی ئەنجومەنی شورا کارەکانی پەرلەمانیشی دواخستووە.

> ”پێکنەهێنانی ئەنجومەنی شوورا بووەتە هۆی دواخستنی کارەکانی لیژنەی یاسایيو پەرلەمان بەگشتیی“

گــۆران ئــازاد، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیو ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە: کە پێکنەهێنانی ئەنجومەنی شوورا بووەتە هۆی دواخستنی کارەکانی لیژنەی یاسایيو پەرلەمان بەگشتیی، چونکە هەر پڕۆژەیاسایەک کە لە حکومەتەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، کەموکورتی زۆری تێدایەو ئەگەر ئەنجومەنی شورا هەبێت، ئەوا پڕۆژەکان بەرلەوەی بێنە پەرلەمان ڕەوانەی ئـەوان دەکرێتو بە ماوەیەکی دیاریکراو چاکسازییان تێدا دەکرێت، ئەوکاتە وەک ئەندامەکەی لیژنەی یاسای پەرلەمان ئاماژەی پێدا، لیژنەی یاسایی هێندە بە پڕۆژەیاساکەوە خەریک نابێت کە بڕگە بڕگە بە مادەکاندا بچێتەوە، بۆ نموونە ئەو پڕۆژەیاسایەی بۆ داواکاری گشتیی پێشکەشکراوە، پڕۆژەیەکی زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ چەند یاسایەکی دیکەدا لە هەرێم ناکۆکو دژە، کە ئەگەر ئەنجومەنی شـورا هەبوایە، ئـەوا ڕێکیدەخستەوەو بە ئامادەکراویی ڕەوانەی پەرلەمانی دەکردەوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی نەبوونی ئەنجومەنی شــورای هەرێمەوە «کارەکانی پەرلەمان دواکەوتووەو زۆربەی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانیش دەردەچـن هەر کەموکوڕییان تێدایە».

لە ٢٠٠٩/١٠/١٧ فاروق جەمیل، وەزیری پێشووی داد لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکردبوو: کە هەرچەندە ساڵێکە یاسای بۆ دەرچـــووە، بــەڵام ئەنجومەنی شورای هەرێم، پێکنەهاتووەو ناوی سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنیش ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بەڵام هێشتا ناوەکان یەکلایی نەکراونەتەوە.

بەوپێیە بێت ساڵێک زیاتر ناوەکانی ئەندامانی ئەنجومەن لە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانەو ئـەوان هۆکارن بۆ پێکنەهاتنی ئەنجومەنێک، کە زیاتر لە (٥٠) یاسا چــاوەڕوانــی پێکهێنانیەتی، ئەمەش وەک حاکم لەتیف شێخ مستەفا، شارەزای بواری یاسای دەستووریی باسی لێوەکرد: بۆشاییەکی یاسایی دروستکردووە، چونکە نە ئەنجومەنی شورا پێکهێنراوەو نە ئەنجومەنی ڕاوێژکارییەکەش مـاوە، کە بە دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی شـــورا، (ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی) هەڵوەشێنرایەوەو کارەکانی ڕاگیرا، بــەڵام زیاتر لە (٥٠) پڕۆژەیاسا بێچارەنووس ماونەتەوە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، ئاماژەی بەوەدا: کە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی شورا بە میراتگری دەستەی ڕاوێژکاریی دادەنرێت، هەموو پڕۆژەیاساکانی ئەو دەستەیە چاوەڕوانی دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی شوران، تا یەکلایی بکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: بەوهۆیەوە کە وەزیری دادی پێشوو یەکێتی بووەو لەوکاتەدا سەرۆکو بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە دەستنیشانکراون، ئێستاش وەزیــری داد گۆڕاوەو کەسێکی پارتی دانـراوە، کێشە لە دیاریکردنی سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنەکە دروست بووە لە سەرۆکایەتی هەرێم.

هۆکاری یەکلایی نەکردنەوەی ناوی ئەو کەسانەی بۆ سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنە کاندیدکراونو گـێـڕانـەوەی بۆ هۆکاری «سیاسیی»، بە بـڕوای حاکم خدر حسێن، سەرۆکی دادگای بەرایی سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئەنجومەنەکە گەورەترین دەسەڵات دەبێتو هەموو کەس دەتوانێت سکاڵا لەسەر کەسانی دیکە لە هەر ئاستێکی باڵای حیزبییو حکومیدا بن تۆمار بکات، هەربۆیە پێدەچێت حیزبەکان بە تایبەت یەکێتیو پارتی هەریەک بیەوێت سەرۆکی ئەنجومەنەکە سەر بە حیزبەکەی خۆی بێت.

لەکاتێکدا بەهۆی بەرژەوەندیی حیزبییەوە پێکهێنانی ئەنجومەنی شورا دوادەخرێت، زیاتر لە (٥٠) پڕۆژە کە زۆربەیان پڕۆژەی گرنگو هەنووکەیین، چاوەڕوانی یەکلایی کردنەوەن لەم ئەنجومەنە، هەربۆیە یاساناسان جەخت دەکەنەوە، کە ئەگەر ئەنجومەنەکە لەوەزیاتر دوابکەوێت، ئەوا پێویستە ئەو پڕۆژانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، کە لەناویاندا پڕۆژەیاسای سوککردنی سزای لە سێدارەدانیش هەیە.

لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە «موبادەرەکە»ی نەوشیروان مستەفا بۆچوونیان دەخەنەڕوو 6

# دروشم لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا!

ئازاد چالاک

ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی دنیا، ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە، کە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا ململانێ و توندوتیژیی بەردەوام هەبووەو هەتا لایەک لایەکی دیکەی نەڕووخاندووە ململانێکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆتاییان پێنەهاتووە، ئەگەرچی جارجارەش لەقۆناغێکی دیاریکراودا سازش لەنێوان هەردوولادا ئەنجامدرابێت، بەڵام دواتر کێشەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان یەکلایی بوونەتەوە.

گوتاری سیاسیی و دروشمی قۆناغە جیاجیاکانی ململانێ بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدا بووە، بەڵام نەبووەو نەکراوە دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات گەر مەسەلە نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکانی لـێ دەربکەیت وەک یەک بووبن و بۆ یەک ئامانج هەوڵیان دابێت و بەیەک ئاوازو بەیەک تۆن بۆ یەکتری بسەننەوە.

حیزبە کوردییەکان بەجیاوازیی بیروبۆچوون و پێکهاتەیانەوە ململانێی سیاسیی و چەکداریی و راگەیاندنیان لەگەڵ رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا هەبووە، هەموویان لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ یەکترو لەنێوان خۆیاندا ناکۆکو هەندێک جار دژ بەیەک بوون، بەڵام لەگوتاری سیاسیی و راگەیاندنیاندا بەرامبەر سروشت و ماهیەتی رژێم لەبەغدا یەک دەنگو یەک ئاواز بوون.

دروشم و رەخنە گەورەکانی حیزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دژی رژێمەکانی بەغدا خۆی لەیەک ئامانجی سەرەکیی چڕ دەکردەوە، کە ئەویش دژایەتیکردن و رووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری بوو لەبەغدا، چونکە ئەو حوکمە بـاوەڕی بە دیموکراسی و گۆڕینی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە نەبوو.

تێڕوانینی حیزبە کوردییەکانی زەمانی شاخ لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچنرابوو، کە بەغدا بوار بە دیموکراسی نادات، بواری رای جیاوازو میدیای ئازاد نادات و بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت کۆمەڵگە بکات بە کۆمەڵگەیەکی حیزبیی و هەوڵی کڕین و فرۆشتنی ویژدانی خەڵک دەدات و هەموو ئازادییەکانی تەنها بۆ خۆی قۆرخ دەکات.

حیزبە کوردییەکان بۆ رووخانی ئەم سیستمە بانگەشەی پێچەوانەکەیان دەکردو جۆرەها ناوی دیموکرات و ئازادیخوازو نوێخوازو شۆڕشگێڕیان لەخۆیان ناو بەو بیرە نوێیەوە ئەندامانیان گۆش و پەروەردە کرد.

پاش راپەڕینی ساڵـی (١٩٩١) ململانێی نێوان حیزبە کوردییەکان لەسەر دەسەڵات و پاوانخوازی چڕتر بووەوە لەچەند خاڵێکی گومرگی سەر سنوورەکان، حوکم و موقەدەراتی چەند شارێکیان کەوتە بەردەست. حیزبە کوردییەکان سەرەڕای ململانێ مێژووییەکانیان، تووشی ململانێیەکی توندتر هاتن، کە ئەویش ململانێی گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی و زەوتکردنی سەروەت و سامانی گشتی بوو، لەلایەک حیزبە کوردییەکان رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی ناوەندییان دەگێڕا، لەلایەکی تریش حوکمڕانی سێ پارێزگایان گرتە دەست.

لەگەڵ ئەزموونی حوکمڕانی کە حیزبە کوردییەکان شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبوو و لەگەڵ ئەو قەیرانە ئابووری و بێدەرامەتییە، تووشی خەڵک هاتبوو پاش شەڕوشۆڕو گەمارۆی هەمەلایەنەو داتەپینی ژێرخانی ئابووریی لە کوردستان و عێراق، پانتاییەک بۆ رادەربڕینی ئازاد، یاخود نیمچە ئازاد هاتەکایەوەو جگە لە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی حیزب و لایەنی سیاسیی دیکەش هاتنە مەیدان و گوزارشتیان لە بیروبۆچوونی جیاوازی خۆیان دەکردو بەشێکی زۆر لە رۆژنامەو کەناڵە جیاجیاکان لە کوردستان سەریهەڵداو جۆرێکی دیکە لە ئۆپۆزسیۆن هاتە نێو کایە سیاسییەکەی کوردستانەوە هەرچەندە ئەم حاڵەتە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا وەک یەک نەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ململانێیەکی سیاسیی و ئیعلامی لە کوردستان لەماوەیەکی کورتدا سەریهەڵدا.

حیزبە دەسەڵاتدارە گەورەکان لە کوردستان توانییان لەڕێی شەرعییەتی خەباتی شاخەوە دەست بەسەر سەرچاوە دارایی و موڵکە گشتییەکاندا بگرن و برەو بە دەزگاکانی راگەیاندن و هێزە چەکدارەکانیان بدەن و بەهەمان شێوەی حکومەتی ناوەند لە بەغدا سامانی گشتیی بۆ داموودەزگاکانی حیزب بەکاربهێنن و هاوڵاتییان و لایەنەکانی دیکەی لـێ بێبەش بکەن و بەمەش بڕیاری زیندەبەچاڵکردنی دروشمەکانی پێشوویانداو لەجیاتی بە موئەسەساتکردنی داموودەزگا حیزبی و حکومییەکان هەموو دەسەڵاتیان لە سەرۆکی حیزب و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان چڕکردەوەو وردە وردە دەسەڵاتی بنەماڵە لە کوردستان جێی بە پرەنسیپە حیزبی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەق کردو بە بەرنامە کاری جدیی بۆ کرا.

ئەمڕۆ بیروڕای ئازادو میدیای ئازاد لەبرەودایە، دەسەڵات دەزانێ کە ناتوانێت وەکو رژێمی بەعس نەیارانی سەرکوت بکات، رۆژنامەو گۆڤارەکان دابخات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەستەوەستان نییەو بەردەوام لەبیرو تەگبیری ئەوەدایە کە چۆن بتوانێت ئەم بەڵایە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە؟

چۆن بتوانێت درێژە بەدەسەڵاتی خۆی بدات؟ چۆن دەنگە ناڕازییەکان کپ بکات و گێرمەو کێشەیان بۆ دروست بکات؟ چۆن بتوانێ میدیای ئازادو نیمچە ئازاد بـێ بایەخ و سووک بکات؟

ئەمڕۆ دەسەڵات لە کوردستان کە ناتوانێ وەکو بەعس بکات رێگەیەکی دیکەی گرتووەتەبەر بۆ دژایەتیکردنی میدیای ئازاد، ئەویش هەڵڕشتنی پارەیەکی زۆرو زەوەندە بۆ دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤاری نوێ و ناوی میدیای ئازادیان لـێ دەنێت.

ئەرکی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەی کە حیزب بە داهاتی دزراوی خەڵک قەڵەویان دەکات، سووکایەتیکردنە بە میدیای ئازادو بە ئۆپۆزسیۆن جگە لەوەی کە بە زمانێک دەدوێن کە هەمووی زمانی تەشهیرو جنێودان و تۆمەت هەڵبەستنەو مەبەستیش راکێشانی میدیای دیکەیە بۆ ئەم شێوازە ناشارستانییە، کە بووەتە هۆی بێزاربوونی هاوڵاتییان و رۆشنبیران و نووسەران بەشێوەیەک کە مرۆڤ قێز لەوەها رۆژنامەو گۆڤارو قەڵەم بەدەستێک بکاتەوە.

ئەمڕۆ لە کوردستان کەم رۆژنامەو گۆڤار هەیە، کە بتوانێ قازانج بکات، یاخود بەبـێ یارمەتی مادیی بەڕێوەبچێ، بەڵام لەم هەرێمەی ئێمەدا ژمارەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە سەر بە حیزبەکانی دەسەڵاتن، یاخود سێبەری حیزبەکانن رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادبووندان، کەسانێک خۆیان وەک رۆژنامەنووس نمایش دەکەن کە چەندین راپۆرتی گەندەڵییان لەسەرەو مۆڵەتی تازەش بە گۆڤاری دیکە دەدرێ، کە خاوەنەکەی جگە لەوەی کە لە دەزگایەکی ئیعلامیی لەسەر تەزویری وەسڵـی پارە دەرکراوەو لە دەزگایەکی دیکە لەسەر مەسەلەی بەدڕەوشتی لەهەولێر دەرکراوەو ئینجا خۆی و هاوڕێکانی تاوانی (أغتصابی) کچێکیان لەسەرەو قەزیەکەیان هێشتا دانەخراوە، دەسەڵات کەسانی لەوجۆرە دێنن و بواری راگەیاندنی پـێ سوک دەکەن.

حیزبەکانی کوردستان هەتا لە ئۆپۆزسیۆندا بوون و خەباتیان لەدژی دیکتاتۆریەت دەکرد، بانگەشەی ئازادیی و دیموکراسیی و مافی مرۆڤیان دەکرد، کە دەسەڵاتیشیان گرتەدەست بەهەموو شێوەیەک هەوڵـی لەباربردن و دژایەتیکردنی هەموو بەها مرۆیی و دیموکراسیی و ئازادیەکان دەدەن.

# سامانی گشتیی بۆ میدیای حیزب




## پێویستە حکومەت، بە یەکسانیو بەپێی پێوەر، کۆمەکی میدیاکان بکات

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

هاوکاریکردنی دارایی بەشێکی دیاریکراوی کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزب و نزیکی دەسـەڵات لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بە بەهەدەردانی سامانی گشتیی لێکدەدرێتەوەو پەرلەمانتارێکی کوردستانیش ئەوە دووپاتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئەو کارە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی میللەتەو جگە لـەوەش حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی نییە، ئەو کارە بکات».

### بەهەدەردانی سامانی گشتیی

بەشێکی زۆری چـاودێـران و رۆژنامەنووسان و پەرلەمانتاران، رەخنـە لـەو جـۆرە هاوکارییەی حکومەت دەگرن بۆ ئەو کەناڵانەی راگەیاندن و پێیانوایە، بەهەدەردانی سامانی گشتییە.

لە بەیاننامەیەکی سەنتەری پرێسدا بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان کە هەفتەی رابـردوو بڵاویکردەوە، هاتووە: دوای بڵاوبوونەوەی چەند بەڵگەو دۆکیۆمێنتێک سەبارەت بە پێدانی سەدان ملیۆن دینار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە میدیای حیزبیی و ژمارەیەک لە رۆژنامەو گۆڤاری بەناو سەربەخۆ، کە دواترینیان ئەو راپۆرتە دۆکیۆمێنتییەی گۆڤاری لڤینە، دەرکـەوتـووە، کە مانگانە سەدان ملیۆن دینار لە پارەی خەڵک و سامانی گشتیی بەهەدەر دەدرێت، هەروەک پێیوایە: شێوازی پێدانی ئەم پارەیە، نایاسایی و کارێکی نـەخـوازراو و دوور لە پرەنسیپە یاساییەکانەو گومانەکانمان زیاتر دەبێت لەسەر بێلایەنیی حکومەت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و «سەرفکردنی ئەو بڕە پارە خەیاڵییەی حکومەت، دەچێتە خانەی بەهەدەردانی سامانی گشتییەوەو دەکرێت ئەم پارەیە بۆ خەڵکی هەژارو کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال سەرف بکرێت».

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین کە لە ژمـارە (١٣١)ی گۆڤارەکەیاندا راپۆرتێکیان بە بەڵگەوە لەسەر بڕی ئەو کۆمەک و هاوکارییانەی حکومەت بۆ میدیاکانی نزیکی حیزب بڵاوکردەوە، ئەوەش بە فەزیحەیەکی گەورە ناودەبات و لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، دەڵێت: «ئـــەوەی بـڵاومـانـکـردەوە بەپێی دۆکیۆمێنتە، ئـەوەش کارەسات و گەندەڵییەکی ئاشکرایەو بەهەدەردان و خواردنی سامانی میللەت و خەڵکە بەناوی میدیای حیزبییەوە، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە سەرفکردنی ئەو پارەیە، بووەتە دروستکردنی فەوزا لە رۆژنامەگەریی کوردیداو ئەوەش وەک چەکێکە کە دەسەڵات بـۆ لـێـدان لـە مـیـدیـای ئەهلیی بەکاریدەهێنێت».

مـیـرە، بـاس لــەوە دەکــات کە مەبەستیان لـە بـڵاوکـردنـەوەی راپۆرتەکەیان، پیشاندانی «ئەو دیوە رەشەیە کە دەسـەڵاتـی سیاسیی بـۆ مـیـدیـای حیزبیی و سێبەر دروستیکردووەو پێویستە بەری پێبگیرێت و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن بەدواداچوونی بۆ بکەن و لە رێی پرۆژەیاساوە ئـەوە رێکبخرێت و بەیەکسانی بەسەر کەناڵەکانی میدیادا دابەش بکرێت، چونکە ناکرێت پارەی میللەت بۆ مەرامی سیاسیی و لێدانی نەیارەکان لەلایەن دەسـەڵاتـەوە بەکاربهێنرێت».

هەروەک د. رەفیق سابیر، ئەندامی لیژنەی رۆشنبیریی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: سەرفکردنی هاوکاری و کۆمەک بۆ ئەو میدیایانە لەلایەن حکومەتەوە «بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی میللەتە، جگە لەوەش حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی نییە، ئەو کارە بکات».

### حکومەت بەرپرسیارە

د. رەفیق سابیر، لەوبڕوایەشدایە کە ئەو دەستبڵاوییەو ئەو کارەی حکومەتی هەرێم بەو «پارە سەرفکردنە بێسەروبەرەیەو بێ رەچاوکردنی پێوەرێکی رۆژنامەوانیی بووەتە هۆی تێکدان و شێواندنی بواری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، بەشێوەیەک کە لەشکرێک خەڵکی بەناوی رۆژنامەنووسەوە بەسەر ژیانی رۆژنامەنووسی کوردیدا سەپاندووە، بۆیە پێموایە، ئەوە کارێکی ترسناکە، چونکە بەشێوەیەک لە لایەکەوە بەفیڕۆدانی سامانی خەڵکە، لەلایەکی دیکەوە شێواندنی پیشەی رۆژنامەنووسی و گۆڕینی کاری رۆژنامەنووسییە بۆ جۆرێک لە کاسبی، هەروەها ئەو کارە دەبێتە هۆی شێواندنی زەوقـی گشتیی لە هەمانکاتدا ئـەو زۆرو زەوەنـدی میدیایە کە بە پـارەی حکومەت بـەڕێـوەدەچـن و بـوونـەتـە هۆی شێواندنی فراوانی زمانی کوردی و لە رێی ئەو کەناڵە رۆژنامەوانییانەوە زەرەر بە زمانی کـوردی و زەوقی گشتیی خەڵک دەگەیەنن، کەواتە ئەوە کارێکە کە پێویستە بە زوترین کات پێداچوونەوەی پێدابکرێت و چارەسەر بکرێت».

لای خۆشیەوە ئەحمەد میرە، حکومەت بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانێت لە کێشەکەدا، بـەوەی کە حیزبی تێکەڵکراوەو «بە ویستی خۆیان پارە دابەش دەکەن، دواتر بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر لیژنەی نەزاهەو دارایـی لە پەرلەمان کە دوای پیشاندان و ئاشکراکردنی ئەو دۆسیەیە، لێپێچینەوەو بەدواداچوون بکەن»، وتیشی: «پێویستە یاسایەک دەربچێت کە بەپێی ئەوە بودجە بۆ کەناڵە راستەقینەکان خەرج بکرێت و بەپێی سومعەکەیان هاوکاریی بکرێن، نەک ئەوەی تا ئێستا یەکێتی و پارتی کە لە رێی حکومەتەوە پارەیەکی خەیاڵیی دەدەن بـەو کەناڵانەی راگەیاندنی خۆیان و دەوروپشتیان، بۆیە پێویستە ئەوە بەری پێبگیرێت، چونکە زۆر مەترسیدارە».

لە هەموو دنیادا، رۆژنامەو کاری میدیایی، بێلایەنیی و پێداویستی بوونیان دەکرێنە پێوەر لەلایەن لـیـژنـەی پـسـپـۆڕو بێلایەنەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بۆئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە هاوکاری بکرێن لەلایەن حکومەتەوە.

د. رەفـــیـــق، جـەخـت لــەوە دەکاتەوە کە بەپێی پێوەرو لەلایەن حکومەتەوە هاوکاریی ئەو کەناڵانە دەکرێت و وتی: «لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە کە رۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک سەرلەبەری تێچوونەکەی، پـارە وەربگرێت، چونکە دەبێت ئـەو کەناڵانە دوو لەسەر سێی تێچوونەکەی لەلایەن خوێنەران و ریکلامەوە پەیدا بکەن و حکومەت کۆمەکیان بکات».

### پەرلەمان، دەستەوەستانە

لەم دۆسیەیەدا پەرلەمان بە کەمتەرخەم دەزانرێت، بەو پێیەی چەندساڵێکە بەو شێوەیە میدیای نزیکی حیزب لە حکومەت کۆمەک وەردەگـــرن، هـــەروەک سەنتەری پرێس لە بەیاننامەکەیدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکـات، بـەدواداچـوون بۆ ئەو پارەدانەی حکومەت بە دەزگا راگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی و راگەیاندنی سێبەر بکات و لێپرسینەوەو هەڵوێستی جدیی خۆی رابگەیەنێت.

ئاسۆ کـەریـم، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی و سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریی و راگەیاندن، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «ئەو کۆمەکەی حکومەت، ئەوەندە زۆر نییە کە باسدەکرێت و رەنگە بەوشێوەیە نەبێت، جگەلەوە لە زۆر وڵاتـدا حکومەت دەستی میدیا دەگرێت، چونکە کەناڵەکانی میدیا خەرجیی خـۆیـان دەرنـاهـێـنـن». هـەروەهـا نەشیشاردەوە کە لیژنەکەیان هیچ پرۆژەیەکیان نییە لەو رووەوە، بەڵام وتی: «هەموومان ئەوە بەپێویست دەزانـیـن کە یاسایەکی گشتگیر هەبێت بۆ میدیا کە تیایدا رۆژنامەو گۆڤارو سایت و رادیۆو تەلەفزیۆن بگرێتەوەو هاوکارییان بکات، رەنگە ئەگەر ئەنجومەنێکی راگەیاندنمان هەبێت، لەو رێیەوە کۆمەک بە هەموو کەناڵەکان بکرێت، ئەوەش بەپێی فۆرم و ستانداردێک ئامادەبکرێت بەبێ جیاوازیی».

بەڵام، د. رەفیق، باس لەوە دەکات کە ئێستا پرۆژەیاسایەک هەیەو دەبێت بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بەوپێیە دابین بکرێت، وتیشی: «دوای بڕیاردان لە یاساکە، نابێت بەهیچ جۆرێک پارە بدرێتە کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزب، دەبێت حیزب خۆی لەو پارەیەی لە بودجەی حکومەتی هەرێم بۆی دیاریدەکرێت و پێیدەدرێت بەشی کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆی بدات، ئەوە ئامانجی ئێمە دەبێت لە پەرلەمان».



### د. شاهۆ سەعید، ئەندامی شاندی دانوستانکاری کورد:

# لە بەغدا تەنیا شتێک بە دەستمانەوە مابێت، ئیستیحقاقی نەتەوەییە


د. شاهۆ سەعید

سازدانی رۆژنامە

**د. شاهۆ سەعید، نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لە شاندی دانوستانکاری کورد لە بەغدا (ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان). لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا باس لەو هەوڵانە دەکات کە ماوەی زیاتر لە مانگێکە شاندی کوردی لەبەغدا خستویەتیە گەڕ، هەروەها بە راشکاوانە باس لە لاوازبوونی کاریگەریی کورد لەسەر هاوکێشەی سیاسیی عێراق دەکات.**

**رۆژنامە: زیاتر لە مانگێکە، شاندی دانوستانکاری کورد (ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) لە بەغدایە، لە ماوەی ئەم مانگەدا، چ پێشکەوتنێک بەدەستهاتووە؟**

* نەخشەی سیاسیی لە عێراقی ئەمڕۆدا، نەخشەیەکی ئاڵۆزترە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، تا دوایەمین هەڵبژاردن، کوردو شیعە دوو لایەنی سەرەکیی پرۆسەی سیاسیی عێراق بوون، بەڵام لەم هەڵبژاردنە بەدواوە، لایەنی سوننەو عروبییەکان وەک گەمەکەرێکی سەرەکیی سەر گۆڕەپانی سیاسیی دەرکەوتوون و نەخشە سیاسییە دوو جەمسەرەکە کاڵبووەتەوەو ئێستا لایەنی کوردستانیی بە هەر چوار فراکسیۆنەکەیەوە، هێزی چوارەم پێکدەهێنێت لە رووی ژمارەوە. نایشارمەوە کە لایەنی کوردستانیی وەک جاران رەقەمێکی قورس نییە لە هاوکێشەکەدا لەبەر چەند هۆیەک کە گرنگترینیان، دەرکەوتنی بەهێزیی لیستی عێراقییەیە، کە زۆرینەی کورسییەکانی بردووەتەوە لەپاڵ دوو لیستی شیعەی بەهێزدا، کە هەردووکیان لە رووی ژمارەو نفوزیانەوە لە ناوەندی عێراقدا لە کورد بەهێزترن، جگە لەوەی کە کورد هیچ رۆڵێکی لە ناونان و دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیراندا نییە، بگرە لە پەراوێزی ئەو گفتوکۆیانەدایە کە لەو بارەیەوە دەکرێن. هەموو ئەو گفتوکۆیانەی کە تا ئێستا لایەنی کوردستانیی لەگەڵ لیستە عێراقییەکاندا کردوونی، گفتوگۆی بەرایی و ئامادەکاریی بوون، چونکە گفتوگۆی راستەقینە پەیوەندیی بە ناونان و دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانەوە هەیە، کە کورد تەرەف نییە تیایدا.

**رۆژنامە: بۆچی کورد لە پرسی دانانی سەرۆک وەزیراندا تەرەف نییە؟**

* لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم: بەپێی دەستوور، کورد خاوەنی ئەو ئیستیحقاقە ئینتیخابییە نییە کە مافی پێکهێنانی حکومەتی هەبێت. دووەم: لە رووی سیاسییەوە، کورد بەر لە هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنەکانیش، هیچ بەرەیەکی لە فراکسیۆنە عێراقییەکان هەڵنەبژاردووە تا لەگەڵیاندا لەسەر بەرنامەیەکی سیاسیی رێکبکەوێت و هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی ئەو بەرەیە بەکاربهێنێت. سێیەم: لە رووی تەکتیکی دانوستاندنەوە، زۆربەی لایەنە کوردییەکان روانینێکیان بەخشیوەتە لایەنە عێراقییەکان، کە کێشەی سەرۆک وەزیران، کێشەی کورد نییە، بەڵکو کێشەی کورد کێشەی سەرۆک کۆمارە، واتە ئەو پرسەی بۆ لایەنە عەرەبییەکان بەجێهێشتووە. چوارەم: ئەو شتەی کە لە عێراقدا ناونراوە (تەوافوق) ی نێوان کوردو شیعەو سوننە، هیچ نییە جگە لە دروشمێکی سیاسیی کە لەسەر زەمینی واقیع بەرگەی هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسیی نێوان لایەنە عەرەبییەکانی عێراق ناگرێت، بەتایبەتی ئێستا کە لیستی عێراقییە، خۆی وەک لیستێکی بان-تایەفی راگەیاندووە، کە هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننەی کۆکردووەتەوە، لەهەمانکاتدا هیچ مادەیەکی دەستووریی لە ئارادا نییە کە پرەنسیپی تەوافوق زامن بکات. پێنجەم: لە زەینییەتی لایەنە عەرەبییەکانی عێراقدا، بە شیعەو سوننەوە، وێنەیەکی نەمەتیی بۆ کورد دروستبووە، کە وێنەی لایەنێکە کە زیاتر داوای بەرکەوتی خۆی لە لایەنە عەربییەکان دەکات، واتە وێنەی لایەنێک نییە کە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی داوای مافی خۆی دەکات وەک کورد، پابەندی ئیلتیزامەکانی خۆیشی بێت وەک لایەنێکی عێراقی، ئەڵبەتە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە شۆڤێنییەتی عەرەبی کاری لەسەر دروستکردنی ئەم وێنەیە کردەوە، بەشێک لە ئۆباڵی ئەم وێنەیەش لە ئەستۆی خۆماندایە، کە نەمانتوانیوە پێکەوەگونجان لەنێوان وێنەی کوردبوون و وێنەی عێراقیبووندا بسازێنین.

**رۆژنامە: هەندێک لە چاودێران، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە باشتر بوو شاندەکە نەچوایەتە بەغداو لە هەولێر دانوستاندنی بکردایە، لەم بارەیەوە، چی دەڵێن؟**

* نازانم کە ئەو چاودێرانە کێن، بەڵام دەزانم ئەوە بۆچوونێکی راست نییە، زادەی هەمان ئەو وێنە نەمەتییەیە کە خۆمان و بەرامبەرەکانمان لەسەر کوردمان دروستکردووە، وەک ئەوەی هەولێر پایتەختی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت، نەک پایتەختی هەرێمێکی سەر بە وڵاتێکی ئیتیحادی، کە پایتەختەکەی بەغدایە. ئەو دیدە باڵاخوازە، نیشانەی ئەوە نییە کە ئێمە بەهێزین، یان متمانەی زۆرمان بە خۆمانە، بەڵکو نیشانەی یەخسیربوونمانە لە وێنەیەکدا، کە وێنەی قەوارەیەکی سەربەخۆ نییەو وێنەی قەوارەیەکی فەرعیی ناو قەوارەیەکی ئیتیحادیی گەورەتریش نییە، کە ئەوەش جۆرێک لە قەیرانی ناسنامەی بۆ ئێمە دروستکردووە.

**رۆژنامە: لە ماوەی ئەم چەند هەفتەیەدا کە لە بەغدان، کورد لەکوێی ئەو مشتومڕە سیاسییەدایە؟ ئایا کورد کاریگەریی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکە ماوە؟**

* لە راستیدا، ئەوەی ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت، گفتوگۆیەکی جدیی نێوان لیستە عێراقییەکان نییە تا لەسەر بەرنامەیەکی سیاسیی، یان لەسەر کارنامەیەکی حکومیی رێکبکەون، بەڵکو ململانێیەکی پەتییە لەسەر دەسەڵات. ململانێی راستەقینەو گفتوگۆی راستەقینەش لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییەو ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسادایە بە سەرۆکایەتیی عەلاوی و مالیکی بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ناونان و دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق و دابەشکردنی جەمسەرە سەرەکییەکانی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا، بۆیە بە رای من، بەدەر لە گفتوگۆی نێوان ئەو دوو لیستە، تا ئەم ساتە گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی تر گفتوگۆی هامشیین، هەموو لایەنەکان چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کێشەی نێوان ئەو دوو فراکسیۆنە دەکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی گفتوگۆی ناوخۆی نێوان لایەنە شیعییەکان بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران بە جۆرێک لە جۆرەکان گەیشتە بنبەست. ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد وەک گەمەکەرێکی بەهێز دەرنەکەوێت، ئێستا تاقە شتێک کە بە دەستمانەوە ماوەو پشتی پێدەبەستین، ئیستیحقاقی نەتەوەییە، نەک ئیستیحقاقی ئینتیخابیی، واتە دەرخستنی خۆمان وەک نەتەوەیەکی سەرەکیی عێراق، نەک وەک لایەنێکی ئینتیخابیی بەهێز کە سەنگمان لەسەر رەوتی دانوستاندن هەبێت. لە حاڵەتێکی ئاوهادا، ئەوەی بەهێز نیشانمان دەدات، تەنها پەیوەندیی بە ئەداو شێوازی دانوستاندنی ئێمەوە نییە لە بەغدا، بەڵکو پەیوەندیی بە بەهێزکردنی دەزگا نیشتمانییەکانمانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە: سێ داواکاریی سەرەکیی لە هەگبەی وەفدی کوردیدایە، بەڵام ئیشکالیەتی ئەو سێ داواکارییە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی پەیوەندیی بە بەغداوە هەیە، پەیوەندیی بە کوردستانیشەوە هەیە. ئەو سێ داواکارییە لە هەر سێ مەلەفی (کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان)، (پێشمەرگە)و (سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم)دا چڕدەبنەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا برێک لە ئۆباڵی ئاڵۆزبوونی ئەو سێ کێشەیە لە ئەستۆی خۆماندا نییە، ئایا لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکاندا خاوەنی یەک گوتاری کوردیی بووین، یان دوو گوتار یان چەند گوتارێک؟ ئایا ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەلەفە تەنها پلانی ژمارە یەکمان هەیە، یان پلانی ژمارە دوو و ژمارە سێشمان هەیە. بەهەمانشێوە سەبارەت بە هەردوو مەلەفەکەی تر (پێشمەرگە)و (سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم)، ئایا ئێمە توانیومانە دڵنیایی لای هاوڵاتییانی هەرێم دروستبکەین، کە ئەو دوو مەلەفە دوو مەلەفی کوردستانین و چارەسەرکردنیان پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە؟، ئەم پرسیارانە پرسیاری جدیین، کە پێویستە لەناو خۆماندا بیبانورووژێنین و وەڵامی باوەڕپێهێنەرمان دەستکەون، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا لە بەغداش و لە کوردستانیش بەرگریی لە رەوایەتی ئەو سێ مەلەفە بکەین.

**رۆژنامە: بۆچی وادەردەکەوێت کە کورد تەنها لە لیستە لاوازەکەی ئیئتیلافی نیشتمانییەوە نزیک بێت؟**

*ئێستا وێنەیەکی لەوجۆرە لەسەر لایەنی کوردیی نەماوە، چونکە ئێمە وەک وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، پەیامێکی روونمان داوەتە هەموو لایەنە عێراقییەکان، کە هیچ لایەنێک بەتەنها بۆی نییە بەناوی هەموو کوردەوە قسە بکات و ئێستا سەردەمی دانوستاندنی حیزبیی بەسەرچووە، ئێمە دەمانەوێت گفتوگۆی لایەنی کوردیی لەگەڵ لایەنەکانی تردا بەدەزگایی بکەین و لە جوغزی پەیوەندیی دوو قۆڵی، یان سێ قۆڵی دەربازی بکەین و پەرلەمانی کوردستان بکەینە مەرجەعی هەر لێکگەیشتن و رێککەوتنێک لەنێوان لایەنی کوردستانیی و لایەنە عێراقییەکاندا.

**رۆژنامە: لەو ئەرکەتاندا سەرکەوتوو دەبن؟**

* رەنگە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێوەدا نەبێت، چونکە ئێمە وەفدێکین کە چەندین کێشەی کەڵەکەبوومان بە میرات لە ساڵانی رابردووەوە بۆ ماوەتەوە، ئەوەی گرنگە هەنگاوێکی باشمان لەسەر رێگەیەکی راست ناوە.

**رۆژنامە: لە ئەگەری رێککەوتنی مالیکی و عەلاویدا، کە هەندێک لەچاودێران وای دەبینن، لەئانوساتدا ئەم دوولایەنە رێکدەکەون، ئایا پێگەی کورد لەحکومەتی داهاتوودا چی لێدێت، لە رووی دابەشکردنی پۆست و مافەوە؟**

* ئەوە پرسیارێکی جدییە، بە رای من، باشترە ئێمە ببینە شەریکی حکومەتێکی بەهێز، کە پابەندی بەڵێنەکانی بێت و توانای جێبەجێکردنی هەبێت، ئەگەر رێککەوتنێکی لەو جۆرە رووبدات، مانای وایە کە حکومەتی داهاتوو، حکومەتێکی بەهێز دەبێت، بۆیە لە ئێستاوە ئێمە دەبێت بیر لە رێککەوتنێکی فراوان بکەینەوە لەسەر سێ ئاست، یەکەم: رێکبکەوین لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سنووردارکردنی دەسەڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران، کە لە چەند ساڵی رابردوودا دەسەڵاتەکانی زۆر فراوان و مەرکەزیی بوون، کە ئەوەش دژی پرەنسیپی دیموکراسی و فیدراڵیزم و جڵەوکردنی دەسەڵاتە. دووەم: رێکبکەوین لەسەر نەخشە رێگایەک بۆ چارەسەرکردنی مەلەفە خیلافییەکانی نێوان کوردستان و بەغدا. سێیەم: رێکبکەوین لە سەر کۆمەڵێک زەمانەت کە هەموو لایەنەکان پابەند بکات بە هەردوو رێککەوتنی یەکەم و دووەمەوە.

**رۆژنامە: بۆ کورد قازانجە لە حکومەتێکی تەوافوقی بنکەفراواندا بەشداربێت، یان حکومەتێک لەلایەن چەند لایەنێکەوە پێکبهێنرێت و هەمووان بەشدارنەبن لەو کابینەیەدا؟**

* لە قۆناغی ئێستادا، باشترە لە حکومەتێکی بنکەفراواندا بەشداریی بکەین کە لەسەر بنەمای تەوافوق و شەراکەت دامەزرابێت، بەڵام لێرە بەدواوە، دەبێت بیر لە پلانی ژمارە دوو بکەینەوە، واتە هاوپەیمانیبەستن لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە بڕوایان بە دیموکراسی و فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵات و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان هەیە. ئەڵبەتە مەبەستم لە هاوپەیمانیبەستن، تەنها ئیمزاکردنی رێککەوتنی سێ قۆڵی و چوارقۆڵی نییە، کە لە چەند ساڵی رابردوودا لەنێوان حیزبە کوردیی و شیعییەکان و حیزبە کوردیی و سوننییەکاندا روویانداو هیچ ئاکامێکی نەبوو، بەڵکو دەبێت بەر لە هەڵبژاردنەکان، بیر لە هاوپەیمانیی بکەینەوە بەجۆرێک کە داواکارییەکانمان ببنە بەشێک لە بەرنامەی ئینتیخابیی لایەنە عێراقییەکان، کە ئەوە زیاتر پابەندیان دەکات بە بەراورد لەگەڵ رێککەوتنی پاشوەختدا، واتە رێککەوتنی پاش هەڵبژاردن. لە دۆخێکی ئاوهادا، دەکرێت بیر لە پلانی ژمارە سێش بکەینەوە، واتە دابەزین لە چوارچێوەی لیستی عێراقیی بەرفراواندا کە سنووری کوردستان تێپەڕێنێت.

**رۆژنامە: بۆ پێکهێنانی حکومەت، چاوەڕوانی چ سیناریۆیەک دەکەن ؟**

* سێ سیناریۆی سەرەکی لە ئارادان، یەکەمیان: رێککەوتنی لایەنە عێراقییەکانە لە دوا سەعاتەکانی (١٣ و ١٤)ی ئەم مانگەدا، کە ئەمە لە رووی دەستوورییەوە بایەخی خۆی هەیە، بەڵام سەبارەت بە کورد مەترسیی هەیە، چونکە تا ئێستا ئەدگاری هیچ رێککەوتنێکی سیاسیی لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت و بڕواش ناکەم بە چەند سەعاتێک هیچ رێککەوتنێکی سیاسیی ئەنجام بدرێت، ئەگەر رێککەوتنیش رووبدات، رێککەوتن دەبێت لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، نەک لەسەر کارنامەی حکومەت و بەرنامەی سیاسیی. سیناریۆی دووەم: بریتییە لە دانانی دەستەیەکی سەرۆکایەتی کاتی بۆ پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردنێکی سەرۆک کۆماردا بەبێ رێککەوتن لەسەر سەرۆک وەزیران، ئەمەش هەڵگری هەمان مەترسی سیناریۆی یەکەمە لەپاڵ مەترسییەکی تردا بۆ ئەو لایەنەی کە سەرۆک کۆماری بەردەکەوێت، چونکە سەرۆک کۆمار دەبێت بە ماڵ بەسەریەوە، ئەوەش وا دەکات کارتی گوشارو پەراوێزی موناوەرەی ئەو لایەنە بێهێز بێت. سیناریۆی سێیەم: ئەوەیە کە ئەو دوو سیناریۆیەی پێشووتر هیچیان سەرنەگرن، لە حاڵەتێکی واشدا دەرفەتێکی زیاتر دەڕەخسێت بۆ دانوستاندن، بەڵام رووبەڕووی بۆشاییەکی دەستووریی دەبینەوە، کە پێشبینی پاشهاتەکانی زەحمەتە.

> بۆیە کورد رەقەمێکی قورس نییە لە هاوکێشەکەدا، چونکە زۆربەی لایەنە کوردییەکان روانینێکیان بەخشیوەتە لایەنە عێراقییەکان کە کێشەی سەرۆک وەزیران، کێشەی کورد نییە

> سێ سیناریۆی سەرەکی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ئارادایە

هاوڵاتییان‌و چاودێران رەخنە لە پەرلەمانتارانی گۆڕان دەگرن 8

## پەیوەندیی ئاسایی نێوان حیزبەکان خزمەت بە هەرێم دەکات

# لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە «موبادەرەکە»ی نەوشیروان مستەفا بۆچوونیان دەخەنەڕوو

راپۆرتی: بەرهەم خالید

بەرپرسانی باڵای حیزبە کوردستانییەکان بوونی پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان حیزبەکاندا بەتایبەت حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانن بۆ بەرەوپێشچوونی بارودۆخی ئارامیی هەرێم.

لە هەمانکاتدا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە هەردوو لایەن وەک یەک بەرامبەرەکانیان قبوول بکەن‌و دوور لە تەشەنوج رەخنەو بۆچوونە جیاوازەکانیان لەسەر کارەکانی یەکتر بخەنەڕوو.

لەماوەی بەڕێوەچوونی هەردوو هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق لە تەمموزی (٢٠٠٩)و ئازاری (٢٠١٠)دا، بارگرژیی زۆر لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دروستببوو، بەتایبەت لەنێوان یەکێتی‌و گۆڕان، بەڵام ئێستا جۆرێک لە بێدەنگیی هەیەو دۆخەکە بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت، هەروەک لە دوایین چاوپێکەوتنیدا نەوشیروان مستەفا لە کەناڵی KNN رایگەیاند: «تائێستا پەیوەندییەک کە پێی بوترێت پەیوەندیی سیاسیی، لەنێوان گۆڕان‌و حیزبە کوردستانییەکان‌و بەتایبەتی یەکێتی‌و پارتیدا نییە»، هەروەها نەوشیروان مستەفا ئومێدی خواست لە پاشەڕۆژدا پەیوەندیی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی باش بێت.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەربارەی ئەو وتانە دەڵێت: «پێویستە پەیوەندیی هەموو لایەنەکان باش بێت، بەتایبەت پەیوەندیی سیاسیی نێوان یەکێتی‌و گۆڕان، ئومێدەواریشم پەیوەندیی نێوان یەکێتی‌و گۆڕان لە ئایندەدا کاریگەریی مێژوویی هاوبەشی ئەو دوو لایەنەی بەسەرەوە هەبێت، کە ئەوەش بێگومان خزمەت بە دۆخی کوردستان دەکات».

هەروەها ئاریز عەبدوڵڵا، لەبارەی لێدوانەکەی نەوشیروان مستەفاوە بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆتاییهێنان بە شەڕی راگەیاندن‌و لێکنزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان‌و کارکردن لەسەر ئاستی عێراق، کە ئێستا ئەو دۆخە بەدیدەکرێت.

بە پێویستیشی دەزانێت کە حیزبەکانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن زەمینەی پێکەوەکارکردن بڕەخسێنن، ئەویش بە دەستنیشانکردن‌و رەخنەگرتن لە کارە خراپەکان‌و پیشاندانی کارە باشەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە، وتیشی: «من ناڵێم با هەموو لایەنەکان وەک یەک بیرکەینەوە، بەڵام دەکرێت هەموو لایەک بەجۆرێک کاربکەین، کە دان بە بوون‌و مافی یەکتریدا بنێین‌و جیاوازییەکانمان پیشانبدەین بۆ هاوڵاتییان، بەو شێوەیەش دەتوانین خزمەت بکەین‌و پەرە بە پرۆسەی دیموکراسی بدەین».

پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و چوونی وەفدی ئەو ئیئتیلافە بۆ بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن، جۆرێک لە کەشی ئارامیی لەنێوان حیزبەکانی کوردستاندا دروستکردووەو تارادەیەک پەیوەندییەکانی نێوانیانی ئاسایی کردووەتەوە، ئەوەش بە بەراورد لە پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان.

عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: پێشتر جۆرێک لە گرژیی‌و ئاڵۆزیی‌و تەشەنوج لەنێوان حیزبەکاندا هەبووە، کە زۆرێکیان لەسەر بەرژەوەندیی حیزبیی بوون‌و بەهۆی ئەوەی هەندێک حیزب ترسی هەبووە لە پێگەکەیی‌و ئامادەنەبووە دەستبەرداری دەسەڵات‌و پلەوپایەو دارایی ببێت، ئەوەش لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە ئاشکرا بەدیدەکراو لەوبارەیەوە دەڵێت: «بە پلەی یەکەم ئەرکی دەسەڵاتە زەمینەیەکی وەها بڕەخسێنێت، کە لایەنە سیاسییەکان پەیوەندییەکی ئاساییان پێکەوە هەبێت، بەڵام بە داخەوە لەماوەی رابردوودا دەسەڵات ئەو رۆڵەی نەبینیوە، لەکاتێکدا پەیوەندیی ئاسایی نێوان لایەنەکان کاریگەریی ئیجابیی لەسەر پرۆسەی دیموکراسی هەرێم دەبێت».

لەپاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی بڕیاریان دا بەشداریی حکومەت نەکەن‌و وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن، تازەیی ئەو ئەزموونەش جۆرێک لە بارگرژیی لەنێوان ئەو حیزبانەو یەکێتی‌و پارتی پێکهێنەری حکومەت دروستکردووە.



ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پەیوەندیی ئاسایی نێوان حیزبەکان دەپارێزێت

محەمەد فەرەج، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، باس لەوە دەکات، کە هەرێم هەمیشە لەبەردەم دوو هەڕەشەدایە، یەکێکیان لەناو عێراقدایەو نایەوێت کورد ئەو مافانەی بەپێی دەستوور بەدەستی هێناوە بە دەستی بهێنێت‌و بەردەوام ئاستەنگ بە روویدا دروستدەکرێت، هەروەها لە کوردستانیش بوونی ناعەدالەتی‌و نارێکی‌و پێشێلکاریی مافی هاوڵاتییان بووەتە هۆکارێک بۆ خراپبوونی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتییان‌و دەسەڵات‌و لێکی دوور خستوونەتەوە.

بە ئەرکی دەسەڵات‌و حیزبە کوردستانییەکانی دەزانێت کار بۆ ئەوە بکەن کە ئەو دوو مەترسییە نەهێڵن‌و گەشبینیشە بەوەی: «لەسەر ئاستی عێراق ئێستا ئەو حاڵەتە بەدیدەکرێت‌و لە بوونی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا رەنگیداوەتەوە، بەڵام لە رووی ناوخۆوە گرنگە کە دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن کار بۆ خزمەتی هاوڵاتییان بکەن‌و کەشێکی ئارامیان بۆ بڕەخسێنن».

لەلای خۆیەوە عەبدولستار مەجید پێیوایە: ئاساییبوونی پەیوەندیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا گرنگە، بەڵام دەبێت دەنگی نارەزایی هەبێت بەرامبەر ناهەقیی‌و نایاسایی‌و ئەو هەڵوێستانەی بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا نییە، «ئەگەر ئەوە نەبێت، ئەوا هەرچەند هەرێم ئاسایی بێت، بەڵام دەرئەنجام هەموو لایەک زەرەرمەند دەبن، بۆیە بوونی رەخنەش دیسان خزمەت بە تۆکمەکردنی ریزەکانی خەڵک‌و لایەنە سیاسییەکان دەکات، هەر بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە کە دەسەڵات رابهێنێت رەخنەی لێبگرێت‌و پێشنیازی بخاتە بەردەم بۆ خزمەتکردنی خەڵک‌و ئەزموونی هەرێم، ئەوەش بە پەیوەندییەکی ئاسایی دوور لە تەشەنوجی نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان دەبێت».

# بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی هەولێرو دهۆک، حەزەریان لەسەر دروستکردنی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم هەیە



راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

پڕۆژە یاساکەی فراکسیۆنی پارتی‌و یەکێتی بۆ لێسەندنەوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژادنەکانی عێراقەوە بۆ ژێر دەستی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ترسی ئەوە لای چاودێرانی هەڵبژاردن دروستدەکات ئەو دەستەیە نەتوانێت بەرژەوەندییەکانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان تیپەڕێنێت.

پڕۆژەیاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژارنەکانی هەرێمی کوردستان، بەرواری ٢٠١٠/٦/٢٣ لەلایەن ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی پێشکەشی پەرلەمان کراو، تەنیا (٤) رۆژ دوای ئەو بەروارە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، ئەم حاڵەتە لەکاتێکدایە کە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن چەندین پڕۆژەیاسایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان خەوێندراوەو چاوەڕێی گفتوگۆکردنن.

بەپێی زانیارییەکانیش پارتی‌و یەکێتی لەرێگەی فراکسیۆنەکەیانەوە لە هەوڵی جدییدان هەرچی زووە ئەو یاسایە دەربچێت‌و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە تائێستا حکومەتی هەرێم وادەکەی دیاری نەکردووە، لەرێگەی ئەو دەستەیەوە بەڕێوەبچێت.

بەیار دۆسکی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد: ئەوان بەشێکن لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بەغداو ناتوانین بۆچوونمان لەسەر دروستبوونی کۆمسیۆنێکی تر لە هەرێم هەبێت، بەڵام وەک خۆی وتی: «گرنگ ئەوەیە بپرسین دروستبوونی ئەو دەستەیە لەژێر فشاری حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەبێت، یان سەربەخۆ کارەکانی دەکات‌و پشت بەخەڵکی بەئەزموون دەبەستێت».

دۆسکی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر دەستەیەکی سەربەخۆو پیشەیی بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم پێکبهێنرێت کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر دەستەیەکی لەو شێوە پیشەییانە کارنەکات، بێگومان لەهەر شوێنێک بێت زیانبەخشت دەبێت بۆ دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن‌و خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتیی.

بەشی چوارەمی دەستووری عێراقی کە تایبەتە بە دەستە سەربەخۆکان، لەمادەی (١٠٢)دا هاتووە: «کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و دەستەی دەستپاکی، سەربەخۆن‌و لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەراندان‌و کارەکانیان بەپێی یاسا رێکدەخرێت».

بەپێی پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانیش دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان دەبێت‌و دەستەی سەرۆکایەتیش کە لە (٧) کەس پێکدێت، بەدەنگدانی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی‌و بەڕێوەبەری پێشووی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پێیوایە: لەئێستادادروستکردنی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان جگەلەوەی پێچەوانەی یاسایە، ترسی ئەوەش هەیە لەلایەن دوو پارتی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵبکرێت.

لەوبارەیەوە دەڵێت: «بەگوێرەی دەستووری عێراقیی، یەک کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەبێت، کە تەنیا ئەو لایەنە سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات لە عێراقدا، بەپێی مادەی (٢)ی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش، تەنیائەو لایەنە سەرپەرشتی هەڵبژاردنە نیشتمانیی‌و هەرێمیی‌و پارێزگاکان دەکات، واتە: لەڕووی یاساییەوە لەگەڵئەوەی دەستوور دانی ناوە تەنیا بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەگەریش هەرێمەکان بیانەوێت دەستەیەک دابمەزرێنن، پێویستە سەرەتا دەقی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەمواربکرێت».

لەبەرامبەردا، هەندرێن محەمەد ساڵح، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق وتی: «هەرێم مافی پێکهێنانی هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە، وەک چۆن ئێمە حکومەت‌و پەرلەمانمان هەیە مافی ئەوەشمان هەیە دەسەڵاتێکی تەنفیزیمان هەبێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان».

لەبارەی ئامادەیی ئیرادەیەکی سیاسیی لە هەرێمدا، کە دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان دروست بکات، هەندرێن وتی: «ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ناوەڕۆکی یاساکەو چۆنێتی دەرچوونی، واتە: دەکرێت رێوشوێنی یاساکە بەشێوەیەک دابڕێژرێت، کە رێگربێت لەوەی ئەو دەستە بۆ ئامانجی سیاسیی لایەنێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت».

لەگەڵئەوەی زۆربەی چاودێران هەبوونی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە گرنگ دەزانن، بەڵام پەلەپەلی زوو دەرچوونی یاسای ئەو دەستەیەو دروستکردنی لەم کاتەدا، ئامانجی پشت دروستبوونی دەستەکە بە ئامانجی سیاسیی دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەبەستنەوە.

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی، لەبارەی کاتی پێشکەشکردنی ئەو پڕۆژەیە لەم کاتەدا دەپرسێت: بۆچی یەکێتی‌و پارتی لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە بیریان لە دروستکردنی کۆمسیۆنێکی لەو بابەتە نەکردووەتەوە؟ بێگومان لەبەرئەوەبووە ئەوکات ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا نەبووەو دەنگیان مسۆگەر بووە، بەڵام ئێستا ترسیان هەیە، چونکە رکابەری سیاسییان بۆ دروستبووەو چیتر بە دروشمی نیشتمانیی ناتوانن دەنگی زۆرینەی خەڵک بۆ خۆیان رابکێشن.

وتیشی: «دەیانەوێت ئەو دەستەیە بە فریای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی بخەن، واتە نیەتیان خراپە، ئەگەرنا چەند پڕۆژەیاسای گرنگتر لە پەرلەمان هەیە، کە پەیوەندیی بەژیانی خەڵکەوە هەیەو دەتوانرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، واتە دروستبوونی دەستەکە خراپ نییە، بەڵام پەلەپەلکردن ئەوە دەردەخات بۆ ئامانجی سیاسیی خۆیانە».

هاوڕا لەگەڵ بۆچوونەکەی لەتیف شێخ مستەفا، هەندرێن محەمەد ساڵح، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، پەلەکردن لە دروستکردنی ئەو دەستەیە بەخراپ دەزانێت‌و دەڵێت: «ئەگەر پەلە بکرێت لە دروستکردنی خراپە، چونکە دەستەیەک ناتوانرێت بە دوو، یان سێ مانگ پێکبێت‌و ئیش بکات، ئەمە کاتی دەوێت بۆ رێکخستنی ئیداریی‌و مەشقپێکردن‌و شارەزابوونی کارمەندەکانی، بۆ نموونە ئێمە کە لە مانگی (ئایار)ی (٢٠٠٤) دروستبووین، دواتر سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکمان کرد لە مانگی (کانونی دووەم)ی (٢٠٠٥) دووچاری زۆر کێشەو گیروگرفت بووین، چونکە ئەزموونمان نەبوو و ئامادەکاریی تەواو نەکرابوو».

# «دانانی هێزی ئاشتیپارێز لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەرەتای دابەشکردنی عێراقە لە چوارچێوەی پڕۆژەکەی بایدندا»

کەرکوک/ ئارام جەمال


فۆتۆ: ئارام جەمال

پێکهاتەکانی کەرکوک، دژی پێشنیازێکی ئەمریکا دەوەستنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هێزی ئاشتیپارێز لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

جەنەراڵ رایمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، پێشبینی بڵاوەپێکردنی هێزی ئاشتیپارێزی لە ناوچە جێناکۆکەکان بە باشترین رێگە زانی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا.

لە میانی چاوپێکەوتنێکی جەنەراڵ رایمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئەسیۆشێتد پرێس، کە هەفتەی رابردوو بڵاوکرایەوە، ئۆدێرنۆ رایگەیاند: «ئەگەر هاتوو تا کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بارگرژیی و ناکۆکییەکانی نێوان کوردو عەرەبەکان لە باکووری عێراقدا کەمنەبێتەوە، ئەوا پێدەچێت جێگیرکردنی هێزی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لەو ناوچانە رێگەچارەیەک بێت».

لەگەڵ ئەو پێشبینییەشدا، ئۆدێرنۆ هیوای خواست پێویست بە بوونی هێزی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان نەکات لەو ناوچانەدا.

محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی لیستی گردبوونەوەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، مانەوەو هێنانی هێزی بیانیی بۆ عێراق و ناوچە جێناکۆکەکان بە هەموو شێوەیەک رەتدەکاتەوەو «چارەسەرێکی تەوافوقی عێراقی» بە باشترین رێگەچارە بۆ کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان دەزانێت.

لەوبارەیەوە جبوری بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان بەشێکن لە عێراق و حاڵیان حاڵی تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراقە، لە رابردوودا هەوڵی زۆر دراوە بۆ چارەسەری کێشەکەو هەنگاوی باشیش نـراوە، ئـەوە کـاری پەرلەمان و حکومەتی داهاتووی عێراقە چارەسەری کێشەکە بکات، کە پێموایە لە توانایاندا هەیەو پێویست بەوە ناکات لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هیچ هێزێکی بیانیی بهێنرێت و دۆسیەکەیان تەسلیم بکرێت، چونکە هیچ مەترسییەک لە ئارادا نییەو پێویست بە هێنانی ئەو هێزە ناکات».

### بیرۆکەکەو سەرەتای هەنگاوی پرۆژەکەی بایدن بۆ دابەشکردنی عێراق

لەگەڵ رەتکردنەوەی بیرۆکەکەدا، حەسەن تۆران، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی کەرکوک، پێیوایە: ئەوە سەرەتای دابەشکردنی عێراق و پرۆژەکەی بایدنە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان و دروستکردنی هێزێکی نیشتمانیی، نەک هێزی ئاشتیپارێز، تۆران بۆ رۆژنامە وتی: «هاوشێوەی پێشنیازی دروستکردنی هێزی هاوبەش، ئەمە پێشنیازێکی دیکەی شکستخواردووی ئەمریکایە، پێموایە هێزی ئەمنیی پیشەسازیی ناوخۆییەو دەبێت لەناو رۆڵەکانی ناوچەکەدا هێزێکی هاوبەشی (کورد، تورکمان، عەرەب)ی دروستبکرێت بەشێوەیەکی یەکسان و ئەو هێزە سەر بە سوپای عێراق بێت، بەپێچەوانەوە هیچ جۆرە پێشنیازێکی دیکە سەرکەوتوو نابێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان، هێنانی هێزێکی لەوجۆرەش رەزامەندیی حکومەتی عێراق و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی دەوێت».

حەسەن تۆران راشیگەیاند: «سیناریۆی جۆراوجۆر لە ئارادان، کە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و بیرۆکەی هێنانی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتیی، سەرەتای دابەشکردنی عێراق و پرۆژەکەی جۆزیف بایدنە، کە ئێمە بە تەواوی لە دژی ئەمجۆرە پێشنیازانەو دابەشکردنی عێراقین».

ئەندامێکی لیستی برایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش لەگەڵ ئەوەی پێیوایە کەرکوک پێویستی بە هێنانی هێزی ئاشتیپارێز نییە، وایدەبینێت پێشنیازەکە هەرەمەکی نییەو زەمینەسازیی پێشوەختی بۆ کراوە.

رێبوار تاڵەبانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «کـەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکان مادەی دەسـتـووریـی و لیژنەی جـۆراوجـۆری بۆ دیاریکراوە، بەڵام بەهۆی چارەسەرنەکردن و درێژەکێشانی کێشەکەوە لایەنی دەرەکی و بەتایبەت ئەمریکاو یۆنامی پێشنیازی چارەسەریان هەبووە، ئەم پێشنیازەش پێموایە عەشوایی نییەو لە ئەنجامی دیدارو پێشنیازی نەتەوەو لایەنی سیاسیی ناو عێراقەوە باسی لێوەکراوە، پێدەچێت زەمینەسازیی پێشوەختی بۆ کرابێت و ئێستاش کە ئۆدێرنۆ باسیدەکات ئیدارەی ئەمریکا چـاوەڕوانـی کاردانەوە ئەرێنی و نەرێنییەکانیەتی».

رێبوار تاڵەبانی پێیوایە: پێشکەشکردنی هەرجۆرە پێشنیازێک چەندێک وردبێت باشترەو لە رابردووشدا گرووپێکی دیکەی ئەمریکی پێیانوابوو، کەرکوک بەرمیلە بارووتەو هەرکات بێت دەتەقێتەوە، وتی: «پێچەوانەی پێشبینی گرووپی بیکەر-هاملتۆن کەرکوک بەرمیلە بارووت نەبوو، نەشتەقییەوە، تائێستاش لایەنەکانی ناو کێشەکە بە کوردو تورکمان و عەرەب بـەردەوام لەسەر مێزی گفتوگۆن و ئەگەری رێگەچارەی ئاشتی لە رێگەچارەی جەنگ زیاترە».

---

# کاکەڕەش سدیق: بەم شێوەیە کار بۆ جێبەجێکردنی (١٤٠) بکرێت، بە پێنج ساڵی تر قۆناغی ئاساییکردنەوە جێبەجێناکرێت

سازدانی: بەرهەم عومەر



**کاکەڕەش سدیق، ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و بەرپرسی ئۆفیسی (کەرکوک)ی جێبەجێکردنی مادەکە، لەم چاوپێکەوتنەدا کە سایتی (سبەی) لەگەڵیدا سازیداوە باس لە دوا گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە مادەی (١٤٠) دەکات.**

**– ئایا تا چەندێک ئەو بودجەیەی لە ساڵی(٢٠١٠)دا تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی مـــادەی (١٤٠)و قـــەرەبـــووکـــردنـــەوەی زیانلێکەوتووانی پرۆسەی (بەعەرەبکردن و راگـواسـتـن)ی خەڵکی شـارەکـە، لەگەڵ ئەم قۆناغەی جێبەجێکردنی مادەکەدا دەگونجێت؟**

* ئەو بودجەیەی ئەمساڵ تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)، تەنیا (١٧٢)ملیار دیناری عێراقییەو پێمانوایە، ئەو بودجەیە کەمەو بەش ناکات، لەبەرئەوەی ئێستا لە عێراقدا (٤)ئۆفیسی دیکەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق کراوەتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی سیاسەتی راگواستن و بـەزۆر نیشتەجێکردن و شـەڕی ئێران و عێراقەوە زیانیان بەرکەوتووە.

لەبەرئەوە، ئەو بودجەیەی تەرخانکراوە، دابـەش دەکـرێـت بـەسـەر (٧)ئۆفیسدا، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو خێزانانەی فۆڕمی قەرەبووکردنەوەیان پڕکردووەتەوەو لەهەرسێ ئۆفیسەکانی (خانەقین و سنجارو کەرکوک) زیادیانکردووەو پارەی تەرخانکراویش بەشی ئەوە ناکات بە یەکسانی بەسەرهەمووماندا دابەش بکرێت.

لەو پارەیەی کە هەیە بۆ ئەو (٧)ئۆفیسەی قەرەبووکردنەوەی سەر بە مـــادەی(١٤٠)، بـاوەڕنـاکـەم لـەو بەشەی بـەر کەرکوک دەکەوێت، (٣)هەزار خێزان بتوانن قەرەبوو وەربگرنەوە، لەبەرئەوە بەڕای ئێمە، ئەو پارەیە بڕێکی زۆر کەمەو لەئاستی گەورەیی ئەو زیـان و گرفتانەدا نییە کە دووچـاری خێزانەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بووەتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمیی بودجەی تەرخانکراو بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانەکانی کەرکوک، داوامانکردووە کە بودجەیەکی تایبەت تەرخانبکرێت بۆ ئەو (٤)ئۆفیسەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا کراونەتەوە، بۆئەوەی کاریگەریی خراپ لەسەر بودجەی ئێمە بەجێ نەهێڵن، بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراقی رەزامەندیی دەرنـەبـڕیـوە، بۆیە هەوڵدەدەین کە بەهەموو لایەکەوە گوشار بخەینە سەر حکومەتی عێراقی، بۆئەوەی بودجەی مادەی (١٤٠)زیاد بکات.

**– چـیـتـانـکـردووە بـۆ کـاراکـردنـی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟**

* بەردەوامین لە هەوڵەکانمان و چەند شتێکی نوێ هەیە لەو بوارەدا کە دەمەوێت بیڵێم، لە چەند رۆژی رابردوودا، لەگەڵ نێردەی سکرتێری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) دانیشتنمان سازکردو دوو پێشنیازمان خستەڕوو، هەوڵ بدرێت کە لیژنەی باڵا، میزانییەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ راپەڕاندنی کارەکانی قەرەبووکردنەوە لە نێو مادەی(١٤٠)دا، هەموو جارێک نەگەڕێینەوە بۆ وەزارەتی دارایی و دووبارە پێویست بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بکاتەوەو پەرلەمان بـڕەکـەی دەستنیشان بکات، ئەوەش زۆر ئاسانە بۆ زووتر راپەڕاندنی کارەکانی مادەی(١٤٠)، ئەو کارە کاریگەریی باشی دەبێت، هـەروەک چۆن بۆ دەستەی چارەسەرکردنی موڵکە کێشەلەسەرەکان ئەو میزانییەیە دابینکراوە، چونکە تەنیا بەو شێوەیە مـادەی(١٤٠)و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی چالاک دەبن.

خاڵێکی دیکە کە ئێمە پێشنیازمانکردووە بۆ نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ئەوەیە کە بەشێکی مـادەی(١٤٠) ناوی (دەستەی موڵکە کێشەلەسەرەکان)ە کە ئێمە (٣٦)هەزار داوای یاساییمان هەیە لەو بوارەدا، پێشتر گرووپەکەی (ئەحمەد بەراک، سەرۆکی دەستەی چارەسەرکردنی زەوییە کێشەلەسەرەکان) زۆر خاوە خاویان دەکردو یەکلاییکردنەوەی داوا یاساییەکانی کەرکوکیان وەڵام نەدەدایەوەو تەگەرەیان دەخستەبەردەم یەکلاییکردنەوەی موڵکە کێشەلەسەرەکان، بۆیە ئەمجارە داوامانکردووە کە کوردێکی کەرکوک ببێتە ئەندامی ئەو دەستەیە.

بۆ ئەو مەبەستە، لیژنەی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکانمان تێگەیاندووەو بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ چەند ئەندامێکدا کـردووە، بـۆئـەوەی لە گفتوگۆکاندا ئەو هەنگاوە عەمەلییانە بنرێن بۆ زیاتر کاراکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)، چونکە بەم دوو پێشنیازەی ئێمە، دەتوانین دڵنیابین لە کارابوونی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

**– ئـەگـەر بـەم شێوەیە مـــادەی(١٤٠) جێبەجێبکرێت و خەڵکانێک هەبن لە بەغدا تەگەرە بخەنە بەردەم هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی و رۆتیناتی کارەکانی بەم شێوەیەی ئێستا بێت، پێشبینی دەکەیت مادەکە بەچەند ساڵی دیکە جێبەجێبکرێت؟**

* ئەگەر بـەم شێوەیە کاربکرێت بۆ مـــادەی(١٤٠)، ئەوا بە (٥)ساڵی دیکەش لە قۆناغی قەرەبووکردنەوە رزگارمان نابێت، لەبەرئەوە دەبێت ئالیاتی چاکترو ئەکتیڤترو گونجاوتر بۆ مادەکە دەستنیشان بکرێت و هەموو لایەنەکان بهێنرێنە پێشەوە بۆئەوەی ئـەو مـادەیـە جێبەجێبکرێت، بەوپێیەی مـــادەی(١٤٠) چارەنووسسازە بۆ گەلی کوردو هەموو پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

**– کـەواتـە، تۆ بە باشی دەزانـیـت کە شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، راوێـژ بە ئێوە بکەن، بەرلەوەی دانوستاندن بکەن لەگەڵ پێکهاتەو لایەنە عێراقییەکان بۆ مادەی(١٤٠)؟**

* ئێمە گلەیی ئـەوە دەکـەیـن کە شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، بەرلەوەی بچنە بەغدا بۆ ئەنجامدانی دانوستاندن، چاویان بەخەڵکی شاری کەرکوک و ئەو بەرپرسانە نەکەوتووە کە رۆژانـــە مامەڵە لەگەڵ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)دا دەکەن و داوای راپۆرت و روونکردنەوەیان لێ نەکردووین، ئەوەش جێگەی داخە، دەبوایە لەگەڵ خەڵکی کەرکوک وتوێژیان بکردایە.

---

## تلانەوە


مەلا فەرمان دەینووسێت

سەفەربەلک، لافاوەکە، کولەکە، بەفرەکە، جەلالێکە، ئاشبەتاڵ، ئەنفال... تاد، ناوگەلێکن لە هەندێک ساڵ نراون و هەریەک گوزارشت لە کارەساتێک دەکات.

(١٩٦٣) یەکێکە لەو ساڵانەی بە زیاتر لە ناوێک ناوزەد کراوە: حەرەس قەومی، بەعسی و فەرهوود. ئەوانەی لەو سەردەمە هەراش بوون، چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر دەگێڕنەوە. فەرهوود لـەو باسـانـەن بـۆ دووەم جـار لە سەدەی بیستدا دوای برینی کەندووی ئـاردو شوقەلەت لەلایەن پیاوەکانی عوسمانییەوە کەوتنە سـەر زاری مرۆڤی کورد.

مەلا محەمەدی عەلی بەیان (عەلی بەیان، گوندێکە لە ناحیەی شوان)، لە (١٩٦٣) تازە لە زیارەتی ماڵی خودا گەڕابووەوە، لەو کاتە حاجییان جگە لە دیاری تەزبیح و دووربینی منداڵان و ئـاوی زەمـــزەم، دەسـتـێـک کـەواو سەڵتەیان لەگەڵ خۆ دەهـاورد، مەلا لەکاتی هاتنی فەرهوودچییەکان، ئەو جلانەی لەبەر دەبێت و بە قورئانێکەوە لێیان دەپاڕێتەوە تا گوندەکە تاڵان نەکەن، تاڵانکەرەکان رێز لە قورئان و مەلا ناگرن، مەڕو ماڵات و هەرچیان دەستدەکەوێت بە تاڵانی دەبەن، جوانیی کەواو سەڵتە سەرنجراکێش دەبێت، بۆیە مەلا بە دەرپێیەکی سپی سەرخەرمان و قورئانەوە بە جێدێڵن. دایکم وتی: «چش لە ماڵی دنیا، سەد شوکر مەلا نەبرایە نێو ئەو قەسابخانەیەی ساڵەیی و ژمارەی قوربانییان نەبووە (٤١) چلو یەک». کاتێک ئێمەش گەورەبووین لەو کەواو سەڵتەیە بێدەنگ نەبووین، دوای (١٩) ساڵ لەسەر ئەم بێدەنگییە، مەلا لە ژووری تاریک ئاخێندرا.

لە (٢٠٠٣) کەرکوکییەکان ویستیان بای باڵی خۆیان بدەن، هەناسەیەک هەڵکێشن و بڵێن «ئۆخەی فەرهوود نەما». مەخابن!، هێشتا باڵەکان زۆر رانەکشابوون، هەناسە درێژیی خۆی وەرنەگرتبوو، شار شڵەژا، لەجیاتی راوە بـەعـس، لـەسـەر دیـوارەکـان نووسرا ئەم خانووە بۆ فلانە کەس گیراوە، بەسەر شانیانەوە کورسی و سـەلاجـەو دەرگـای شکاو دەبینرا، هەزاران تەن شیش دیار نەما، دەرگای دائـیـرەو قوتابخانەکان شکێنران و هەموو بارکران و بەرەوخوارو ژوور بەرێکران، زۆر کاری تر ئەنجامدرا، وتیان «دەی رۆژی باران قوڕاوەو هەر دەبێت ئێمەش کەوامان قوڕاویی بێت، کە باران نەما قوڕاو نامێنێت».

رۆژگـــار هـــات و چـــوو، قـــوڕی کەرکوک شلتر بووەوە، لە بەشکردنی قیرو چیمەنتۆ رێکنەکەوتن، لەسەر ئاغایەتی شار تائێستاش هەریەک لەسەر کێوێکن، زۆریان بوون بە خاوەن پاڵاوگەی نەوت، بەنزینخانە، باڵەخانەی بەرز و گەورە، ئێستاش لەبەر ژینگەی دووکەڵاویی شار، لە دەرەوەی شار خەریکن.

(٣٥) سـاڵ فـەرهـوودی ئـەوان درێژەی کێشا، حەوت ساڵیشە وەک گۆڕانگارییەکانی دنیا ئەو فەرهووده نوێدەکەینەوەو گەورەتری دەکەین: دەکـوژیـن، دەبـڕیـن و دەرفێنین، لەپاڵ گەڕەکێکی خۆماڵیدا گـەراج دروستدەکەین، وەک بۆڕییەکانی ناو بیابانی خـواروی وڵات، لەناو ئەو گەراجەدا لەجیاتی کـاری فیتەریی، بۆڕی نەوتی باباگوڕگوڕ کوندەکرێت و زێـڕی رەش دەدزرێـــت و ئاودیو دەکرێت، دزیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت.

ئەمانە دەیانەوێت بە رۆژی رووناک شارو بابا بە دەردی کەواو سەڵتەکەی مەلا ببەن، لەبەر تایبەتمەندیی کەرکوک و وەزعی نەتەوەییش داوای چاوپۆشین و بێدەنگیی دەکـەن، بەڵام ئاخۆ ئەهلی شار بە لێدانەوەی ئەم قەوانە کۆنە فریو دەخۆن، بڕوا دەکەن و سەر دادەخەن، تا شار بە دەردی کەوا بچێت!.

«ئەوەی ئێستا لە عێراقدا هەیە تەوافوق نییە، ململانێیە لەسەر دەسەڵات» 10

### هەرێم (٤٦) ترلیۆنی لە بەغدا وەرگرتووە

# چاودێران بە پێویستی دەزانن حکومەتی هەرێم پاشەکەوتی دارایی هەبێت

**ڕاپۆرتی: چاوان عەلی**

بە بڕوای پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی ئابووریی، نەبوونی هیچ پاشەکەوتێکی دارایی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئایندەی هەرێم دەخاتە مەترسییەوە.

لەماوەی (٧)ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی (٤٦) ترلیۆن‌و (٥٨٥) ملیار‌و (٨٢٢) ملیۆن دیناری، جگە لە بودجەی تەواوکاریی لە حکومەتی عێراقی وەرگرتووە: (بودجەی ساڵی (٢٠٠٤)ی هەرێم (٢) ترلیۆن‌و (٧٩٢) ملیار دینار، بودجەی ساڵی (٢٠٠٥) (٣) ترلیۆن‌و (٧٤٩) ملیار دینار، بودجەی ساڵی (٢٠٠٦) (٤) ترلیۆن‌و (٢٧٣) ملیار دینار، بودجەی ساڵی (٢٠٠٧) (٧) ترلیۆن‌و (٨٤٧) ملیار‌و (٦٦٠) ملیۆن دینار، بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) (٧) ترلیۆن‌و (٦٢٨) ملیار‌و (٧٨٣) ملیۆن دینار، بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) (٨) ترلیۆن‌و (٨٥٧) ملیار‌و (٢٦٣) ملیۆن دینار، بودجەی ساڵی (٢٠١٠) (١١) ترلیۆن (٤٣٢) ملیار‌و (١٧٦) ملیۆن دینار).

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم (٧) ساڵە زیاتر لە (٤٦) ترلیۆنی وەک بودجە لە بەغدا وەرگرتووە، بەڵام تائێستا جگە لەو داهاتە زۆرەو دەسکەوتنی داهاتێکی زۆر لەفرۆشتنی نەوت‌و باجە ناوخۆییەکان، هیچ پاشەکەوتێکی نییە.

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «حکومەتی هەرێم، ستراتیژی مامەڵەکردنی لەگەڵ پارەدا نییە، وەزارەتی دارایی‌و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی، هەموو ئەرکەکەیان بووە بە چۆنێتیی سەرفکردنی ئەو (١٧٪)یە، نەک دانانی پلان‌و ستراتیژ بۆ پاشەکەوتکردنی بڕێک پارەو سوودوەرگرتن لە داهاتەکان»، وتیشی: گفتوگۆکانی پەرلەمانیش لەسەر میزانییە، تەنیا گفتوگۆکردنن لەسەر سلفەیەک کە لەبەغداوە بۆمان دێت، ئەمەش عەقڵییەتێکی زۆر خراپەو ئایندەی هەرێم دەخاتە مەترسییەوە.

بێخەمیی حکومەت‌و نەبوونی پلانێکی دارایی تۆکمە، لە کاتێکدایە کە بە وتەی شارەزایانی بواری ئابووریی، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی هەرێم بۆ قەیرانی ئابووریی زۆر لە ئارادایە. سەروەر محەمەد عەبدوڵڵا، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی کە ماستەری هەیە لە ئابووریی سیاسیدا، پێیوایە: لە ئێستادا حکومەتی هەرێم شێوازی پشتبەستن بە مووچە پەیڕەودەکات، بەو واتایەی هەموو خەڵکی هەرێم پشتیان بە مووچەو حکومەت بەستووەو لایەنی پیشەسازی‌وکشتوکاڵ پشتگوێخراون، ئەمەش وادەکات کە ئەگەری ڕوودانی بومەلەرزەی ئابووریی لە کوردستان بە دوورنەزانرێت، کە بەداخەوە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ ناکرێت لەلایەن حکومەتەوە.

لە ئێستادا، وەزارەتی دارایی هەرێمیش، دان بەوەدا دەنێت، کە هیچ پاشەکەوتێکی دارایی نییە، ئەمەش لە وتەکانی بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم، کە بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی پێدا، ڕووندەبێتەوە، کاتێک دان بەوەدا دەنێت: حکومەتی هەرێم پاشەکەوتی دارایی نییەو پاشەکەوت لەچی بکات، کاتێک بە پێی یاسا، ئەو داهاتانەی لە باج‌و گومرگ‌و داهاتەکانی دیکە هەیەتی، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ناوەندو تەنها ئەوداهاتەمان هەیە کە بودجەکەیەو لە حکومەتی عێراقییەوە وەک بەشی هەرێم وەریدەگرین.

ئەم بیانوەی وەزارەتی دارایی هەرێم بەوەی کە ناتوانێت داهاتی هەبێت، چونکە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەند، چەند لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت، لەلایەک ئەندامەکەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، باس لەوەدەکات، کە بۆ ئەوە پێویستە شێوازی پەیوەندیی نێوان وەزارەتی دارایی هەرێم‌و وەزارەتی دارایی عێراق بگۆڕدرێت‌و وا بکرێت کە مەسەلەی فیدراڵی تەنیا ڕێگەدان نەبێت بە بوونی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەت، بەڵکو لە ڕووی مادییەوە سەربەخۆبکرێین، بەجۆرێک داهاتەکان هەموویان نەچنەوە بۆ بەغداو داهاتی جۆراوجۆریش هەبن کە بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم بەکاربێن.

بەڵام، سەروەر محەمەد، کە هاوکات مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانییە، لەو بڕوایەدا بوو کە هەرێم لە شیرینیی گرێبەستە نەوتییەکان‌و داهاتی وەبەرهێنان، دەتوانێت پاشەکەوت بکات، نەک ئەو (١٧٪)یەی حکومەتی عێراق وەک سلفە دەیداتێ.

بە بۆچوونی مامۆستاکەی زانکۆ، تائێستا حکومەتی هەرێم، (٨)ملیار دۆلاری لە شیرینیی نەوت هەیە، کە بەرامبەرە بە بودجەی (١) ساڵی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەو شارەزایە، دەڵێت: «من وەک ئەکادیمییەک، لە حکومەت دەپرسم کە داهاتی شیرینیی گرێبەستە نەوتییەکانی ساڵانی دیکە کوان؟ کە دڵنیام، پەرلەمانتارانیش وەڵامیان لا نییە».

بە ڕای چاودێران، نەبوونی پاشەکەوتێکی دارایی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، مەترسیدارە، بەتایبەت لە ئەگەری تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەرێم‌و بەغداو ئەگەری ڕوودانی کارەساتێکی سروشتیی بەسەر هەرێمدا.

چاوەڕوانکردنی ڕەحمەتی وەزارەتی دارایی عێراقیش لە کاتێکدایە کە مامەڵەکردنی ئەو وەزارەتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەمان ئەو مامەڵەیەیە کە لەگەڵ هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراقدا دەیکات‌و حسابی پارێزگایەک بۆ هەرێم دەکەن، لەمبارەیەوە بایز تاڵەبانی، لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، ڕەخنەی ئەوەی لە حکومەتی عێراقی هەبوو کە لە کاتی گفتوگۆو دانانی بودجەی عێراقدا، بە هیچ شێوەیەک ڕای وەزارەتی دارایی هەرێم وەرناگیرێت، کە پێویستە بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی دارایی حکومەت‌و وەزارەتی دارایی هەرێم دابنرێت.

بەپێی دەستووری عێراق هەموو سامان‌و داهاتەکانی پارێزگاو هەرێمەکان دەچێتەوە بەغداو ئەو پارەیەی کە بۆ هەرێم سەرفدەکرێت ١٧٪ی دیوانی چاودێری دارایی عێراق وردبینی بۆ دەکات‌و دەبێت بۆ دانیشتووانەکەی خەرجبکرێت‌و ئەوەی کە دەمێنێتەوە دەچێتەوە بەغدا.

# هاوڵاتییان‌و چاودێران ڕەخنە لە پەرلەمانتارانی گۆڕان دەگرن

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

هاوڵاتییان و چاودێران ڕەخنە لە ئەدای فراکسیۆنی گۆڕان دەگرن‌و پێیانوایە: چەند مانگێکە سستن‌و خەریکە لەوبەرنامە سیاسییە لادەدەن کە پێشتر لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنیان بە هاوڵاتییان دابوو، هەروەها نەریتی چوونە ناو خەڵکو ناوچەکانیان وەلاوەناوە، ئەندامانی فراکسیۆنەکەش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن.

**فراکسیۆنەکە لە ئاست داواکاریی خەڵکدا نەبووە**

پەرلەمانتارانی گۆڕان لە سەرەتای چوونە ناو پەرلەماندا ڕۆژانە سەردانی خەڵکو شوێنە گشتییەکان‌و ناوچەکانی کوردستانیان دەکردو بەتەنگ خەمی خەڵکەوە بوون، بەڵام ماوەیەکە ئەو سەردانیکردنانە نابینرێت‌و ئەمەش دووبارە بە سستیی لە کارەکانیاندا هەژماردەکرێت.

ناسک حەسەن، (٢٨)ساڵ، کە خوێندکاری خوێندنی باڵاو دانیشتووی شاری سلێمانییە، پێیوابوو: بەهۆی ئەو سەردانانەی پەرلەمانتارانی گۆڕانەوە چەندین کێشەو داخوازیی خەڵک گەیشتووەتە پەرلەمان، «بەڵام ماوەیەکی زۆرە پەرلەمانتارانی گۆڕان ئەو نەریتە جوانەیان لەبیرکردووەو کێشەکانی خەڵکیان لەبیرکردووە، کە ئەمە جێگەی داخە بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە بە دەنگی ئەو خەڵکە چوونەتە پەرلەمان، هەربۆیە پێویستە پەرلەمانتارانی گۆڕان شەڕی مەدەنی‌و پەرلەمانیی لەگەڵ سەرجەم لەمپەرو ڕێگرییەکان بکەن، جا هەرکەسێک بێت، ئەمەش لەپێناوی بەجێگەیاندنی داواکارییەکانی خەڵکو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکیان داوە.

**هەماهەنگییان نییە**

بۆچوونێک هەیە لەسەر ئەوەی کە سست بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمانتارانی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ئەندامانی ئەو فراکسیۆنەداو بۆچوونەکە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە دابەشبوون لەنێوانیاندا هەیە.

محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، هەستی بە سستیی لە کارەکانی فراکسیۆنی گۆڕاندا کردووەو وای دەبینێت، کە هەماهەنگی لەناو فراکسیۆنەکەدا نییە، بەتایبەت لەو پلانانەی کە دایدەنێن، وتیشی: «دابەشبوونێک دەبینرێت لەناو فراکسیۆنەکەدا، لەکاتێکدا کە پێویستبوو پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەهێزبێت‌و هەموویان پەیوەست بن بە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو پەیوەستبوونە نابینرێت».

هاوکات نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، وتی: «هەموو کەسێک کە سەرەتا هاندەدرێت ئیشی جدیی دەکات‌و پەلە لە کارەکانیدا دەکات‌و وادەزانێت کە ئیشەکە ئاسانەو ڕێگەی بۆ چۆڵکراوە، بەڵام نازانێت کە ئەمە چەند تەگەرە هەیە لە بەردەمیدا، هەربۆیە کە دواتر هەندێک بەربەست دێنەڕێی تووشی سەدمە دەبێت، کە بە بڕوای من بەربەستی بەردەم ئەوان ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاساکانیان بوو، بەڵام دەبێت ئەوان بە پشوودرێژیی کاربکەن، ئەگەر ئەمڕۆ ئیشێک نەکراوە واتای ئەوە نییە کە ئیتر ناتوانن ئەو ئیشە بکەن».




پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستاندا
فۆتۆ: ڕۆژنامە

**سستبوون، ریسەکە دەکاتەوە بە خوری**

ئەو بەرنامەیەی کە گۆڕان بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٧/٢٥) دایینابوو، هۆکارێک بوو بۆئەوەی نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە کوردستان دەنگی پێبدات‌و (٢٥) پەرلەمانتاری چوونە پەرلەمانی کوردستان، لەدوای چوونە پەرلەمان، خەڵک چاوەڕێی بەجێگەیاندنی ئەو بەرنامەیەیان لێدەکات، بەڵام بەدوادانەچوون بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێشکەشیان کردووە، زیان بە متمانەیان لای دەنگدەرەکانیان دەگەیەنێت.

عەبدوڵڵا ڕێشاوی، ڕۆژنامەنووس، هیواخوازە ئەو سستبوونەی کە ئێستا پەرلەمانتارانی گۆڕان پیادەی دەکەن کاتیی بێت‌و کۆتایی هەبێت، چونکە خەڵک بەوشێوەیە لێیان قبووڵ ناکات‌و دوور نییە «ریسەکەیان ببێتەوە بە خوری، چونکە ئەوان بە بەڵێنی زۆر گەورەوە چوونەتە پەرلەمان».

ئەو ڕۆژنامەنووسە بە پێویستی دەزانێت پەرلەمانتارانی گۆڕان بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانە بکەن کە پێشکەشیان کردووەو ناخرێنە بەرنامەوە، هاوکات بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەش بکەن کە ڕەتدەکرێنەوە، وتیشی: «نابێت ئەوان وابیربکەنەوە کە کاریان تەنیا پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەو دواتر ئەستۆی پرۆژەکان لە ملی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، نەخێر بەڵکو لەکاتی دواکەوتن یان ڕەتکردنەوەیدا دەبێت بەدوایدا بڕۆن‌و هەڵوێستیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر کار بگاتە موقاتەعەکردنی پەرلەمانی، چونکە ناکرێت وابزانن بە پێشکەشکردنی پرۆژەکەو باسکردنی لە ڕاگەیاندندا هەموو شتێکیان کردووەو لە ڕووی جەماوەرییەوە دەتوانن حکومەت‌و دەسەڵات تاوانبار بکەن، لە ڕەتکردنەوەی پرۆژەکاندا لیستی دەسەڵات تاوانبارە، بەڵام ئەمانیش بێتاوان نین لە بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانیان».

**دان بە سستبوونیاندا دەنێن**

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، دان بە سستبوونیاندا دەنێت‌و سەرجەم ئەو باس‌و خواسانە ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندیی بە سستبوونی فراکسیۆنەکەیانەوە هەیە.

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات: هەموو تیمێک بە فراکسیۆنەکەی ئەوانیشەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری خۆی پێویستی بە بەدواداچوون هەیە بۆ ئەو بەرنامەیەی هەیەتی، کە ئایا تا چەند جێبەجێدەکرێت، چەند ناکرێت‌و بۆچی ناکرێت؟ وتیشی: «ئێمە بۆ ئەو مەبەستە پلانێکی ستراتیژیمان هەیە بۆ ئەو چوار ساڵە».

ئەو پەرلەمانتارە بە پێویستی دەزانێت بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانیان، لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، هەروەک وتی: «نەریتی سەربەخۆیی پاراستن کە لای ئێمە زاڵە، جۆرێک لە کەمتەرخەمیی دروستکردووە، بەجۆرێک بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەندە سەربەخۆیی داوەتە فراکسیۆنەکە لێپرسینەوەی لە کارەکانی پشتگوێخستووە، لەکاتێکدا پێویستە ئەو بزووتنەوەیە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆی یان بەرنامەی خۆی ئاگای لە فراکسیۆنەکە بێت، کە بەشێکە لە بزووتنەوەکە، ڕاستە من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە هەیمەنەی حیزب وەک حیزبە تەقلیدییەکان بێتەوە ناو فراکسیۆنەکەمان، بەڵام تا ئەو جێگەیە سەربەخۆم کە پەیامی بزووتنەوەکەو بەرنامەی بزووتنەوەکەو متمانە بە دەنگدەرەکە دەپارێزرێت، دەنا هەقی لێپرسینەوەمان هەیە، کە ئەم لێپیچینەوەیە بە کەمیی دەبینم لە گۆڕاندا».

ئەو پەرلەمانتارە ئەوە دەخاتەڕوو، کە فراکسیۆنەکە بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی خۆی، بەڵام دان بەوەشدا دەنێت، کە نەریتی بە بەدیل دانانی قسە لەجێی کار لە کوردستاندا فراکسیۆنەکەی ئەوانیشی گرتووەتەوە، «لای ئێمە ئەوەندەی بە قسەو بە ڕاگەیاندن تەعبیر لە پرۆژەکانمان دەکەین، ئەوەندە ئەنجامی نادەین، بەلای منەوە دەبێت پرسیار بکەین لەوەی کە ئەنجام چییە؟، ئایا کە ئەم قسانە دەکەین هەر بۆ ئەوەیە کە لە ڕاگەیاندندا ڕەخنە بگرین‌و قارەمانێتی بنوێنین، بێگومان نەخێر، بەڵام بەداخەوە کەئەوە لای ئێمە زاڵە».

سەبارەت بە پشتگوێخستنی نەریتی چوونە ناو خەڵکو هاوخەمیی بۆ هاوڵاتییان، کاردۆ وتی: «پێویستە ئەوە لە تاک بە تاکی پەرلەمانتارانی گۆڕان بپرسیت، بەڵام من شەخسی خۆم بە کەموکووڕیی‌و گرفتی تێدەگەم».

# نازانرێت لە بەغدا چی دەگوزەرێت!

## بایدن زۆر لە کورد دەکات، شیعەکان رێکناکەون، سەرۆک کۆمار نادیارە

رۆژنامە

لیستە سیاسییەکانی عێراق لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان رێکنەکەوتوون‌و «بایدنیش داوای لە سەرکردایەتی کورد کردووە سازش لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار بکەن، پسپۆڕێکی یاساییش بەکراوەیی هێشتنەوەی دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکە کاتییەکەیەوە بە نادەستووریی دەزانێت، هاوکات پەرلەمانتارێکی شیعە ئاماژە بە بە جۆرێک لە پەشیمانبوونەوەی کورد دەکات لە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لیستەکەیان.



بەپێی مادەی (٧٢)ی دەستووری عێراق پێویستە سەرۆک کۆمار لە پاش (٣٠) رۆژ لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان هەڵبژێردرێت‌و ئەمرۆ (١٣) مانگ ئەو (٣٠) رۆژە کۆتایی هاتووە، تائێستا لایەنە سیاسییەکان لەسەر یەکلاییکردنەوەی پۆستە سیادییەکان رێکنەکەوتوون‌و هەر یەک لە ئیئتیلافی نیشتمانی‌و لیستی عێراقییەش هەڕەشەی ئەوەیان کردووە، کە ئەگەر لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان (سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان) رێکەوتن نەبێت، بەشداریی دانیشتنەکەی پەرلەمان ناکەن، ئەگەر ئەمڕۆ ئەنجام بدرێت.

محەمەد بەیاتی، ئەندامی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا رێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان نەکراوەو سەبارەت بە لێکنزیکبوونەوەی مالیکی‌و عەلاویش بەیاتی، وتی: «هەمان دەرئەنجامی رێکنەکەوتنی ئێمەش لەگەڵ مالیکی‌و لەگەڵ عەلاویدا دووبارە دەبێتەوە «ئەمە لە کاتێکدایە کە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی نووسراوێکی رەسمیی ئاراستەی لیستی دەوڵەتی یاسا کردووەو تیایدا مالیکی وەک پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران رەتکردووەتەوەو داوا دەکات کە کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران بپاڵێون، بەڵام وەڵام نەدراونەتەوە، سەرچاوەیەکی نزیکیش لە لیستی عێراقییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەمیانەی دانوستانەکانیان لەگەڵ لیستەکەی مالیکیدا پۆستی سەرۆک وەزیرانیان بە هێڵی سوور داناوە، کە دەبێت تەنیا بۆ عەلاوی بێت».

ئەمە لە کاتێکدایە، کە بەپێی راپۆرتە هەواڵێک کە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی دوێنێیدا بڵاویکردووەتەوە، ئەگەر هەیە پۆستەکانی سەرۆک وەزیران‌و سەرۆک کۆمار لەنێوان عەلاوی‌و مالیکدا دابەشبکرێت، بەمەرجێک دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار زیادبکرێت، بەمەش کورد بێبەش دەبێت لە پۆستی سەرۆک کۆمار، هاوکات لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی نینا، عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق رایگەیاند: «لەمیانەی سەدرانەکەیدا بۆ عێراق جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا داوای لە سەرکردایەتی کورد کردووە، کە دەستبەرداری پۆستی سەرۆک کۆمار بێت‌و سازش بۆ لایەنەکانی تر بکەن».

هاوکات محەمەد بەیاتی، ئاماژەی بەوەدا: «پێشتر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بەڵێنی ئەوەیان داوە لەگەڵ دوو لیستە شیعەکەدا هاوپەیمانیی ببەستن، بەڵام وادیارە بە پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسەکانیانەوە هێشتا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە».

ئەنجامنەدانی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان، یان بە کراوەیی هێشتنەوەی بە بڕوای پسپۆڕێکی یاسایی کێشەی دەستووریی دروستدەکات.

ئەحمەدشەبەک، یاساناس‌و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: کە ئەنجامنەدان، یان بە کراوەیی هێشتنەوەی دانیشتنی پەرلەمان دژ بە دەستوورەو روونیشیکردەوە، کە لە دانیشتنی یەکەمیشدا کە لەلایەن د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کاتیی پەرلەمانەوە دانیشتنەکە بەکراوەیی هێڵرایەوە، نایاسایی بووەو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرۆکی کاتیی مافی بەکراوەیی هێشتنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی نییەو تەنیا بۆی هەیە سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتن بکات، تیایدا سەرۆک‌و جێگرانی پەرلەمان هەڵدەبژێردێت».


# بە هەرێمکردنی بەسرە سەرهەڵدەداتەوە

## پەرلەمانتارێکی بەسرە: «ئەزموونی هەرێمی کوردستان خەڵکی بەسرەی لە فیدراڵیی ساردکردەوە»

هەستیار قادر، کاروان عومەر

هەوڵەکانی پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی بەسرە زیندووەدکرێتەوەو خاوەنی یەکەم بیرۆکەی بە هەرێمکردنی شارەکەش ئاماژە بەوە دەکات: ئەزموونی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، خەڵکی بەسرەی لە فیدراڵیی ساردکردووەتەوە. پەرلەمانتارێکی پێشووی کوردیش دەڵێت: «پشتگیرینەکردنی بە هەرێمکردنی بەسرە لەلایەن کوردەوە، کورتبینی بووە».




وائل عەبدوللەتیف


جابر عەنین جابر

پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بانگەشەکارانی بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرە نەیانتوانی دەنگی پێویستی ریفراندۆمی جەماوەری ئەو شارە بۆ بە هەرێمکردنی بەسرە کۆبکەنەوە، ماوەی چەند هەفتەیەکە ئەو هەوڵانە سەریهەڵداوەتەوەو لەلایەن بەرپرسانی ئەو پارێزگایەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

جەبارعەنین جابر، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، کە بۆ دووەمجار بیرۆکەی بە هەرێمکردنی بەسرەی خستووەتەوەگەڕ، ئاماژە بەوە دەکات: مادەی (١١٩)ی دەستووری عێراق رێگا دەدات بە پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا، هەر پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە ببێت بە هەرێمێکی فیدراڵیی‌و هەر هەرێمێکی فیدراڵیش مافی ئەوەی هەیە خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبێت وەکو دەسەڵاتی دارایی‌و یاسادانان‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمی بەسرە لەسەر بنەمای پارێزگا دروستدەبێت، نەک لەسەر بنەمای جوگرافی‌و نەتەوەیی‌و تایەفەگەریی، بەسرە فرە مەزهەب‌و ئایینەو کراوەیە بە رووی جیهان لە رێگای بەندەرەکانەوەو مێژوویەکی کۆنیشی هەیە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆئەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان بەسرەو پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

ئاشکراشیکرد: پاش پێکهێنانی هەرێمی بەسرە تاووتوێی پرسی پێکهێنانی چەند پارێزگایەک دەکەن لە چوارچێوەی ئەو هەرێمە، واتە هەندێک لە قەزاکان بکرێت بە پارێزگا.

پارێزگای بەسرە دووەم گرنگترین پارێزگای عێراقە لە پاش بەغداو یەکێکە لە شارە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو، ئەمە جگە لەوەی دووەم پارێزگای عێراقە لە رووی دانیشتووانەوە، کە دەگاتە زیاد لە (٣) ملیۆن‌و (٨٠٠) هەزار کەس‌و سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ عەرەبستانی سعودی‌و کوەیت‌و ئێران‌و بەشێک لە سنووری کراوەشی لەسەر کەنداوی عەرەبی هەیەو رووبەری بەسرەش زیاد لە (١٩) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

بەسرە یەکێکە لە شارە مێژووییەکان، کە دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامیی‌و لەو کاتەوە وەکو سەنتەرێکی بازرگانی‌و سیاسیی ناسراوە، تا سەردەمی پادشایەتی عێراق ویلایەتێک بووە کە سەرجەم پارێزگاکانی باشووری عێراقی لەخۆگرتبوو، بە ناوی ویلایەتی بەسرە.

سوودوەرگرتن لە ئەزموونی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان، وەک یەکەم هەرێمی نوێی فیدراڵیی لە چوارچێوەی عێراقدا، کاردانەوەی دیاری لەلای بانگەشەکارانی بە هەرێمکردنی بەسرە دروستکردووە، جابر عەنین جابر، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، ئاماژەی بەوەدا: ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌وئەوپێشکەوتنەی‌کەبەدەستیهێناوە لە سەرجەم بوارەکاندا، بووەتە هاندەرێک بۆ ئەوەی هەرێمی بەسرە هەنگاوی هاوشێوە بنێت، وتیشی: «ئەزموونی هەرێمی کوردستان نموونەی باشەو دەبێت سەرجەم پارێزگاکان هەنگاوی هاوشێوە بنێن‌و داوای هەرێمی فیدراڵیی بکەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی بەرفراوان‌و توانای ئەوەیان هەبێت کارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن».

بەڵام وائیل عەبدوللەتیف، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی، کە یەکەم کەس بوو داوای بە هەرێمکردنی بەسرەی کرد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئەزموونی هەرێمی کوردستان کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر داواکارییەکانیان بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرە، «چونکە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە مەترسیی ئەوەیان لا دروستبووە کە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و ناوەند، کە بەهۆی زیادەڕەویی هەرێمی کوردستان دروستبووە، دووبارە لەنێوان بەسرەو ناوەند دروستببێتەوە، ئەمەش ترسی لای هاوڵاتییان لە فیدراڵییەت دروستکرد».

هاوکات پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، وتی: «بەداخەوە نەمانتوانی نموونەیەکی جوان پیشانبدەین، بەهۆی گرێبەستە نەوتییەکان‌و چەندکێشەیەکی دیکەوە زۆر کێشەمان دروستکرد».

ساڵی (٢٠٠٩) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بنکەی خۆی لە پارێزگای بەسرە کردەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئیمزای (١٣٠) هەزار هاوڵاتی ئەو شارە، کە مافی دەنگدانیان هەیە تا دواتر لەماوەی سێ مانگدا کۆمسیۆنی ناوبراو ریفراندۆم لەسەر بە هەرێمکردنی ئەو پارێزگایە ئەنجام بدات، بەڵام تەنیا (٣٧) هەزار ئیمزا بۆ پشتگیریکردنی ئەو پرۆژەیە کۆکرایەوە.

جیاوازی ئەم هەوڵە نوێیەی بەهەرێمکردنی بەسرە لەگەڵ هەوڵی ساڵی رابردوو لەوەدایە، کە پارتە سیاسییە ئایینی‌و عەلمانییەکانی ئەو شارە کە پێشتر لەدژی بە هەرێمکردنی بەسرە بوون، ئێستا پشتگیریی دەکەن، بەتایبەت پارتە ئایینییەکان، لەو بارەیەوە وائیل عەبدوللەتیف تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە هەوڵی رابردوودا بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرە سەرجەم پارتە ئایینی‌و عەلمانی‌و لیبراڵەکان دژایەتی ئەو بیرۆکەیەیان دەکردو تەنیا بێلایەنەکانی ئەو پارێزگایە، کە ژمارەیان (٣٧) هەزار کەس بووە لایەنگری ئەو بیرۆکەیە بوون، بەڵام لەئێستادا ئەو بیرۆکەیە لەلایەن پارتە ئایینییەکانەوە سەریهەڵداوە».

هەوڵەکانی پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی بەسرە لە پاش ئەوە کاری بۆ کرا، کە لەساڵی (٢٠٠٨)دا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای پێکهێنانی هەرێمەکانی دەرکرد، بەڵام لەکاتی هەوڵەکانی بە هەرێمکردنی بەسرەدا گوتاری سیاسیی کورد ئەوکات جۆرێک لە بێدەنگیی هەڵبژارد بەرامبەر بەو هەنگاوە، لەکاتێکدا چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە: دەبوو کورد پشتگیریی لەو هەنگاوە بکردایە تا عێراق ببێتە دەوڵەتێکی چەند هەرێمی فیدراڵیی.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پێشووی لیژنەی هەرێم‌و پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کاتێک ئەو یاسایە دەرکرا، حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بە گوشاری ئێران پاشەکشەیان لێکرد، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش بە هەمانشێوە پاشەکشەی لەو بیرۆکەیە کردو پشتگیریيان نەکرد، وتیشی: «لە رووی ستراتیژییەوە دروستکردنی هەرێم لە عێراقدا زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە عێراق دەکاتە سیستمێکی فیدراڵیی‌و جارێکی دیکەش مەترسیی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان نامێنێت».

پێیوابوو: پشتگیرینەکردنی هەوڵەکانی بە هەرێمکردنی بەسرە لەلایەن کوردەوە کورتبینی بووە».

> «بەداخەوە نەمانتوانی نموونەیەکی جوان پیشانبدەین، بەهۆی گرێبەستە نەوتییەکان‌و چەند مەسەلەیەکی دیکەوە زۆر کێشەمان دروستکرد»

نابوکۆ چییە، چۆن هەرێمی کوردستان سوود لە پرۆژەیەکی گرنگی گازی جیهانیی وەردەگرێت؟ 12

# قاسم داود، بۆ ڕۆژنامە: ئەوەی ئێستا لە عێراقدا هەیە تەوافوق نییە، ململانێیە لەسەر دەسەڵات

هەستیار قادر

قاسم داود، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی حوکم پێیوایە: ئەوەی ئێستا لە عێراقدا بەدی دەکرێت تەوافوقی سیاسییو دانوستاندنی پرۆفیشناڵ نییە، بەڵکو ململانێیە لەسەر دەسەڵات.

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا قاسم داود، کە لە هەردوو خولی پێشووی پەرلەماندا لەسەر لیستی ئیئتیلاف پەرلەمانتار بووە، ئاماژە بەوە دەکات: کە هەندێک لایەن هەلپەرستانە مەبدەئی تەوافوق بەکاردەهێنن، بەڵام ناکرێت لەئێستادا ئەو مەبدەئە پەراوێز بخەین چونکە بەرپرسیارێتی دەوڵەتیش دەشێوێنێتو دەشڵێت: «هەرکاتێک بگرەو بەردەی تایفیو ئیتنی لە عێراقدا نەما، دەتوانین واز لە تەوافوق بهێنینو باس لە زۆرینەو کەمینەی سیاسیی بکەین».

گرفتی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقی لە ئێستادا باڵی بەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵاتـدا کـێـشـاوەو دانـوسـتـانو گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانیش دەرئەنجامێکی فیعلی ئەو تۆی نییە، کە ڕابگەیەنرێت، لێرەشەوە پرسیار لەسەر ڕۆڵی مەبدەئی تەوافوقی سیاسیی دەکرێت، کە لە عێراقی فرە نەتەوەییو مەزهەبیو ئاییندا، کە چی ڕۆڵێکی بینیوە؟ قاسم داود، ئەندامی ئەنجومەنی حوکمو هـەردوو خولەکەی پێشتری پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلاف پێیوایە: کێشەکە لە چوارچێوەی مەبدئی تەوافوقو دانوستاندنی سیاسیی پرۆفیشناڵ تێپەڕیوەو بووەتە ململانێ لەسەر دەسەڵاتو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کار گەیشتووەتە ئەوەی بەرژەوەندیی هاوڵاتییانی عێراق دواخراوە، هۆکاری ئەمەش ڕکەبەرییە کەسییەکانە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، کە ئامادەنین واز



قاسم داود

لە پۆستەکانیان بهێنن»

کارکردن بە مەبدەئی تەوافوقی سیاسیی لە وڵاتە فرە ڕەنگەکاندا وەک چارەسەرێکی گونجاوی کێشەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام تێڕوانینێک لە عێراقدا دروست بووە پێیوایە: لە عێراقدا تەوافوق بووەتە بەشێک لە کێشەکان، نەک چارەسەری ئەو کێشانە، لەوبارەیەوە قاسم داود، پێیوایە: تا ئەو کاتەی بگرەو بـەردەی تائیفیو ئیتنی لە عێراقدا هەبێت، بە ناچاریی دەبێت پەناببرێت بۆ تەوافوقی سیاسیی، کاتێکیش لە بارودۆخێکی سروشتیشدا بەبوونی پـارتو ڕەوتـی سیاسییدا ئەو کێشە تائیفیانە تێدەپەڕێنین، ئەوکات دەتوانین باس لە زۆرینەو کەمینەی



سیاسیی بکەینو وتیشی: «ناکرێت لەئێستادا تەوافوق پـەراوێـز بخەین، چونکە بەبێ ئەو مەبدەئە بەرپرسیارێتی دەوڵەتیش بەرپرسیارێتییەکی شێواو دەبێت».

چەمکی تەوافوقی سیاسیی وەک زۆربەی چەمکە سیاسییەکانی تر لەگەڵ گواستنەوەیدا بۆ عێراق شێوێندراوەو دەوتـرێـت، ئەو لایەنانەی لە هەڵبژارنەکاندا دەدۆڕێـن، خۆیان بە چەمکی تەوافوقەوە هەڵدەواسن تا لەپێدانی پۆستدا پەراوێز نەخرێنو ئەوانەش کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون بانگەشە بۆ چەمکی زۆرینەی پەرلەمانییو سیاسیی دەکەنو ئەم چەمکە بەپێی بەرژەوەندییە حیزبییەکان بەکاردەهێنرێت.

قاسم داود، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: کە پێویستە سیاسییەکانی عێراق دان بەوەدا بنێن، کە عێراق هێشتا بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەبێتو بونیادی دەوڵەتێکی نوێ بەتەواوی نەچەسپاوە، وتیشی: «چاودێرانی سیاسییو ڕاگەیاندنەکانیش دەتوانن ئەوە جیابکەنەوە، کە کام لایـەن بانگەشە بۆ تەوافوق دەکاتو دەیکاتە ڕووپۆشی خۆیو ئەوانەش کە بە فیعلی کار بە مەبدەئی تەوافوق دەکەنو هەندێک هەیە کە مەبدەئی تەوافوق هەلپەرستانە بەکاردەهێنن».

مەبدەئی تەوافوق لە عێراقدا هەمیشە دەبەسترێتەوە بە ئاستی بەشداریکردنی نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکان لە حکومەتدا، ئەمە لە کاتێکدایە لە ئێستادا بیرۆکەی زۆرینەی سیاسیی لە عێراقدا سەریهەڵداوەو حکومەتی هاوپشکیو بنکەفراوانیش باسی لێوە دەکرێتو ئەگەر هەیە دابەشکردنی پۆستەکان بە غیابی کارنەکردن بە مەبدەئی تەوافوقدا بەپێی بەدەستهێنانی دەنگ بێـت، نەک بەپێی دابەشکردنی نەتەوەییو مەزهەبیو ئایینی، بەڵام ئەو ئەندام پەرلەمانەی پێشوو پێیوایە، ناکرێت حکومەتێکی سیاسیی لە عێراقدا هەبێت بەبێ کورد، یان سوننە، یان شیعە، یان تورکمانو کەمەنەتەوەییەکانی دیکە بەڕێوەببرێت، وتیشی: «بۆ گرەنتی ئەمجۆرە بەشداریکردنەش پێویستە پەنا ببرێتە بەر مەبدەئی تەوافوق».

## ژنانی عێراقیش داوای پۆستە سیادییەکان دەکەن

# «پیاوانی سیاسین، کە ناتوانن بڕیارێک بۆ پێکهێنانی حکومەت بدەن»


ئۆفیسی سلێمانی، بەغدا

ژنە سیاسییەکانی عێراق داوا دەکەن ڕێژەی (٢٥٪)ی ژنان لە پەرلەمانی عێراق بگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنو پۆستە سیادییەکانیشیان پێبدرێتو ژنە پەرلەمانتارێکی پێشووش دەڵێت: «ئەوە پیاوە سیاسییەکانن، کە لە ئێستادا ناتوانن بڕیارێک لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە بدەن».

سـەرەتـای ئـەم مـانـگـە گـرووپـی دەستپێشخەری ژنان بە هاوکاریی ڕێکخراوی دیموکراسی ئەمریکی (NDI) کۆنگرەیەکیان لە هۆتێل ڕەشیدی بەغدا بە بەشداریی هەردوو ڕەگەزی پیاوو ژنە پەرلەمانتارەکانی عێراق سـازداو تیایدا داواکـرا، کە بوونی ڕێژەی (٢٥٪)ی ژنان لە پەرلەماندا بگوێزرێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

پارێزەر (ئیبتسام شمەری)، کە یەکێکە لە ئەندامانی گرووپی ژنانی دەستپێشخەر بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «مەبەست لە سازدانی ئەو کۆنگرەیە پشتگیریکردن بووە لە داواکارییەکانیان، وەک ژنانی عێراق کە کۆتای ژنان (٢٥٪) لە پەرلەمان لەسەرجەم ئاستەکانی بچەسپێت، نەک تەنیا لە ئەنجومەنی نوێنەران».

ئیبتیسام شمەری، ئاماژەی بەوەدا کە کۆتای ژنان لە سەردەمی یاسای ئیدارەی دەسەڵاتی کاتیی لە سەرجەم بوارەکاندا هەبوو، بەڵام حکومەتی ڕابردوو ڕێژەی ژنە وەزیرەکانی لە حکومەتدا زۆر لە ڕێژەی (٢٥٪) کەمتر بووە، وتیشی: «هەوڵدەدین ڕێژەی (٢٥٪)ی ژنان لە سەرجەم بوارەکاندا بچەسپێت، تەنانەت لە پۆستە سەرەکییەکانیش وەکو سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو جێگرەکانیان».



مەیسون دەمەلوجی


«داواکاریی ژنان بۆ پێدانی ٢٥٪ی پۆستەکان، پەیوەندی نییە بە شکستی پیاوانەوە لە بەڕێوەبردنی وڵات»

ئەم داوایەی ژنانی عێراق بۆ وەرگرتنی پۆستەکان لەکاتێکدایە دەستووری عێراق ئاماژەی بە ڕێـژەی (٢٥٪)ی ژنـان داوە، تەنیا بۆ پەرلەمانی عێراقەو نەپەڕیوەتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەریـی جێبەجێکردنو هاوکاتیش لە کابینەی حکومەتی پێشووی نوری مالیکیدا، کە زیاد لە (٤٠) وەزارەتو وەزیری بێ وەزارەتی لەخۆدەگرت، تەنیا (٤) وەزیریان ژن بوون.

ئەحلام ئەسعەد، ژنە پەرلەمانتاری پێشووی عێراقیش وێڕای بە باش زانینی وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی عێراق لەلایەن ژنانەوە ئاماژەی بە ئەستەمەکانی بەردەم پێدانی ئەو پۆستانە کرد بە ژنـانو وتی: «پێم باشە ژنان بە توانای خۆیان بە هەموو پۆستەکان بگەنو واقیعی باوکسالاریی عێراقیش وادەکات کە دەرگای زیاتر بۆ ژنان بکرێتەوە».

ئەو ژنە پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق ئاماژە بەوەشدەکات: کە هیچ پارتێکی سیاسیی عێراقی زیاتر (٢٥٪)ی ژنانی لەخۆ نەگرتووە، کە لە دەستووردا هاتووە ئەگەر ڕێژەکەش (١٠٪) بوایە هەر ئەوەندەیان دادەناو وتی: «هیچ حیزبێکی عەرەبیو کوردیش لە عێراقدا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بڕوایان بە توانای ژنـان هەبێت لە گرتنە دەستی پۆستەکاندا، وتیشی: «هەمیشە چاو لەسەر ئەدای ژنانە لە پۆستەکاندا، لەکاتێکدا زۆرێک پیاو هەیە کە ڕۆڵی خۆیان نەبینیوەو ئەگەر (٢٥٪)ی پەرلەمانی عێراق ژن بووبێت، ئایا چەندی (٧٥٪)ەکەی تر کە پیاو بوون ڕۆڵی خۆیان بینیوە؟».

پێکنەهێنانی حکومەتی نوێی عێراق سـەرەڕای نـزیـکـبـوونـەوەی ئـەو مـاوە دەستوورییەی کەلەبەردەمیانداماوە، پرسیاری لەسەر ئاستی سەرکەوتنی پیاوە سیاسییەکان دروستکردووە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، لەکاتێکدا کە ڕێ بە ژن نەدراوە بەشداریی ئەو پرسە بکەنو لەوبارەیەشەوە ئەحلام ئەسعەد، دەپرسێت: «وادەی پێکهێنانی



ئەحلام ئەسعەد

«هەمیشە چاو لەسەر ئەدای ژنانە لە پۆستەکاندا، لەکاتێکدا زۆرێک پیاو هەیە کە ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە»

حکومەتی نوێی عێراق ئەوەندەی نەماوەو ئەوە پیاوان نین لە سیاسەتو دەسەڵاتدا کە ناتوانن بڕیارێک بدەن سەبارەت بەو تەنگژە سیاسییەی، کە عێراقی تێکەوتووە؟ لە کاتێکدا ئەگەر ڕێکخراوێکی ژنان لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا نەیانتوانیایە سەرۆکێک بۆ خۆی دیاریبکات هەموو ڕاگەیاندنەکان بە گاڵتەجاڕییەوە باسیان دەکرد».

هەندێکی تر لە ژنە سیاسییەکانیش پێیانوایە: ئەو شکستەی لە عێراقدا هەیە شکستی هەردوو ڕەگەزی پیاو و ژنە.

مەیسون دەمەلوجی، ژنـە سیاسیی ناسراوی عێراق، کە ئێستا وتەبێژی لیستی عێراقییەیە، وێـڕای پشتگیریکردنی پێدانی ڕێـژەی (٢٥٪)ی ژنان لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «ئەو داواکـاریـیـەی ژنـان پەیوەندیی نییە بە شکستهێنانی پیاوان لە بەڕێوەبردنی وڵات، چونکە شکستهێنانەکان هاوبەشە لەنێوان هەردوولادا».

ئەگەرچی ڕێـژەی ژنان لە پەرلەمانی عـێـراق (٢٥٪) بـوو، بـەڵام لـە میانەی دانوستانو گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکاندا ژنان بەشدارییان نەکرووەو هیچ لایەنێکیش ژنی کاندید نەکردووە بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی حکومەتی نوێی عێراق.

لەوبارەیەوە پارێزەر ئیبتیسام شمەری، ڕەخنەی لە لایەنە سیاسییەکان گرت، کە ژنانیان کاندید نەکردووە بۆ پۆستە باڵاکان تەنانەت شاندەکانی ئـەو لیستانەش کە دانوستان لەنێوانیان ئەنجامدەدرێت هیچ ژنێکی تیادا نەبووە، سەرەڕای ئەوەی بە وتەی ناوبراو: ژن تواناکانی لەبواری دانوستاندن لە پیاو زیاترە.

شمەری، وتیشی: «سەرەڕای هەستیاریی ئەم قۆناغەی کە عێراقی پێدا تێپەڕدەبێت، پێمانوایە کە کاتێکی گونجاوە بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانیان وەک ژنان بۆ وەرگرتنی پۆستە حکومییەکان، چونکە ئێستا سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی نوێیە».

## ئۆپۆزسیۆنبوون

بەپێی پێناسەکان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەکان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی ساڵێکدا چی کردووە؟، ئینجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی و ڕاگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەڵات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال

# ئۆپـۆزسـیۆن... هـاتـنە سـەر سـفرەی بـەتـاڵ



(٤)

ساڵی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەچەند گلەییەکی «تەشەنوجئامێزی» سەرۆکەکەی کۆتایی هات، کە هێشتا ڕەخنەکان لەسەر پەرلەمان بەتەواویی نەخراونەتەڕوو، ئەوە لەکاتێکدایە کە قبووڵکردنی ئەنجامەکانی (٧/٢٥) بە توندوتیژیی لایەنگرەکانیان کۆتایی هاتو دەستپێکردنی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانو دیاریکردنی سەرۆکو جێگرەکەی بە ڕێکەوتنی حیزبیی ئەنجامدرا.

هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بە کۆمەڵێک توندوتیژییو هێرشی لایەنگرانی لیستی دەسەڵاتەوە کۆتایی هات، سەرەتا ئەنجامەکان لەلایەن ئەو سێ لیستەوە، کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنن ڕەتکرایەوە، بەڵام سکاڵاکانیان کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەبوو، بۆیە بەناچاریی هەم ئۆپۆزسیۆنو هەم دەسەڵات بەبێ دەنگی بە ئەنجامەکان ڕازیبوون.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بەجۆرێک دەسەڵاتی تووشی شۆک کرد، کە ڕاگەیاندنی جیهانیی پێی زانی، بۆنموونە: ڕۆژنامەی بەناوبانگی نیویۆرک تایمز لە زاری بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی (یەکێک لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە) نوسیبووی: «ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تووشی شۆکی کردین»، هەر هەمان ڕۆژنامە لە زاری قوبادی کوڕی جەلال تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن، گواستبوویەوە کە وتبووی: «ئەو (واتە تاڵەبانی) دەیەوێت بزانێت چی ڕوویداوە».

ئەو پەیامەی نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی ئەوکاتەی لیستی گۆڕان کە ڕۆژی (٣٠)ی تەممووزی (٢٠٠٩) پێشکەشی خەڵکی کرد، کۆتایی بە دردۆنگیی قبووڵنەکردنی ئەنجامەکان هێنا، لە پەیامەکەیدا ئەگەرچی وتی: چاوەڕێی ئەنجامی ڕەسمیی هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ دوا بڕیاری خۆیان، بەڵام سوپاسگوزاریی بۆ هەمووان دەربڕی، بەوەی، کە «خەڵک بە برسێتیو تویینێتی چاودێریی ئەوەیانکردووە، کە هەڵبژاردن بە بێگەردیی بەڕێوەبچێت»، لە مێژووی حوکمڕانی کوردیدا کە لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە دەستپێدەکات، نەوشیروان مستەفا، ئەمە دووەم پەیامیەتی کە بە بۆچوونی چاودێران لە هەستیارترین حاڵەتدا بووەو مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی ڕەواندووەتەوە، جاری یەکەمیش لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ی پەرلەمانی کوردستانەوە بوو، کاتێک ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانداو پارتیو یەکێتی ڕێکنەدەکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، شەوێک لەپڕ نەوشیروان مستەفا، لە تەلەفزیۆنەوە دەرکەوتو ڕێکەوتنی هەردوو حیزبی ڕاگەیاند، ئیدی ئاژاوەیەکی چاوەڕێکراو کۆتایی هات.

سەقفی پەرلەمانی کوردستان، کە لەماوەی ڕابردوودا جێگەی کۆکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان بوو، ئەوانەی کە بەڕێکەوتنێکی حیزبیی نێوان یەکێتیو پارتی لەسەر مەسەلە ناکۆکەکان کۆکبوون، لەدوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزەوە بووە سەقفی کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییو ناکۆکەکانو دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی کۆکردەوە.

د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە وتاری کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەماندا وتی: ئەم پەرلەمانەی ئێستامان، وەکو هەردوو خولی یەکەمو دووەم، پەرلەمانێکی فرە ڕەنگە، لەڕووی نەتەوەییەوە، کورد، تورکمان، کلدان سریان ئاشووری، ئەرمەنی تێدایە، لەڕووی ئایینییەوە، موسڵمانو مەسیحیو ئێزدی تێدایە، لەڕووی سیاسییو حیزبییەوە، نوێنەرایەتی (١٥) حیزبو گرووپو ڕەوتی سیاسیی جیاجیا لە خولی سێیەمی ئەم پەرلەمانەدا جێگەی خۆیان گرتووەو جێگەی شانازییە بۆ گەلی کوردستان، ڕێژەی ئافرەتان (٣٥٪)ەو بەشێکی بەرچاوی پەرلەمەنتاران تەمەنیان لە خوار (٤٠) ساڵییەوەیە، کە پسپۆڕی جیاجیای هەڵکەوتوو و کارایان لەخۆ گرتووە.

هەرلەیەکەمین دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، جۆرێک لە بەریەککەوتنو گرژیی لەنێوان لیستی کوردستانییو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبینرا، ئەم گرژییەش بە هەموو حاڵەتەکانی خۆیەوە تائێستاش بەردەوامە، بەرچاوترینی حاڵەتەکانیش لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتدا، نەبەخشینی متمانە بە حکومەتی نوێو جێهێشتنی هۆڵی پەرلەمان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوەو دەنگ نەدان بۆ پڕۆژەیاساکانی یەکتریو ڕەتکردنەوەیان، لەپاڵ گرژییەکانی تری داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانو گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠).

گرفتێکی دیکەی سەرەتای پەرلەمان پێکهێنانو سەرۆکایەتی لیژنەکانی بوو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٥) ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٦ سەرجەم لیژنەکانو ئەندامەکانیانی دەستنیشانکرد، هەروەها بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە هەر لیژنەیەک سەرۆکو جێگری سەرۆک بڕیاردەری هەبێتو بەشێوەی هەڵبژاردن لەنێوان ئەندامانی لیژنەکان دەستنیشان دەکرێت، لە سەرەتادا سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی کە هەموو لیستەکان بەشداربن لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکو جێگرو بڕیاردەری لیژنەکان، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی لەسەر وەرگرتنی سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە لەنێوان لیستی کوردستانییو لیستی گۆڕاندا، سەرۆکایەتی لیژنەکان بەشێوەی هەڵبژاردن یەکلایی کرایەوەو لیستی کوردستانیی کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی پانزە لیژنە هەبوو، سەرەنجامیش توانی هەر پانزەکە بەدەست بهێنێت، لە بەرامبەریشدا لیستی گۆڕان هیچ کاندیدێکیان بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکان نەبوو، لیستەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵو لیستی کلدانو سریانیو ئاشووریو لیستی تورکمانیش، هەریەکەیان سەرۆکایەتی لیژنەیەکیان بەرکەوت.

ئەوەش وەک حەمە سەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێت: «لەبەر مەسەلەی سیاسییو حیزبیی، پێکهێنانی لیژنەکان دواکەوتو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە ساردوسڕیی دەڕۆیشت بەڕێوەو کەمتەرخەمیی تێدابوو، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەبوو، ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی هەبوو پەرلەمان کارابکاتو ڕۆڵ ببینێت، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوێت، بەهۆی هەژموونی حیزبیی لەسەر پەرلەمان، بەوشێوەیە بەڕێوە دەچوو».

لە خولی ڕابردووی (دووەم) پەرلەماندا ژمارەی لیژنەکان بریتیبوون لە (١٤) لیژنە، بەڵام خولی ئەم جارەی پەرلەمان (خولی سێیەم) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەمواركردو ژمارەی لیژنەکانی بەرزکردەوە بۆ (١٨) لیژنە، ئەویش بە زیادکردنی چوار لیژنەی دیکە، ئەوانیش:

١. لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان. ٢. لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ٣.لیژنەی کاروباری ئافرەتو منداڵو خێزان. ٤. لیژنەی دەستپاکی (النزاهة).

ئەگەرچی بەشێک لە دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆن (لیستی گۆڕان، لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاریی) بۆئەوە دەبوون کە دەسەڵات بگرنە دەستو جێبەجێیان بکەن، بەڵام لەناویاندا ئەو پڕۆژانەش هەبوون، کە لە حاڵی ئۆپۆزسیۆنبووندا بتوانن خزمەتیان پێبکەن.

بەهۆی تازەییو فرەبۆچوونی لە پەرلەمانی کوردستانو شکاندنی بێدەنگییو قڕەقڕی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، هەندێک لەو بەڵێنانەی کە ئۆپۆزسیۆن دابوویان زیانی بەرکەوت، ئەویش بەوەی کە وەک ئۆپۆزسیۆن دەڵێت: هەر پڕۆژەیاسایەک لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرابێت، دەسەڵات ڕەتیکردووەتەوە.

لە خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمانی نوێ ناکۆکیی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بەجۆرێک ڕەنگی دابووەوە چاودێران وایان تەفسیر دەکرد «ئەمانەی چوونەتە پەرلەمان زیاتر دەیانەوێت هۆڵی پەرلەمان بۆ موزایەدەی سیاسیی بەکاربێنن».

ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرێکەوە ڕاستبوو، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەپێشبوو، دەسەڵات دەیویست دەنگە لەدەستچووەکانی بۆ بێتەوەو ئۆپۆزسیۆنیش دەیویست دەست بەو دەنگانەوە بگرێت، کە هێناونی، یان دەنگی زیاتر بەدەست بێنێت.

لەماوەی یەک ساڵی ڕابردووی خولی سێیەمی پەرلەماندا (٦٥) پڕۆژەیاسا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، تائێستا (١٣) یان پەسەند کراون لەگەڵ نۆ بڕیار، (٣٣) جار کۆبوونەوەی ئاسایی کراوە لەگەڵ (١١) کۆبوونەوەی نائاسایی، (٦٨) پرسیار ئاراستەی وەزارەتەکان کراوە، (٣٧)ی وەڵام دراوەتەوە، بەڵام (٣١)ی وەڵام نەدراوەتەوە، سێ پڕۆژە ڕەتکراوەتەوە، (١٢) پڕۆژەیاسا بۆ حکومەت نێردراونەتەوە، (٢٣) جار وەزیر بانگکراون بۆ پەرلەمانو لیژنەکان.

سەرەڕای بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، بەڵام چاودێرانو تەنانەت پەرلەمانتارەکانیش لە کارەکانی ئەم خولە ڕازی نینو هەندێک بە تەمبەڵخانەی دەچوێننو هەندێکیش بە سست وەسفی دەکەنو ڕەخنەی لێدەگرن، وەک ئارام قادر، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کۆمەڵ دەڵێت: پەرلەمان دەیتوانی چالاکتر بێت! کاری باشترو گەورەتر بکات! ئەکتیڤتر بێت بۆ کاروبارەکان، بەڵام ئێمە لە ئاستی پێویستدا نایبینین.

سەرۆکی پەرلەمان لە وتاری دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەکەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە ٢٠١٠/٦/٣٠، کە پشووی پەرلەمان دەستپێکرد، بۆ پەرلەمانتاران وتی: ماوەیەکە زۆر هێرش دەکرێتە سەر پەرلەمانەکەتان پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی لە دڵی خەڵکی کوردستان، لە دڵی ئێوەی بەڕێز، لە دڵی گشت کەسێک ڕەشی بکەن، بۆیە حەقە لەسەر چەند خاڵێک بووەستین بە ئینسافەوە، ئێمە دڵمان، سینگمان فراوانە دڵمان کراوەیە بۆ هەموو ڕەخنەیەک، ڕەخنەیەکی بنیاتنەر بمانهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست، بەڵام ڕەخنەیەک کە هەوڵ بدات بتشکێنێتەوە بەبێ بنەما، بۆیە ئەرکی هەمووما‌نە هەموو پەرلەمانتارێک کە زۆر بە ئینسافەوە دیفاعی لێبکەین.

"ئەگەرچی بەشێک لە دروشمەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە دەبوون
کە لە دەسەڵاتدا جێبەجێ بکرێن، بەڵام لەناویاندا ئەو پڕۆژانەش هەبوون
کە لە حاڵی ئۆپۆزسیۆنبووندا جێبەجێ بکرێن"

حساباتی خیتامیی بودجەی (٢٠٠٩)، زیاتر لە (٧٠١) ملیار دینار خەرجی تێدا کراوە 14

# نابوکۆ چییە، چۆن هەرێمی کوردستان سوود لە پڕۆژەیەکی گرنگی گازی جیهانیی وەردەگرێت؟

ڕاپۆرتی: شاڵاو فەتاح

چاوەڕواندەکرێت لە ساڵی (٢٠١٥)دا ئەوروپا تووشی کورتهێنان ببێت لە بەرهەمی گازدا، هەربۆیە ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی دیکە لە جێگەی روسیا دەدات.

نابوکۆ، پڕۆژەیەکی پێشنیازکراوی گواستنەوەی گازە لەنێوان ئاسیاو ئەوروپادا، کە ئەگەر جێبەجێ بکرێت لە ساڵی (٢٠١٤)دا گواستنەوەی گاز دەستپێدەکات.

ئەم پڕۆژەیە بە ئامانجی کەمتر پشتبەستن بە گازی روسیاو کردنەوەی هێڵێکی نوێیە لە ئاسیاوە بۆ ئەوروپا، ئەمەش بۆ ئەوەی ئاسایشی گاز بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان دابینبکاتو لە کارتی روسیا بیانپارێزێت، چونکە وەک د.بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت: «زۆرجار روسیا سەرچاوە گازییەکەی بە مەبەستی سیاسییو بۆ فشار خستنە سەر ئەوروپا بەکاردێنێت».

ئەم پڕۆژەیە بە (پڕۆژەی بۆری گازی تورکیا – نەمسا)ش ناودەبرێت، پڕۆژەکە لەلایەن چەند وڵاتێکی ناو ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپاو ئەمریکاوە پشتگیریی لێدەکرێت، سەرەتای ئامادەکاریی بۆ پڕۆژەکە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا بوو، پاشان ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیی لە (١٣)ی تەممووزی (٢٠٠٩) لەنێوان ڕۆمانیا، تورکیا، نەمسا، بولگاریاو هەنگاریا ئیمزا کرا. دوایین بڕیاری وەبەرهێنان لە پڕۆژەکەدا بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا بدرێت.

### جوگرافیای پڕۆژەکە

پڕۆژەی نابوکۆ یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە هەرێمێکی جوغرافی فراوان دەگرێتەوەو هەریەکە لە کیشوەرەکانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەوروپا دەبڕێت، پڕۆژەکە زیاد لە (٢٠٠٠) میل دەڕوات لە (ئەرزڕۆمی) تورکییەوە بۆ (بۆمگارتن ئەندێر مارچ) لە نەمسا. بۆرییە گازییەکانی پڕۆژەکە لە ئەرزڕۆمی تورکیاوە دەستپێدەکەنو لە نەمسا کۆتایی دێت، بەڵام سەرچاوەکانی پڕۆژەکە لە ئاسیاو ئەفریقادان، بۆرییەکان دوای ئەوەی تورکیا دەبڕن بە بولگاریادا دەڕۆنو پاشان سنوورەکانی ڕۆمانیا دەبڕن بۆ هەنگاریاو دواجاریش نەمسا.

### کێشەکانی پڕۆژەکە

ئەم پڕۆژەیە هەر لە سەرەتاوە چەندین کێشەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، یەکەمین کێشەش ئەوەیە، کە بەرهەمی ئەم پڕۆژەیە تەنیا بۆ چەند وڵاتێکە لە باشووری خۆرهەڵاتو ناوەندی ئەوروپا، نەک گشت ئەوروپا، ئەمەش وا دەکات پشتگیریی تەواوی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا بۆخۆی بەدەستنەهێنێت، تەنانەت دوورنییە ناکۆکیی بخاتە نێو وڵاتانی یەکێتییەکەوە لەسەر ئەو پڕۆژەیە. ئەمە جگە لەوەی هیچ گەرەنتییەک دەربارەی بڕی بەرهەمی گازی پڕۆژەکە نییەو نازانرێت ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت ئەو گازەی بانگەشەی بۆ بکات دابینی بکات، یاخود نا، هەربۆیە ڕەخنەگران بە پڕۆژەیەکی نائابووریی لەقەڵەمدەدەن، چونکە هێشتا وڵاتانی ئێرانو سوریا ناسەقامگیرن لەڕووی سیاسییەوە، ئەمە جگە لەوەی وڵاتانی ئاسیا کە پەیمانی بەرهەمهێنانی گازێکی زۆر بۆ پڕۆژەکە دەکەن، هاوردەیەکی گازی زۆریان بۆ روسیاو چینیش هەیە.

> **د. بایەزید حەسەن:**
>
> **حکومەتی هەرێم بێ ڕەزامەندیی بەغدا ناتوانێت بەشداریی بکات**

ئەمە جگە لەوەی لایەنی سیاسیی پڕۆژەکە بۆ ڕکابەریکردنی روسیایە کە زۆرترین بەرهەمی گازی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕکابەری روسیا بکرێت دەبێت سەرچاوەیەکی هاوشێوە لە دابینکردنی گازدا هەبێت، ئەو سەرچاوەیەش تەنیا ئێرانە.

ئێران (١٦٪)ی گازی جیهانی هەیەو دووەمین وڵاتە لەدوای روسیا لە دابینکردنی ئەو بەرهەمەدا، بەڵام ئەم وڵاتە بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیختیارێکی نەشیاوە لە پڕۆژەکەدا، ئەمریکا بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ بەشداریکردنی ئێران دەربڕیوە لە پڕۆژەکەدا، لە بەرامبەردا هەریەکە لە ئێرانو روسیا زۆر ڕاشکاوانە ئەوەیان دەربڕیوە، کە پڕۆژەکە بەبێ ئەوان سەرکەوتوو نابێت.

مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران لە لێدوانێکدا دەربارەی پڕۆژەکە دەڵێت: «قسەکردن دەربارەی پڕۆژەی نابوکۆ بەبێ بەشداریی ئێران تەنیا بنیادنانی بۆری بەتاڵە»، ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆک وەزیرانی روسیاش لێدوانێکی هاوشێوەی داو باسی لە گرنگیی ڕۆڵی ئێران بۆ ئەو پڕۆژەیە کرد.

تورکیا کە بە وڵاتێکی هەرە گرنگی پڕۆژەکە دادەنرێت هەوڵی زۆری داوە ئێران بکاتە وڵاتێکی بەشداری ناو پڕۆژەکە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا، ئەوان حەزدەکەن ئێران ببێتە وڵاتێکی بەشدار لەو پڕۆژەیەدا، کاتێک «هەلومەرج ڕێگەی دا». ئەو وڵاتانەی چاوەڕواندەکرێت بەرهەمی گازی بۆ پڕۆژەکە دابین بکەن هەریەکە لە ئازەربایجان، تورکمانستان، عێراقو میسرن.

لەلایەکی دیکەوە، روسیا هەر لە سەرەتاوە دژایەتی پڕۆژەکە دەکاتو هەوڵدەدات بە پڕۆژەیەکی جێگرەوە بۆ گواستنەوەی گاز لە وڵاتەکەی خۆیەوە نابوکۆ لەبار ببات، بۆ ئەمەش چەندین هەنگاوی ناوەو هەوڵیداوە پڕۆژەی «شەپۆلی باشوور» گشتگیر بکاتو وڵاتانی پڕۆژەی نابوکۆو دەرەوەی نابوکۆش بۆ ئەو پڕۆژەیە ڕابکێشێت. بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بولگاریا ڕەزامەندیی خۆی لەسەر پڕۆژەکەی روسیا پیشاندا، ئەمەش وڵاتانی ئەوروپای نیگەران کرد، چونکە بولگاریا ئەندامی ناتۆو ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپایەو چانسی بەشداریکردنی لە پڕۆژەی نابوکۆ درایە، بەڵام روسیای هەڵبژارد، دواتر سربیاش پەیوەندیکرد بە پڕۆژەکەی روسیاوە.

دوای ئەوەش بەرپرسانی روسیا بە ئاشکرا چەندین جار دژایەتی خۆیان بۆ ئەو پڕۆژەیە دەربڕیوەو بە پڕۆژەیەکی بێ داهاتوو ناویانبردووە، هەر دوای گرێبەستەکانی لەگەڵ بولگاریاو سربیادا بەرپرسێکی روسیا لە ئەڵمانیا ئەوەی ڕاگەیاند: کە ئەو پڕۆژەیەی روسیا ئامادەیکردووە «مەرگی نابوکۆ»ی هێناو پێیوابوو: دوای جێبەجێکردنی پڕۆژەکە گاز بۆ بۆرییەکی نابوکۆ نامێنێتەوە، لە بەرامبەردا ئەوروپا نایەوێت پڕۆژەکەی بوەستێنێتو پێیوایە: هێشتا زۆر زووە گومان لە داهاتووی پڕۆژەکە بکرێت.

### نابوکۆو کوردستان

یەکێک لە کێشەکانی ئەم پڕۆژەیە ئەوەیە، کە ئەو وڵاتانەی دەبنە سەرچاوەی دابینکردنی گاز زۆر کەمن، بۆ نموونە: تائێستا تەنیا ئازەربایجان بە فەرمیی ئامادەیی خۆی بۆ دابینکردنی گاز بۆ ئەو پڕۆژەیە دەربڕیوە، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت ببێتە بەشێک لەو پڕۆژەیەو وەک سەرچاوەیەکی دابینکردنی گاز لەو پڕۆژەیەدا بەشداریی بکات.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند: هەرێمی کوردستان ئامادەیە ببێتە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنانی گاز بۆ ئەو پڕۆژەیەو ئاسانکاریی بۆ دەکات. هەورامی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی دەڵێت: «ئێمە دەتوانین (٤٩٠–٥٢٠) پێ سێجا گاز بۆ پڕۆژەکە دابین بکەین»، بەڵام ئەم لێدوانە هەرێمییەو هێشتا بەغدا هیچ کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی بۆ لێدوانەکەی ئاشتی هەورامی نەبووە.

گومان دەکرێت لە حاڵەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا کێشەیەکی دیکەی هاوشێوەی گرێبەستە نەوتییەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەغدا دروستببێت.


دەربارەی پڕۆژەکەو گرنگیی بۆ کوردستان د.بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو شارەزای بواری نەوتو غاز، پڕۆژەکەی بە «زۆر گرنگ» بۆ عێراقو کوردستان لەقەڵەمدا، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە، کە هەرێم یەکلایەنە ناتوانێت بەشداریی لە پڕۆژەکەدا بکاتو بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا دوورنییە کێشە بۆ بەشداریکردنی هەرێم لەو پڕۆژەیەدا دروستببێت. «حکومەتی هەرێم ناتوانێت بەتەنیا ئەوە بکات، بەڵکو دەبێت موافەقەتی حکومەتی ناوەندی هەبێت».

د.بایەزید حەسەن، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی ئاماژەی بە ڕووداوەکانی ناردنە دەرەوەی نەوتی ساڵی ڕابوردوو داو وتی: ساڵی ڕابردوو حکومەتی هەرێم ئاهەنگی گێڕا بەبۆنەی ناردنە دەرەوەی نەوتەوە، بەڵام وەکو بینیمان ئەو ناردنە دەرەوەیەش کێشەی بۆ دروستبوو، دواجار لەلایەن بەغداوە ڕاگیرا.

**زانیاری لە (وێبسایتی فەرمیی نابوکۆ، ڕۆیتەرز، یوپی ئای) وەرگیراوە**

## یەکێتیی ئەوروپا وەبەرهێنان لە هێڵی نابوکۆ دەکات

**کۆمسیۆنی ئەوروپا پێشبینی وەبەرهێنانی 250 ملیۆن یۆرۆ لە تەمویلی نابوکۆ، ئەو پڕۆژەیەی کە گازی سروشتی لە قەزوینەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا دەگوێزێتەوە، دەکات. ئەوروپا دەیەوێت ئەم پڕۆژەیە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ گازی روسیا کە زۆرجار وەک کارتێکی فشار بۆ ململانێ سیاسییەکان بەکاریدەهێنێت**




پلانی ئەوروپا بۆ پشتبەستنی کەمتر بە سەرچاوەی گازی سروشتی رووسیا

| 1 نابوکۆ | |
|---|---|
| تێچوون | 7.9 ملیار یورو |
| درێژی | 3.300 کلم |
| کاتی کردنەوە | 2011 |
| وزەی ڕۆیشتوو | 31 ملیار م مکعب/ساڵانە |


| 2 میدغاز | |
|---|---|
| تێچوون | 900 ملیۆن یۆرۆ |
| درێژی | 210 کلم |
| کات | ناوەراستی 2009 |
| وزە | 8 ملیار متر3 |

| 3 گالسی | |
|---|---|
| تێچوون | 2 ملیار یورو |
| درێژی | 1.470 کلم |
| کات | 2011 |
| وزە | 8 ملیار متر3 |

پلانەکانی رووسیا بەناو خاکی ئۆکرانیادا بۆ گەیاندنی گاز بە ئەوروپا

| 4 نۆرد ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 7.4 ملیار یورو |
| درێژی | 1.220 کلم |
| کات | 2012 |
| وزە | 55 ملیار متر3 |

| 5 ساوس ستریم | |
|---|---|
| تێچوون | 10 ملیار یورو |
| درێژی | 900 کلم* |
| کات | 2013 |
| وزە | 30 ملیار متر3 |




سەرچاوە: Nabucco Gas Pipeline Int. GmbH, MEDGAZ
MEM, Nord Stream AG, ENI, GAZPROM, BP

© GRAPHIC NEWS



## ـــــــیی (٢٠٠٩) شیدەکاتەوە

# هەرێم توانای وەبەرهێنانی کەمەو توانای سەرفی زۆرە

پێدابخشێنێتەوە، چونکە دەرماڵەی خێزان‌و منداڵ بەشێکن لە هاوکاریکردنی حکومەت بۆ خـێـزان‌و سەقامگیریی خێزان، دەبینین بەرامبەر ئەمە بودجەی پشتگیریکردنی بڵاوکراوەکان دەگاتە (٧ ) ملیار دینار.

دەکرێت بپرسین، ئەو بڵاوکراوانە کامانەن، حیزبین، یـان حکومیی؟ کە بێگومان حیزبین، ئایا ئەم بڵاوکراوانە هێندە گرنگن کە کێبڕکێ بکەن‌و لەسەر حسابی کەمیی دەرماڵەی منداڵ‌و خێزان بێت؟

هەربۆیە، پێموایە: سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە منداڵ‌و ئافرەت‌و خێزان، سیاسەتێکە قورسایی خێزان‌و سەقامگیریی خێزان‌و کۆمەڵایەتی نەکردووە بە غەمی خۆی، کە دەبوو لە بودجەی (٢٠١٠)دا، ئەم سیاسەتە ڕاست بکرایەتەوە.

**کۆمپانیای تایبەت باسکراوە کە (٣٠)ملیارو (٢١٩)ملیۆن‌و (٦٣٥) هەزاری بۆ دانراوە کە نازانرێت چییە**

**رۆژنامە: ئەو بودجەیەی بۆ دەرماڵە نادیارەکان سەرفکراوە، لە چ ئاستێکدایە؟**

* لـە ئاستێکی خـەیـاڵـیـدایـە، لە خەرجییەکانی بەکاربەردا، دەرماڵەی ئیستسنائی هەیە (١٦٠،٢)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە دەکاتە (١١،٥٧٪)ی بودجەکە، بەڵام نازانرێت کە دەرماڵەی ئیستسنائی مانای چییەو بۆ کێیە؟ ئایا ئەوەندە گرنگە کە ئەو بڕە زۆرەی بۆ دابین بکەیت؟

لە بەرامبەردا، بۆ کارەبا، تەنیا (١٩٩،٧) ملیار دیناری تەرخانکردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەرامبەر بە دەرماڵەی ئیستسنائییەکە، چونکە کارەبا پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەیەو یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، کە پێویستە حکومەت ئەمە لەبەرچاوبگرێت.

**رۆژنامە: لەبەر ڕۆشنایی بوونی ئەم هەموو خـروقـاتو کەموکووڕییانەدا، پێتوانییە، هەڵەیەک کـرا، بـەوەی کە بـودجـەی (٢٠١٠) پەسەندکرا بـەر لە گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی (٢٠٠٩)؟**

* ئـەگـەر بـودجـەی(٢٠١٠) دوای گفتوگۆکردن لەسەر حساباتی خیتامیی بودجەی (٢٠٠٩) بکرایە، ئەوا دەتوانرا ئەو کەموکووڕییانەی لـە بـودجـەی (٢٠٠٩) دا هەبوون لە بوجەی (٢٠١٠) دووبارە نەکرانایەتەوە، چونکە تۆ لە حساباتی خیتامیدا ئەداو فەلسەفەو سیاسەتی ئەو حکومەتەت بۆ دەردەکـەوێـت، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆئەوەی کاری لەسەر بکرێت، چونکە ئەمانە لە دانانی بودجە هەستی پێناکرێت، لەبەرئەوەی نە داتابەیس‌و نە کەسانی هێندە شـارەزاو لیهاتوو هەیە لە حکومەتدا تا پێشبینی گونجاو بکات بۆیان، بۆیە بوونی حساباتی خیتامیی زۆر ستراتیژییە بۆ ئاراستەی بودجەی داهاتوو، ئەمە ئەو سیستەمە نازانستییەیە کە ئیدارەی ئابووریی کوردستان پەیڕەوی دەکات.

**رۆژنامە: ئەداو توانای حکومەتی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ خەرجکردنی بـودجـەی (٢٠٠٩) دەکـەیـن، دەبینین زیادەڕۆیی زۆر لە بودجەی بەکاربردندا هەیە، کە دەگاتە سـەروو (٧٠٠) ملیار دینار، بـەڵام بودجەی وەبەرهێنان کە دڵـی گەشەی ئابووریی کوردستان‌و خۆشگوزەرانیی خەڵکی پێوە بەندە، ئەسڵەن زۆر کەمە، وەک کەمیشە حکومەت بەڕێژەی کەم توانیویەتی بیگەیەنێتە ئـەرزی واقیع، ئەمە بێجگە لە ئاستی بەرزی گەندەڵیی کە قەبارەی پڕۆژەکان‌و ئاستی جێبەجێکردنیان جارێکی تر بچووک دەکـاتـەوە، ئەمانە هەمووی پرسیاری ستراتیژین بۆ حکومەت، کە جێبەجێکارەو پەرلەمانی کوردستان کە هەم چاودێرەو هەم موشریعە.

**رۆژنامە: لە بودجەکەدا، زیاتر لە (٤) ملیار دینار بۆ شـارەزاو ڕاوێژکار خەرجکراوە، ئایا لە کوردستان ئەوەندە سوودمان لەو شارەزایانە وەرگرتووە کە ئەو بڕە پارەیەیان لە بودجە بۆ تەرخان بکرێت؟**

* ئەگەر حکومەتی هـەرێـم هێندە شـــارەزاو ڕاوێـــژکـــاری هـەیـە بۆچی ئەمە شێوازی دیزاینی بودجەکەیەتی؟ کە وەک ئاماژەمان بۆ هەندێکی کرد زۆر کەلەبەری ستراتیژیی ئابووریی‌و سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی تیا هەیە، بەرامبەر ئەمە بڕی نزیکەی (٥) ملیار دیناری بۆ شـــارەزاو ڕاوێژکار خەرجکردووە، کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە بەرامبەر ئەو هەموو کەلەبەرەی بودجە. لەلایەکی ترەوە، بۆ کۆڕو سیمینار بڕی (١،٦) ملیار دینار خەرجکراوە، ئایا ئەم کۆڕو سیمینارانە توانیویانە هێندەی ئەو بودجەیە خزمەتی کوردستان بکەن؟ ئەگەر هەردووکیان کۆبکەینەوە دەکاتە زیاتر لە (٦) ملیار دینار، کە ئایا ئەم بودجەیە لە کام ڕاوێژی گرنگدا سەرفکراوەو تا چەند خزمەتی ئابووریی کوردستانی کردووە؟ پێویستە حکومەت‌و پەرلەمان دەسەڵاتی دادوەریی وەڵامی خەڵکی کوردستان بدەنەوە.

**رۆژنامە: حکومەت بە بڕی (٣٠) ملیار نۆژەنکردنەوەی بینای حکومیی کردووە؟**

* لە حسابی خیتامیی (٢٠٠٩)دا بڕی (٣٠،٣) ملیار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی بینا خەرجکردووە، کە بێگومان دەبێت حکومیی بێت، بەڵام کام بینا؟ لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێم کرێچییە، کەواتە ئەمە بۆ چاکردن‌و نۆژەنکردنەوەی بینای فەرمانگە خەرجکراوە، یان بە فەنتازیکردنی جێگەی تایبەت.

**رۆژنـــامـــە: بـاس لە هاوکاریکردن‌و قەرەبووی حکومەت بۆ کۆمپانیاکان کراوە، ئەمانە کام کۆمپانیان‌و ئایا نابێت داهاتیش بدەنە حکومەت، کە قەرەبووی زیانەکانیان دەکات؟**

بۆ کۆمپانیا گشتییەکان بڕی (٢٤٦،٥) ملیار دینار خەرجکراوە، کە نازانرێت ئەمانە کام کۆمپانیایانەن‌و بۆ باربوویان دەدرێتێ، کە ئەگەر زەرەر دەکات‌و تۆ قەرەبووی دەکەیتەوە، ئەی پێگە ستراتیژییەکەی چییە کە بە زیانەوە حکومەت قبووڵیەتی؟ ئەگەر نا تەفسیر چییە؟

**لەژێر ناوی کۆمپانیاو ڕێکخراوو هاوکاریکردنی بڵاوکراوەکاندا، بە ملیارەها دینار بۆ خزمەتی حیزب تەرخانکراوە**

هاوکات، کۆمپانیای تایبەت باسکراوە، کـــە (٣٠ ملیارو ٢١٩ ملیۆن‌و ٦٣٥ هەزار دینار)ی بۆ دانراوە، کە نازانرێت چییە؟

لـێـرەوە دەکـرێـت بپرسین: کاتێک حکومەت بەزیاتر لە (٣٨٦) ملیار دینار هاوکاریی کۆمپانیاکان دەکـات، دەبێت داهاتی ئەو کۆمپانیایانە چەند بێت بۆ حکومەت؟ ئـەی بۆچی لە بودجەکەدا دەرنەکەوتووە؟

**رۆژنامە: ڕێکخراوەکانیش زیاتر لە (١٥٨) ملیاریان بۆ سەرفکراوە، ئایا ئەو ڕێکخراوانە ئاشکران کە کامانەن‌و چۆن سەرفکراوە بۆیان؟**

* نەخێر، لە حساباتی ختامییەکەدا وا هاتووە: ڕێکخراوە زانستییەکان (٩ ملیارو ٣٠٩ ملیۆن‌و ١٩٢ هەزار) دیناریان بۆ تەرخانکراوە، کە ئایا ئێمە ڕێکخراوە زانستییەکانمان کامانەن‌و کارەکانیان چییە.

ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان، بڕی (١٩ ملیارو ٨١٢ ملیۆن‌و ٤٦٧ هەزار) دینارو ڕێکخراوەکانی دیکە، کە نازانرێت مەبەستی چییە، بڕی (١٢٨ ملیارو ٣٩٥ ملیۆن‌و ٧٣١ هـەزار) دیناریان بۆ تەرخانکراوە، ئایا هەموو ڕێکخراوێک وەریدەگرێت، یان ئەو ڕەقەمە گەورانە بۆ سێبەری حیزبە؟

**رۆژنامە: باجێکی زۆر لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت لە بەرامبەر مامەڵە بە زەوی‌و موڵکەوە، کەچی ئەوەی لە باجی داهات وەردەگیرێت زۆر کەمە، ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

* بودجەی خیتامیی (٢٠٠٩) لە بابی داهـاتـدا، باس لە باجی داهـات دەکـات، کە نزیکەی (٢٢٥) ملیار دینارە، ئەمە پێماندەڵێت: کە سیستمی بازرگانیی چەند بە نابەرپرسانە کاردەکات لە کوردستان‌و چەند بـێ سـانـسـۆرە، کـە بـە حوکمی باڵادەستی سیاسەت- بازرگانیی دەست لە بەرژەوەندییەکانی سیستمەکە پارێزراوە لەسەر حسابی ئابووریی کوردستان.

**رۆژنـــامـــە: بـوونـی ئـەو خـروقـاتو نادادپەروەرییانەی لە سەرەوە باسکران لە خەرجکردنی بودجەی (٢٠٠٩)، کێ لێی بەرپرسیارە؟**

* ئەمانە هەمووی بۆ بێبەرنامەیی کاری حکومەت دەگەڕێتەوە، کە دەیان پڕۆژە هەن بودجەیان لە (٢٠٠٩) بۆ دانـراوەو یەک سەنتیان بۆ سەرف نەکراوە، ئەمە جگە لە داهاتی گرێبەستیە نەوتییەکان‌و «شیرینییەکان»ی کە لەنێو بودجەکەدا نییەو لە حساباتی خیتامیشدا بوونی نییەو باس نەکراوە، گوایە لە دەسەڵاتی سیادییە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە فەوزایەک هەیە لە ئامادەکردنی بودجەکەو حکومەت لە فەوزایەکی ئیداریدا کاردەکات، چونکە ناکرێت تۆ پلانت هەبێت‌و سامانی وڵات سـەرف بکەیت، بـەڵام بـەدواداچـوون‌و سیستمی لێپرسینەوەت نەبێت، بۆیە لێرەدا پێشبینی دوو ئەگەر هەیە، یان بودجەکە بڕاوە بۆ شوێنێکی دیکە، یان حکومەت زۆر ناپڕۆفیشناڵە لە ئیدارەی ئابووریی وڵاتدا.

**لەبەرامبەر ئەم دەرماڵە کەمەدا کە بۆ خێزان دانراوە بە کۆی هەردوو دەرماڵەکە، ئینجا دەکاتە ئەو بودجەیەی بۆ پشتگیریکردنی بڵاوکراوەکان تەرخانکراوە کە دەکاتە (٧) ملیار دینار**

**دەرماڵەی خۆشگوزەرانیی ڕەسمیی کە بۆ سەیران‌و گەشتە، (٢٠)ملیاری بۆ تەرخانکراوە بەڵام بەرامبەر بەمە دەرماڵەی کار(مهنی) تەنیا (٤٦)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە**

**رۆژنامە: جگە لە حکومەت، پەرلەمان‌و ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی بەرپرس نین لە تێپەڕاندنی بودجەکەو بودجەی ختامییەکەش؟**


* یەکێک لە کەموکووڕییەکان کە وای کرد بودجەی کوردستان بەم ئەنجامە بگات ئەوەیە، کە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان بە عەقڵی حکومەت بیریکردەوەو نەیانتوانی، یـان نەیانویست سـوود لـە کەسانی شارەزاو لێهاتوو وەربگرن‌و بە عەقڵیەتی خۆیان تەنیا سیاسەت‌و یاسا کێشەکانی کوردستان‌و عێراق چارەسەر دەکات، زانستەکانی تریان پەراوێز خست، یاخود ئەمانیش کەوتنەوە ناو هەمان بازنەی (ئەوەی وەک من بیرناکاتەوە لە من نییەو نامۆیە بە نیشتمان).

لەگەڵ ئەو کەموکووڕیی‌و کورتهێنانەی لە بودجەی (٢٠٠٩)دا هەیە، پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ حساباتی خیتامیی بودجەی (٢٠٠٩)ی پەسەند کرد.

---

*** سەرنجی بەڕێز داواکـاری گشتیی لە هەرێم بۆ ئەم بابەتە ڕادەکێشین کە هەر بڕگەیەکی دۆسیەیەکی مەترسیداری گەندەڵیی‌و بەهەدەردانی سەروەت‌و سامانی گشتییە، کە دەکـرێـت بـەدواداچـوون‌و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشنەی بۆ ئەنجام بدرێت.**

رۆژنامە



زەماڵەی خوێندنو ناردنە دەرەوەی خوێندکاران 16

## سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، وردەکاریی خروقاتەکانی حساباتی خیتامی

# حساباتی خیتامیی (٢٠٠٩)، زیاتر لە (٧٠١)ملیار دینار خروقاتی تێدا کراوە



سازدانی: چاوان عەلی

**محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، لە دیمانەیەکدا کە شیکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ حساباتی خیتامیی بودجەی (٢٠٠٩) ئەنجامداوە، ئاماژە بە بوونی خروقاتێکی زۆر دەکات لە بودجەکەدا، کە بە زیاتر لە (٧٠١)ملیار دینار مەزەندە دەکرێتو ئەوەش بۆ خراپیی ئەداو نەبوونی پلانو ستراتیژی کارکردنی حکومەت دەگێڕێتەوەو پێیوایە: حکومەت لە فەوزایەکی ئیدارییدا کاردەکات.**

**رۆژنامە: تا چەند پێشێلکاریی لە بودجەی خیتامیی (٢٠٠٩)دا هەیە؟**

* ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە بودجەی خیتامیی ساڵی (٢٠٠٩)دا بەگشتیی، لە هەموو بابەکانی بودجەی بەکاربەردا

> **له هەموو بابەکانی بودجەی بەکاربەردا پێشێلکاریی هەیە**

> **دەرماڵەی ئیستسنائی ماناى چییەو بۆکێیە؟**

پێشێلکاریی هەیە، بە کۆی گشتیی (٧٠١) ملیارو (٧١٥) ملیۆن دینار خروقات لە بودجەکەدا هەیە، کە (١١،٠٧٪)ی بودجەی (٢٠٠٩) پێکدەهێنێت.

**رۆژنامە: ئەو خروقاتانە، تەنیا لە بودجەی بەکاربردندا هەیە، یان وەبەرهێنان؟**

* خروقاتەکان، نەک تەنیا لە مووچەدا، بەڵکو زۆرترینیان لە بوارەکانی دیکەدا هەیەو رێـژەی خروقات بەگشتیی لە کۆی بودجەی بەکاربردنی ساڵی (٢٠٠٩) دەگاتە (١٠،٥٪)، بێجگە لەوەی کە ئەم خروقاتانە زۆر بـواری تری بـەدەر لە مووچەشی گرتووەتەوە، وەک: شمەکو خزمەتگوزاریی چاکردنەوە، باربوو، بەخشینو سـوودی کۆمەڵایەتی، تەنیا خروقاتی (باربوو، بەخشینو سوودی کۆمەڵایەتی) دەگاتە (١٤١،٤) ملیار دینار، خۆ ئەگەر خروقاتی (خەرجییەکانی تر)ی بچێتە سـەر، ئـەوا رێـژەی خروقاتی تەنیا ئەو چەند بوارە دەگاتە (٢٢،٩٢٪) لە کۆی بڕی خروقاتی بودجەی بەکاربردنی (٢٠٠٩).

**رۆژنامە: تا چەند حکومەت توانیویەتی، سیاسەتێکی کارکردنی سەرکەوتووی هەبێت بۆ خەرجکردنی بودجەکە؟**

* ئەگەر سەیری نەفەقاتی وەبەرهێنان بکەین، دەبینین (٨٠،٦٪) جێبەجێکراوە، واتـە حکومەت نەیتوانیوە سـوود لەو پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ وەبەرهێنان بگەیەنێتە ئەرزی واقیع، کە خۆشی بە پێی پلان دایناوە، کە دەگاتە رێژەی (٢٧،١٪) لە کۆی گشتیی بودجەی (٢٠٠٩).

لە بەرامبەر ئەمەدا دەبینین کە حکومەت لە بەشی خەرجییەکاندا، نەک هەر تەنیا (٦١٪)ی خەرجکردووە، بەڵکو وەک بینیمان زیادەڕۆیی زۆری تیا کردووە، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کە بۆ حکومەت دەتوانێت بودجەی بەکارهێنان بە زیادەوە خـەرج بکات؟ بـەڵام لە وەبەرهێناندا، جێبەجێکردنەکە تەنیا (٨٠٪)یە؟

**رۆژنـامـە: کەواتە، ئـەدای حکومەت سستەو لە ئاستی پێویستدا نەبووە؟**

بێگومان، ئەو داتایانەی لە بودجەی خیتامیی (٢٠٠٩)دا هــەن، ئـەوەمـان پێدەڵێن، کە ئەدای حکومەت بە تایبەت لـە بـواری وەبـەرهـێـنـانـدا سستو لاوازەو بە پێچەوانەشەوە لە بـواری بەکارهێنانو خـەرجکردندا لە پێویست زیاترە، ئەمەش بەشێکی بۆ ناکاراییی حکومەت دەگەڕێتەوەو بەشێکی بێتوانایی ئیدارەی ئابووریی وڵاتەو هەندێکیشی ناپڕۆفیشناڵییەتە لە بڕیاردروستکردنداو بەشێکی تریشی دانەبەزاندنی دەسەڵاتە بۆ ئاستەکانی خـوارەوەی جومگەکانی دەسـەڵاتو قەتیسکردنیەتی لە ئاستە باڵاکانداو هۆی تریش.

**رۆژنـامـە: ئـەو زیـادەڕۆیـیـەی لە بودجەکەدا کــراوە، لە چ بابێکدایە، روونکراوەتەوە؟**

* زیادەڕۆیی کراوە، بەڵام ئەوە دیاری نەکراوە، کە بۆچی خەرجکراوە، ئایا بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی، یان حیزبیی، یان پەیوەندیی عەشایەری، یان دەسەڵات سەرفیکردووە؟، بۆ نموونە: لەژێر ناوی خزمەتی دیکە (هەمەجۆر) بڕی (٤٢٩،٣) ملیار دیناری سەرفکردووە، کە نازانرێت

> **لەژێر ناوی خزمەتی دیکە (٤٢٩,٣) ملیار دیناری سەرفکردووە، کە نازانرێت چییەو چین، کە دەبوو پەرلەمانتاران لەمەدا بێدەنگ نەبن**

چییەو چین، کە دەبـوو پەرلەمانتاران لەمەدا بێدەنگ نەبن.

**رۆژنـامـە: زیاتر (١٨٪)ی بودجەی بەکاربەر، بۆ مەترسیی ئەمنیی دانراوە، ئایا ئێمە لە کوردستان پێویستمان بەم پارە زۆرە هەیە؟**

* بێگومان نـەخـێـر، چونکە ئەو خەرجییانەی لە بـری مەترسییەکانی ئاسایش سەرفکراون، نەک دەزگاکانی ئاسایش، (٢٥٣،٦) ملیار دینارە، کە دەکاتە (١٨،٣٤٪)ی بودجەی بەکارهێنان، ئەمەش بودجەیەکی ئێجگار گـەورەیـە، کە بۆ مەترسیی ئەمنیی دانراوە لە کوردستانێکدا

> **ئەو خەرجییانەی لە بری مەترسییەکانی ئاسایش سەرفکراون، (٢٥٣،٦)ملیار دینارە، کە دەکاتە (١٨،٣٤٪)ی بودجەی بەکارهێنان، ئەمەش بڕێکی ئێجگار گەورەیە کە بۆ مەترسیی ئەمنیی دانراوە لە کوردستانێکدا کە باس لە سەقامگیریی ئاسایشو ئارامیی دەکرێت**

کە باس لە سەقامگیریی ئاسایشو ئارامیی دەکرێت، خۆ ئەگەر بۆ لێپرسراوەکانی بەغداش بێت ئەوە کوردستان بە رێژەی (١٧٪) پشکی خۆی لە بودجەی سیادی داوە بە ئامانجی بەشداریی کوردستان لە قورسایی خەرجی ئاسایشی بەغدادا.

هـەربـۆیـە پـێـویـسـتـە بـۆ ئـەمـە، وەڵامێک هەبێت لەلایەن بەرپرسانو پەرلەمانتارانەوە، یان لانیکەم لە حساباتە خیتامییەکەدا روونبکرایەتەوە، ئەگەر ئاسایش سەقامگیرە لە هەرێم، بۆ ئەو بڕە پـارە زۆرەی بۆ تەرخانکراوە؟ لە کاتێکدا پاراستنی ئەمنیەتو مووچەی بەرپرسەکانی هەرێم لە بەغدا لە بودجەی سیادی دەدرێت، نەک هەرێم.

**رۆژنامە: لە خەرجییەکانو دەرماڵەشدا، ناڕۆشنیو خروقات هەیە؟**

* ئەمە راستە، چونکە لە خەرجییەکانی دیکە (٥٨٧،٥) ملیار دانراوە لە بڕگەی (٦) لە شێوازی خەرجییەکاندا، بەڵام دیاری نەکراوە خەرجییەکانی دیکە مەبەستی چییەو چین، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە کە تۆ نەزانی ئەو خەرجییانە چین.

لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵێک دەرماڵەی تر لە بابی دەرمـاڵـەدا هـاتـووە، بەڵام ریزبەندییەکانی (١١،١٣،١٤،١٦،٢٠)ی پەڕاندووە، بۆچی ئاماژەیان بۆ نەکراوە؟! تەفسیرمان لا نییە.

**رۆژنـامـە: تـا چەند بودجەکە بە دادپەروەرانە دانراوەو خەرجکراوە؟**

* زۆر نـادادپـەروەرانـەیـە، ئەوەتا دەرماڵەی خۆشگوزەرانیی رەسمیی، کە بۆ سەیرانو گەشتو خۆشییە، زیاتر لە (٢٠) ملیاری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەرامبەر بەمە دەرمـاڵـەی کار(مهنی) (٤٦) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە دەکاتە (٠،٠٠٣٪) بودجەی بەکاربردن، ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەت باس لە بوونی بێکاریی لە کوردستاندا دەکاتو حکومەت پێویستە بەشێوەی بەردەوام چاکسازیی لە پەیکەربەندیی هێزی کاری کوردستاندا بکاتو هێزی کار بگونجێنێت بۆ بـازاڕی کار لەڕێگەی گەشەپێدانی میهەنیو پیشەیی گەنجەکانەوە، بۆیە ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی حکومەت ئیشی پێ دەکات، زۆر ناواقیعیەو بە ئاراستەی قـووڵـکـردنـەوەی قەیرانە ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکانە، نەک چارەسەر، ئەمەش بەڕوونیی لە فەلسەفەی بودجەی (٢٠٠٩)دا هەستی پێدەکرێت.

**رۆژنامە: کەواتە، لەکاتی دابەشکردنی بودجەکەو سەرفکردنیدا، حکومەت بـەرژەوەنـدیـی کۆمەڵگەی لەبەرچاو نەگرتووە؟**

* ئەمە خاڵێکی گرنگە، کاتێک حکومەت بۆ دەرماڵەی هاوسەرگیریی، (١٠١،٩)ملیار دیناری داناوە، کە دەکاتە (٧٪)ی بودجەکەو دەرماڵەی منداڵی بە (٤٨) ملیار دینار دیاریکردووە، کە ئەمیش دەکاتە (٣٪)ی بودجەکە، ئەوا بۆ دەرماڵەی مەترسیی زیاتر لە (٢٥٣) ملیاری تەرخانکردووە، ئەمە گرنگە کە حکومەت چاوێکی ⟵

## سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیی جوانکاریی سەرچنار:

# سەیرانگای سەرچنار، بەنیوەناچڵی کراوەتەوە

راپۆرتی: سۆکار عەبدوڵڵا

سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری جوانکاریی هاوینەهەواری سەرچنار، دان بەوەدا دەنێت، سەرەڕای ئەوەی پڕۆژەکە دووساڵ لەوادەی خۆی دواکەوتووە، بەنیوەناچڵیو تەواونەکراویی کردوویانەتەوە.

ئەندازیار کەمال عەبدوڵڵا، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی کردوومانە لەگەڵ کۆمپانیای بەلاغی لوبنانیدا، دەبوو لە (٢٠٠٨/٧/١٥)دا پڕۆژەی جوانکاریی سەرچنار تەواوبکرایە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک، کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆمپانیای بەلاغ کە خۆیان کێشەیان هەبوو لەناو خۆیانداو ئەو ستافەی کە لێرەبوون پەیوەندییەکی پتەویان نەبوو لەگەڵ لوبنانداو متمانە نەبوو لەنێوانیانداو دووربوونی سەرۆکی کۆمپانیاکە لە پڕۆژەکەوە، پڕۆژەکە دواکەوت».

وتیشی: «بڕیارماندا هەرچۆنێک بێت لەم مانگەدا ئەو پڕۆژەیە بکەینەوە، ئەگەر بەنیوەناچڵیش بێت، کردنەوەکەشی کاتییەو مەرجی زۆریشمان داناوە کە هەرچۆنێک بووە، گەیاندمانە ئەو ئاستەی کە دەستبدات بۆ کردنەوە».

کردنەوەی پڕۆژەکە بەوشێوەیە کە لەئێستادا (٥٥٪)ی تەواو بووەو چەند بەشێکی ماوە تەواوبکرێن، لەوانە (کردنەوەی بینایەکی VIP) کە پێکهاتووە لە دوو نهۆم لە بەشی خوارەوەی پڕۆژەکەیەو دەریاچەیەکو بەنداوێکیش ماوە، لەگەڵ رێگەیەکدا کە ئەو شوێنە دەبەستێتەوە بە سەیرانگای نەورۆزەوە).

ئەندازیار کەمال عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە ئاشکرایکرد: «پڕۆژەکە کەموکوڕیی زۆری تێدایە، کە دەبێت جێبەجێیان بکەین، وەکو تاڤگەکان کە بەجوانیی کارناکەنو زۆر کاری جوانکاریی تریش، وەک ناشتنی گوڵو دارو درەخت، بۆیە هێشتا پڕۆژەکە کەموکورتی زۆری تێدا ماوەو زۆر شتی تریش کە دەبوایە شوێنی بەلەمەوانیی تێدابوایە بۆ گەشتیاران، کە کۆمپانیاکە بەڵێنیان دابوو لە رۆژی کردنەوەکەدا ئەم کارانە تەواوبکەن، بەڵام ئێستا وایان پیشاندایین کە ئەم شتانە لەسەر سنوورنو هێشتا نەگەیشتوونەتە دەستیان، بۆیە تەواو نەبووە».

بەشێکی تری کارە تەواونەکراوەکانی پڕۆژەی جوانکاریی هاوینەهەواری سەرچنار، بریتین لەهۆڵێکی گەورە بۆ یاری منداڵانو یارییە ئەلکترۆنییەکان بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٠- ١٤) ساڵاندایە، لەگەڵ شوێنی دانیشتنو حەوانەوەو هەندێک شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

ئەندازیاری سەرۆکی لیژنەی جوانکارییەکە، ئاماژەی بەوەکرد: «گرێبەستێکی تازەمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا مۆرکردووە، ئەو کارە تەواونەکراوانەی لەخۆگرتووەو زۆر مەرجیشمان بەسەریاندا سەپاندووە، کە دەبێت ئەو پڕۆژەیە تا رۆژی (٢٠١١/٣/٢١)، کە دەکاتە یەکەم رۆژی نەورۆز، تەواو بکەنو لەوکاتەوە بەشێوەیەکی بەردەوامو بەفەرمیی بکرێتەوە».

لەئێستادا چوونە ژوورەوەی هاوڵاتییان بۆ سەیرانگاکە، بێبەرامبەرەو بە وتەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە، مەرجی ئەوەیان سەپاندووە کە تا ساڵی تازە، چوونەژوورەوە بۆ هاوڵاتییان بێبەرامبەر بێت، لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیاکە داوا دەکەن، تا (٩/١)بێت: «بەڵام ئێمە پێداگیریی دەکەین کە تا کاتی کردنەوەی فەرمیی بێبەرامبەر بێت، نەک تا ساڵی تازەش».

ئەندازیار کەمال عەبدوڵڵا، سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی دیکەی پڕۆژەکە، وتی: «کێشەیەکی ترمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە رووناکیی ناو سەیرانگاکە زۆر لاوازە، بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێت جێبەجێنەکراوەو لە جێگەی وەستانی ئۆتۆمبێلدا کێشەمان هەیە، لەوەشدا دەبێت شوێنێکی باشی بۆ دابینبکەینو خۆشمان گۆڕەپانێکمان هەیە لەناو سەرچناردا لەبەردەم یانەی پێشمەرگە، کە گەڕاوەتەوە بۆ خۆمانو دەتوانین لەوێش بێبەرامبەر ئۆتۆمبێل رابگرین».


لەئێستاداو دوای کردنەوەی سەیرانگاکە، خواردنەوە کحولییەکان قەدەغەکراونو بە وتەی سەرۆکی لیژنەی جوانکاریی سەرچنار: «دەبێت ئەو کەسانەی کە دەچنە سەیرانگاکە، پابەندبن بە رێنماییەکانەوە، وەکو خواردنەوەی کحولیی نەبەنە ژوورەوەو چەرەسات نەخۆنو پاکو خاوێنی رابگرن، چەند شوێنێکیش هەیە بۆ خواردنەوە کحولییەکان، کە چەپەکو لابەلانو بۆخێزان نین، لەوانەشە شوێنی تریش دابنێین بۆ ئەو خواردنەوانە کە لە پشتی پڕۆژەکەوەیەو هاتوچۆکەیو دەرگاکەی هەر دەکەوێتە پشتی پڕۆژەکەوە، بەڵام تا ئێستا بەتەواوی بڕیاری لەسەر نەدراوە».

پڕۆژەی نوێکردنەوەو جوانکاریی سەرچنار، بەشێوەی موساتەحەو بۆماوەی (٣٠)ساڵ دراوەتە کۆمپانیای بەلاغی لوبنانیو هیچ بودجەیەکی لەلایەن حکومەتەوە بۆ تەرخاننەکراوەو برگەو پلانی جوانکارییەکەی لە گرێبەستەکەدا دیارینەکراوە.

لەو بارەیەوە، سەرۆکی لیژنەی جوانکاریی سەرچنار، وتی: «گرێبەستەکەمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا لاوازە، بەڵام بە وتەی خۆیان، ئەوان دەڵێن، نزیکەی چوار ملیۆن دۆلارمان تێدا خەرجکردووەو لەچوارچێوەی ئەو بڕە پارەیەشدا، (٧٥٠) هەزار دۆلاریان داوە بە قەرەبوو، بۆ ئەو کەسانەی کە کۆشکیان هەبوو لەناو سەرچنار، بەڵام بڕوامان نییە، ئەو بڕە پارەیەی تێدا خەرجکرابێت، کە ئەوان دەیڵێن، بەڵام ئەگەر ئەمجارە پڕۆژەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو نەکەن، ئەوا ئێمە بۆمان هەیە بەبێ ئاگادارکردنەوە، پڕۆژەکەیان لێبسێنینەوە».



کەماڵ عەبدوڵڵا



هاوینەهەواری سەرچنار

## وەزیری تەندروستی: سیستمی تەندروستی دەگۆڕین

# شارەزایەک: تا سیستمی سیاسیی نەگۆڕێت، تەندروستیش ناگۆڕێت

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

وەزارەتی تەندروستی بە نیازی گۆڕینی سیستمی تەندروستی هەرێمە، شارەزایەکی تەندروستیش رەشبینە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەو پێیوایە: حیزب رێگرییان لێدەکات.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەنیازی گۆڕینی سیستمی تەندروستین، بەشێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێتو بتوانێت سەرجەم سێکتەرەکانی تەندروستی بگرێتەوە، هەرچەندە گۆڕینی سیستمەکە کارێکی درێژخایەن دەبێت، بەڵام بڕیارمانداوە هەنگاوی جدیی بۆ بنێین.

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم هەنگاوی یەکەمی بۆ گۆڕینی سیستمی تەندروستی ناوە، بۆ ئەو مەبەستەش دوو گرووپی تەرخانکردووە کە لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگانە دەکەن، کە لەبەردەم سیستمی تەندروستیدانو خراپییەکان دەستنیشاندەکەن، بۆ تەواوکردنی ئەو کارانەش کابینەی شەشەم سوود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەو دوو گرووپە وەردەگرن.

وەزیری تەندروستی وتی: «بڕیارە ئەو گرووپانە کەموکوڕییەکانمان پێ بڵێن تا ئێمە بزانین بە چ پڕۆژەیەک دەتوانین چارەسەریان بکەین، هاوکات ئێمە خۆمان لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆڕو شارەزای ناوەوەو دەرەوەی هەرێم قسە دەکەینو سوود لە شارەزاییان وەردەگرین».



بەڵام شارەزایانی بواری تەندروستی رەشبینن بەرامبەر بەو گۆڕانکارییانەو پێیانوایە: هەڵەو کەموکورتییەکانی ئەو کەرتە بەشێوەیەک نییە کە بە گرووپو لیژنەو کۆنفرانس چارەسەربکرێت.

د.محەمەد ئەمین، شارەزا لە بواری کەرتی تەندروستیدا، بۆ رۆژنامە ئەوەی روونکردەوە: راستە لە کوردستاندا شارەزاو عەقڵی باش هەیە، بەڵام ئەو عەقڵانە ناتوانن گۆڕانکاریی بکەن، وتیشی: «لە کوردستان حیزب وایکردووە کە وەزیر دەسەڵاتی نەبێت بۆ گۆڕینی سیستمەکە، هەربۆیە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە هەتا نیزامی سیاسیی لە کوردستاندا نەگۆڕێت، سیستمی تەندروستی گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە گۆڕینی ئەو سیستمە پێویستی بە پاڵنەرێکە کە سیستەمی سیاسیی یارمەتی بدات».

ئەو شارەزایەی کەرتی تەندروستی پێیوایە: پێویستە لە تەندروستیدا سیستمی لامەرکەزیەت پەیڕەوبکرێتو مەرکەزیەت نەمێنێت، «بەڵام لە کوردستاندا هەموو شتەکان لەسەرەوە دەکرێنو راوێژ بە شارەزایانی خوار خۆیان ناکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد: لە گۆڕینی سیستمەکەدا دەبێت کەرتی گشتییو کە حکومەتە، لە کەرتی تایبەت جیابکرێتەوە، کە خەڵکە، چونکە لە تێکەڵبوونی ئەو دوو کەرتەدا هەم پزیشکو هەم نەخۆشیش زەرەر دەکەن، ئەمە جگە لەوەی گۆڕینی سیستمی تەندروستی پێویستی بە سیستمی ئابووریی ئازاد هەیە.

لە ئێستادا لە کوردستان ژمارەیەک کۆمپانیا هەن کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیی بە بڕە پارەیەکی زۆر خەڵک دەبەن بۆ ئوردون، یان ئێران، کە بە وتەی د.محەمەد ئەو کۆمپانیایانە هیچیان تایبەتمەندو شارەزا نین لە تەندروستیدا، تەنیا ئەمە جگە لەو کۆمپانیایانەی کە کەلوپەلی تەندروستیو دەرمان دەهێنن، کە زۆربەیان تایبەتمەند نینو خەڵکی شارەزایان لەگەڵدا نییە.

لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستانیش بەشداریی لە گۆڕینی سیستمی تەندروستدا دەکاتو بۆ ئەو مەبەستەش چەندجارێک لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە.

د.رێباز فەتاح، ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: گۆڕینی سیستمی تەندروستی کارێکی هەروا ئاسان نییەو چەندین قۆناغی دەوێت، چونکە ئەو سیستمە چەندین ساڵە وەزارەت کاری پێدەکاتو ناکرێت لە کۆنفراسێکدا سەرجەم بڕیارەکان بۆ گۆڕینی سیستمەکە دەربکرێت، «بەنیازین لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا هەنگاوەکان بگرینەبەرو بە هاوکاریی هەندێک رێکخراوی جیهانیی کۆنفرانسێک ببەستین بۆ دیاریکردنی ئەو هەڵانەی کە لە سیستمەکەدا هەیەو چۆنیش چارەسەردەکرێن».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە، تەندروستی یەکێکە لەو سێکتەرانەی کە لە رووی تێکەڵبوونی بە دەستی حیزبەوە لە زۆر بواری دیکە باشترە، بەڵام هەر بێبەش نییە لێی، هەروەک وتی: «حیزب دەستێکی باڵای هەیە لە دیاریکردنی پۆستی باڵای بواری تەندروستیدا، ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر دانانی کەسی بەتوانا لەو پۆستانەدا، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە، جیاکردنەوەی حیزب لەم کەرتە کاریگەریی جدیی دەبێت لەسەر ئەوەی کە تەندروستی ئەدای باشتربێت».

بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستی بەنیازی بەستنی کۆنفرانسێکی چەند رۆژەیە، کە لە مانگی (شوبات)ی (٢٠١١)دا ئەنجامی بدات، لیژنەیەکی ئامادەکاریشیان بۆ ئەو مەبەستە داناوەو سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە پێشکەشکراون تاووتوێیان دەکەنو بە وتەی وەزیری تەندروستیش «هەر ئەو لیژنەیە بڕیار لە بودجەی پێویست بۆ گۆڕینی سیستمەکە دەدەن»،

بەڵام تروسکەی گەشبینیی بەرامبەر بە گۆڕانکاریی جدیی لەو سیستمەدا لاوازە، ئەوەی ئەو تروسکەیەشی لاوازکردووە، کارپێنەکردنی ئەو پرۆژانەیە کە بە درێژایی کابینەکانی پێشووی حکومەت شارەزایانی بواری تەندروستی پێشکەشیان کردووە.

د.محەمەد ئەمین وتی: «رەشبینم بەرامبەر بە گۆڕانکاریی لەو سیستمەدا، چونکە حیزب لە پشت هەموو شتێکەوەیە لە کوردستانو رێگرە لە گۆڕانکارییەکان، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەم کارپێنەکردنی هەموو ئەو پرۆژانەیە کە بەدرێژایی (١٠) ساڵی رابردوو لەلایەن خەمخۆرانو شارەزایانی تەندروستییەوە پێشکەشکراون، بەڵام هەموویان بوونەتە بڵقی سەر ئاو».

حکومەتی هەرێم سەربەخۆ پرۆژە ئەنجام دەدات 18

# دە ڕۆژ بۆ ڕەخنەگرتن

ڕۆژنامە

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات، هەر خوێندکارێک دەتوانێت لە ماوەی (دە) ڕۆژدا ڕەخنەکانی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان پێشکەش بکات.

ڕۆژی (7/9) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی ئەمساڵی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی ئاشکراکرا، کە ڕێژەی دەرچوون گەیشتە(٢٥٪)،دوابەدوای ئاشکراکردنی ئەنجامەکەش بەشێک لە خوێندکاران ڕەخنەیان لەتاقیکردنەوەکان گرت.

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئەگەر هەر خوێندکارێکی پۆلی (١٢)، ڕەخنەو تانەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان هەبوو، دەتوانێت لە ماوەی (دە) ڕۆژدا لەڕێگەی فۆرمی تایبەتو خوێندنگەکانیانەوە ڕەخنەکانیان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە بکەن، ئەوەیشی خستەڕوو: لیژنەیەکی تایبەت لە لیژنەی باڵای ئەزموونەکان وردبینی بۆ ڕەخنەو تانەکان دەکاتو هەر هەڵەیەک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا هەبێت چاکدەکرێتەوە.

# فۆڕمی دامەزراندن کێشە دروستدەکات



ڕۆژنامە

داوای دامەزراندنی (٦٠) کەس لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کێشە بۆ دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان دروستدەکات.

تائێستا نزیکەی (٥) هەزار دەرچوو دانەمەزراون، بەڵام وەزارەتی داراییو ئابووریی لە شاری سلێمانی، داوای دامەزراندنی تەنیا (٦٠) لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکانی دەرەوەی شاری کردبوو، ڕۆژی یەکشەمە (7/11) بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو فۆڕمە بە سەدان لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان ڕوویانکردە وەزارەتی داراییو دواتریش گرژییو ئاڵۆزیی لەنێوان دەرچووانو وەزارەتی داراییدا دروستبوو بەوهۆیەوە پۆلیس چەند خوێندکارێکی دەستگیرکرد.

دەرچوویەکی پەیمانگە، کە لە دەرەوەی شاری سلێمانییەوە هاتبوو بۆ وەرگرتنی فۆڕم ئاماژەی بەوەکرد: بەهۆی کەمیی فۆڕمەکانەوە، دەرچووان نارەزاییان دەربڕیو ڕژانە ناو بینای وەزارەتەوە بۆ وەرگرتنی فۆڕمی دیکە، دواتر لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە بڵاوەیان پێکرا.

هەنار عەلی، جێگری بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی دارایی ئاشکرایکرد: ئێمە پێویستمان بە دامەزراندنی (٦٠) دەرچوو لە قەزاو ناحیەکان هەیە بە مەرجێک هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسو دبلۆم بن، بەڵام بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانەوە کێشەی لێکەوتەوە.

# وردەکاریی زەماڵەی خوێندنو ناردنەدەرەوەی خوێندکاران





د. گۆڤەند شیروانی

سازدانی:
ئارام محەمەد – هێمن محەمەد

**چوار شێوازی خوێندن**

سەبارەت بە شێوازی خوێندن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، د.گۆڤەند شیروانی، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی ناردنو پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ ڕۆژنامە وتی: «چوارجۆر شێوازی خوێندنمان هەیە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ خوێندنی باڵا، شێوازی یەکەم ناردنە، واتە هەموو خەرجییەکانی لەسەر حکومەتە، لەمەدا وڵاتەکەو تایبەتمەندییەکەی دەستنیشاندەکەینو بەپێی پێداویستی حکومەت یاخود زانکۆکان خەڵکێک دەنێردرێت لەسەر بنەڕەتی پێشبڕکێ، شێوازی دووەم پێیدەڵێن زەماڵە، ئەوەش ئەوەیە کە پێمان دەبەخشرێت لە وڵاتانی دەرەوە، ئەوە کرێی زانکۆکەی تێدا نییە، بۆ نموونە ساڵی پار (١٠٠) کورسی خوێندنمان لە فەرەنساوە بۆ دابینکرابوو، ئەمساڵ (٣٠) کورسییە، ڕادەگەینرێت لەسەر ئاستی زانکۆکان، قوتابییان داواکاریی پێشکەش دەکەن، پاش دیاریکردنی پسپۆڕییەکانو بەپێی پێشبڕکێ، قوتابی دەنێردرێن بۆ خوێندن. شێوازی سێیەم بریتییە لە مۆڵەتی خوێندن، واتە کەسێک فەرمانبەری حکومەت بێت، دەیەوێت خوێندن تەواو بکات، ڕەزامەندیی زانکۆیەکی دەرەوە وەردەگرێتو پاشان داواکاریی پێشکەش دەکات، ئەوکات وەزارەتی دارایی ڕای خۆی دەردەبڕێت لە ئاستی ئەو زانکۆیەی لێی دەخوێنێو جۆری پسپۆڕییەکە، پاشان ئێمە وردبینیی داواکەی دەکەین لە باوەڕپێکراویی ئەو زانکۆیەو دواتر فەرمانی بۆ دەردەچێت بۆ مۆڵەتی خوێندن، شێوازی چوارەم، ئەو کەسانەی کە مەرجەکانیان نییە لە هەرسێ جۆری پێشەوە، دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن لەسەر ئەرکی خۆیان، لە هەر چوار جۆرەکە، بۆ ئێمە شێوازی یەکەم گرنگە، کە ناردنە، چونکە ئەرکێکی گەورەیە بۆ حکومەتو بودجەیەکی زۆریشی تێدەچێت، لەم جۆرەشدا ئێمە دوو سەرچاوەمان هەیە: یەکەم، پشکی ئێمە وەک حکومەتی هەرێم لەو کورسیانەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق تەرخاندەکرێن، بەشەکەش (١٧٪)، هەندێکجار زیاتر یان کەمترە، بەڵام ئێمە جەخت ناکەین لەو (١٧٪)، چونکە هەندێکجار ئێمە بەشی خۆمان وەردەگرین، کەچی پاڵێوراومان نییە، دوا پشکی هەرێم نزیکەی (٦٠-٧٠) کورسی بوو، ئەوەش کارەکان تەواوبوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو زەمالانە.

**چوار زانکۆ دەکرێنەوە**

بەپێی دوا کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەرکەوتووە کە ئەمساڵ وەزارەت تەنیا توانای وەرگرتنی (٢٥) هەزار قوتابی هەیە، لەکاتێکدا پێشبینی ئەوە دەکرێت (٤٠) هەزار قوتابی داوای وەرگرتن پێشکەش بکەن، سەبارەت بە گرفتی کەمیی پسپۆڕییو کەمیی زانکۆ، د.گۆڤەند وتی: «پاش ئەوەی تێبینی ئەوەمان کرد کە پێویستی زۆرمان بە پسپۆڕییە، بڕیارە چوار زانکۆ بکرێنەوە، حکومەت پلانێکی گەورەی داناوە، هەروەها بودجەیەکی گەورەشی بۆ تەرخانکرا، کە (١٠٠) ملیۆن دۆلارەو بەشی هەموو وەزارەتەکان هەیە بۆ خوێندنی باڵا، چونکە لە بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا هەموو وەزارەتەکان پێویستیان پێیە، نەک تەنیا وەزارەتی خوێندنی باڵا».

**ساڵانە (١٠٠) ملیۆن دۆلار**

بەڕێوەبەری گشتیی ناردنو پەیوەندییەکان ئاماژەی بەوەشکرد: «ئەو بودجەیە ساڵانەیە، من پێم وانییە بۆ یەک ساڵ بێت، بڕوام وایە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، سەبارەت بە خەرجکردنیش ئێمە وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامادەکاریی خۆمان کردووە، بەڵام ئەو پرۆژەیە هی سەرۆکایەتی حکومەتەو بەپێی پێشبڕکێ خەڵک وەردەگیرێت بۆ ئەو زەمالانە، ئەو کەسانەشی کە سەفەر دەکەن زۆرینەیان پێویستیان بە کۆرسی زمان هەیە، سەبارەت بە جۆری وڵاتو زانکۆکان ئێمە ئەولەویەت دەدەین بەو زانکۆیانەی کە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، چونکە زۆرێک لە خەڵکی ئێمە کاتێکی کەمتری پێویستە بۆ فێربوونی ئینگلیزی لەچاو زمانەکانی دیکە، واتە کۆرسێکی کەمتری دەوێت بە بەراورد بە ئەڵمانیو فەرەنسی، هەروەها سیستمی خوێندنی ئێمە نزیکە لە سیستمی ئەمریکیو بەریتانی».

**مۆڵەتی خوێندنو مووچە**

سەبارەت بەو قوتابیانەی دەیانەوێت لە دەرەوەی وڵات بخوێننو مووچەی فەرمانبەریشیان بەردەوام بێت، د.گۆڤەند وتی: «ئەوە پێیدەوترێت مۆڵەتی خوێندنو پێشتریش هەر هەبووە، بەڵام تەنیا نیو مووچە دەدرا، ئێستا یاسایەکی تازە دەرچووە، یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)، بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر فەرمانبەر مۆڵەتی خوێندنی وەرگرتو بەردەوام بوو لەسەر خوێندنی باڵا، ئەوا مووچەکەی نابڕدرێت، ئێمە ئامۆژگاریی هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە دەیانەوێت لە وڵاتانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خوێندن تەواوبکەن، هەوڵبدەن سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکەن، ئێمە فایلێکی تایبەتیان بۆ دەکەینەوە، دڵنیای کەسەکە دەکەینەوە ئەو زانکۆیە باوەڕپێکراوە یان نا، یاخود ئەو خوێندنە باشە یان نا، چونکە ئەستەمە دوای تەواوکردنی خوێندن هەستبکەیت زانکۆکەت باوەڕپێکراو نییە، یاخود بە ئاستێکی بەرز دانانرێت، ئێمە تاقیکردنەوەیەکی ئەو کەسانە دەکەینەوە کە بڕوانامەیان بەدەستهێناوە، بۆئەوەی دڵنیابین ئاخۆ ئەو کەسە لەئاستی پێویستدایە یاخود نا، بۆ هەموو پسپۆڕە پزیشکییەکانو پسپۆڕییە ئاساییەکانیش دەکرێت، لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر دەیانەوێت بڕوانامەی باڵا وەربگرن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر سەرقاڵی بازرگانیکردنە بەو بوارە، خەڵک دەنێرن بۆ زانکۆی باوەڕپێنەکراو، ئێمە لە وەزارەت ڕێبەری زانکۆکانی جیهانمان هەیە، ناوی زانکۆو پرۆگرامی خوێندنی تێدا هەیە، تەنانەت زنجیرەی ئەو زانکۆیەشمان لایە ئایا لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە ئەو زانکۆیە پلە چەندە، هەروەها من بڕوام وایە پێویستە ڕێنمایی بۆ ئەو بابەتە دابنرێت، ئێستا پەیمانگایە یان کۆمپانیا کە هەڵدەستێت بەو کارە، پێویستە ڕێنمایی دەربکەین بۆ ئەو مەبەستە، چونکە نابێت هەموو کەس بۆی هەبێت ئەو کارە بکات، دەبێت توانای هەبێت، بۆئەوەی ئێمە دڵنیابین لەوەی کە خەڵک ئیستغلال ناکات، یاخود خەڵک نانێرێت بۆ شوێنێک کە گونجاو نەبێت».

**زەمالەی بەتاڵ**

لەئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، کە بەشێک لە زەمالەکان بە بەتاڵیی دەمێننەوە، لەکاتێکدا سەدان قوتابی دەیانەوێت بخوێنن، لەوبارەیەوە د.گۆڤەند دەڵێت: «ساڵانی ڕابردوو ڕەنگە هەندێک خەڵک نێردرابێت، ئاستی وەک پێویست نەبووە، هەرچەندە هەموو کەسێک پێویستە سێ خاڵی تێدا هەبێت بۆئەوەی سەرکەوتووبێت، (توانای زانستی، توانستی زمان، خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەو ژینگەو دەوروبەر)، هەندێک کەس دەبینی زۆر زیرەکەو زمانەکەش کێشەی نییە، بەڵام ناتوانێت خۆی بگونجێنێت، بەمەش تووشی نەخۆشیی دەروونیی دەبێت، بۆیە ناچار دەبێت بگەڕێتەوە، ئێمە پار کۆمەڵە کەسێکمان نارد بۆ فەرەنسا، هەموو ئەو کەسانە زیرەک بوونو لە ئەنجامی پێشبڕکێ سەرکەوتبوون، بەڵام پێنج کەسیان نەیانتوانی لەگەڵ کۆمەڵگەو شێوازی خوێندنو ژیان بگونجێن، بەمەش تووشی نەخۆشیو کێشە هاتنو گەڕانەوە، بۆ ئەمساڵ چەند مەرجێکمان هەیە، کۆ نمرە مەرجێکی سەرەکییە، بەڵام ئەمساڵ کەمکراوەتەوە بۆ (٦٥) یاخود چارەکی یەکەمی کۆلێژەکان، واتە (١٠) قوتابی یەکەم بە زنجیرە، ئەمساڵ مەرجێکی دیکەمان زیادکردووە، ئەویش توانستی زمانی ئینگلیزییە، بۆچوون هەبوو ئەوە مەرجێکی سەرەکیی بێت، بەڵام هەستمان کرد ئەوە گرفت دروستدەکات، بۆیە ئەو مەرجەمان کردە زیادە، بۆ نموونە لە بەریتانیا ماستەر یەک ساڵە، ئەگەر ئەوکەسە کێشەی زمانی نەبێت، ئەوا بە ساڵێک تەواودەبێت، بەڵام ئەوانەی زمان نازانن ساڵێک خولی زمانیان پێویستە.

ئاماژەی بەوەشکرد: تێچووی خوێندنی دکتۆرا (١٢٠) ملیۆن دۆلارە، بۆیە زۆر گرنگە کەسی گونجاوو بەتوانا بنێرین، ساڵی پار (١٠٠) زەمالەی فەرنسامان بۆ هات، بەپێی پێشبڕکێ تەنیا توانیمان (٧٣) کەس وەربگرینو بیاننێرین، (٢٧) کورسی بە بەتاڵی مایەوە، بەڵام هەموو پێوەرەکان هی ئێمە نییە، بەڵکو بەشێکیان هی لایەنی وەرگرە، دەبێت ئەو کەسە لە هەردوو مەرجی ئێمەو ئەوان دەربچێت».

**ئارەزوومەندان چی بکەن**

سەبارەت بەوەی مامۆستایان چۆن دەتوانن سوود وەربگرن لەو دەرفەتانەی ئێستا هەیە بۆ خوێندنی باڵا، د.گۆڤەند دەڵێت: «وەزارەتی پەروەردەو وەزیری خوێندنی باڵا ئەندامن لە لیژنەی پرۆژەکە، ئێستا هەر وەزارەتەو پلانی خۆی دادەنێت بەبێ ناو، واتا دیاریکردنی ڕێژەی پسپۆڕییەکان، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەبێت بە پێشبڕکێ بێت».

وتیشی: «ئێستا نزیکەی (١٢٠٠) قوتابیمان هەیە لە خوێندنی باڵا، ئێستا پرۆگرامی تازە دەستپێدەکاتو ڕێژەکە جیاوازە، پێش ئەوەی ئەو کەسە بنێرین، کەفالەتی لێ وەردەگیرێت کە بگەڕێتەوە، گرنگترین شت بۆ ئێمە بەدواداچوونی کارو خوێندنی ئەو قوتابیانەیە لە دەرەوە، لە هەموو وڵاتێک حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتی نییە، تاکو بەدواداچوون بکات، پێویستە لەگەڵ نوێنەرایەتیش چەند فەرمانبەرێک هەبن، وەک پاشکۆی کلتووری کاربکەن، چاودێریی ئەو قوتابیانە بکرێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان».

**(٢) هەزار مامۆستای عەرەب**

سەبارەت بە هاتنی مامۆستای عەرەب بۆ زانکۆکانی کوردستان، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە وتی: «لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٩) کە باری ئەمنیی بەغدا نالەباربوو، بڕیاری حکومەت بوو کە ئەو مامۆستایانە وەربگرین، چ لە ڕوانگەی مرۆڤایەتی یاخود نیشتمانی، لەو ماوەیە پتر لە (٣) هەزار مامۆستاو دکتۆری زانکۆ بوون، ئەوانەی تۆمارکراون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەگەڵ (٥) هەزار قوتابی، ئێمە لە زۆرینەی پسپۆڕییەکان سوودمان لێوەرگرتن، بەشێکیان بە فەرمیی هاتبوون، دڵنیابووین لە بڕوانامەکانیان، ئێستاش بەشێکیان گەڕاونەتەوەو بەشێکی زۆریشیان ماونەتەوە، کە نزیکەی (٢) هەزاری ماوەتەوە.

**سیستمی دکتۆرا**

سەبارەت بە سیستمی دکتۆرا، کە ئێستا گفتوگۆو قسەی زۆری لەسەر دەکرێت، د.گۆڤەند وتی: «ئێمە بیرمانکردەوە بۆ سیستمی خوێندنی باڵای کوردستان ئاستیان بەرزبکرێتەوە، پسپۆڕییە زانستییەکانو ئەندازەییەکانمان کێشەی پراکتیکیان هەبوو، قوتابیانمان کە لەو بوارە کاردەکەن ناچار بوون سەفەری دەرەوە بکەن، لەبەرئەوە بیرمان لەوە کردەوە هەموو ئەوانەی کاری پراکتیکییان پێویستە بچنە دەرەوە، بۆئەوەی هەم زمان فێربێتو ئاگاداری سەرچاوە زانستییەکان بێت، ئەمە بەتایبەت بۆ دکتۆرا، ئەو پرۆژەیەش پێویستی بە بودجەیە، بودجەکەش تەرخانکراوە، لە هەموو وڵاتێکیش ئەمە هەیە قوتابی دکتۆرا لە هەرشوێن پێویستی بە کاری پراکتیکی بێت، پێویستە ئەنجامی بدات».

# (٢) هەزار گەڵابە گەنم چاوەڕێی سایلۆی سلێمانی دەکەن

## بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی: وەرنەگرتنەوەی گەنمی پلە سێ ماڵوێرانیی جوتیارە

**ڕاپۆرتی: محەمەد سابیر
ئاراس نەسرەدین**

«ماوەی (١٧) ڕۆژە لە بەردەم سایلۆی سلێمانی نۆرەمان گرتووە تا بەرهەمی گەنمی ئەمساڵمان لێوەربگیرێتەوە، شەوانەش کرێی (١٠٠) هەزار دینار دەدەین بەو لۆریانەی کە گەنمەکەیان بۆ بارکردووین.»

واحید ئەحمەد محەمەدی جوتیار، کە خەڵکی گوندی کانی هەمزەی شارەزوورە، یەکێکە لەو دەیان جوتیارەی کە لەبەردەم سایلۆی سلێمانی نۆرەیان گرتبوو بۆ ئەوەی حکومەت گەنمەکانیان لێوەربگرێتەوە.

نەبوونی سایلۆی پێویست لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ وەرگرتنەوەی گەنمو جۆ نارەزایەتییەکی زۆری لەناو جوتیاراندا دروستکردووەو بەپێویستی دەزانن حکومەت لە سنوورەکەدا چەندین سایلۆ دروست بکات، تا بە ئاسانی کارەکانیان جێبەجێبکرێت.

واحید ئەحمەد بەپێویستی دەزانێت حکومەتی هەرێمی کوردستان (٤-٥) شوێن بۆ سایلۆ دابنێت لە کەلار یان چەمچەماڵ، چونکە پارەیەکی زۆریان بەهەدەر دەڕواتو هیچیان بۆ نامێنێتەوە: «جوتیاران وایان لێهاتووە ڕەنگە سقوت بکاتو ئیشەکەی پێنەکرێت».

کێشەیەکی تری جوتیاران ئەوەیە ئەمساڵ تەنیا گەنمی پلە یەکو دوو وەردەگیرێتو جۆش تەنیا پلە یەک، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو گەنمی پلە سێش لە جوتیاران وەردەگیرا.

بە وتەی ئەو جوتیارە: «ئەگەر پلە سێکەشیان لێوەربگرن لەکۆڵمان دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بیبەینەوە بۆ ماڵ هەم کرێکەی دەڕواتو هەم گەنمەکەش پارە ناکات».

خالید حەمید مەحمود، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی، هاوڕابوو لەگەڵ جوتیارانو لەوبارەیەوە پێیوابوو: وەرنەگرتنەوەی گەنمی پلە سێ «ماڵوێرانیی جوتیارە، چونکە ئەگەر گەنمەکەی پلە یەکو دوو نەبێت لە سێدا هەر وەردەگیرێت، بەڵام ئەمساڵ بەغدا وایلێکردووە، نە لە دەسەڵاتی ئێمەیەو نە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمیشە».

بەهۆی بچووکیی شوێنی وەرگرتنی گەنمو درەنگ بەڕێکردنی مامەڵەکانیان، جوتیارەکان ناچارن چەند شەوو ڕۆژێک لەبەردەم سایلۆی سلێمانی بمێننەوە.

لەوبارەوە قادر محەمەد شارەزووریی بۆ ڕۆژنامە وتی: «سەیارەی وا هەیە (١٧-١٨) شەو دەوەستێت، ئەمەش لەسەر جوتیار زیاتر لە (١) ملیۆن دیناری عێراقی دەکەوێت، کە بە زیانی ئێمە دەشکێتەوە، جگە لەوەش کارمەندەکانی سایلۆ سەعات (١٠) سەیارە دەکەنە ژوورەوە، کە پێویستە لە سەعات (٧)ی بەیانییەوە بکرێتە ژوورەوە، ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە».

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو گەنمەی کە وەریدەگرنەوە لە جوتیاران بەپێی ئەو ڕێنماییانەیە کە لە بەغداوە بۆیان دێتو گەنمەکانیش پۆلێنکراون بۆ دەرەجە یەکو دوو.

بۆ وەرگرتنەوەی گەنمی جوتیاران، ئەمساڵ لە سنووری پارێزگای سلێمانی سێ بنکە کراونەتەوە، جگە لە بنکەی سەرەکیی، بنکەکانی ڕانیەو کەلاریش گەنمو جۆ وەردەگرن.

نرخی یەک تەن گەنمی پلە یەک (٦٥٠) هەزار دینارو پلە دوو (٥٥٠) هەزارو جۆش تەنیا یەک پلەی هەیەو تەنی بە (٤٥٠) هەزار دینار وەردەگیرێت.

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی بۆ ڕۆژنامە ئاشکرایکرد: «لە ڕۆژی (٥/٢٩)وە بنکەمان کردووەتەوە، بەڵام کۆتاییەکەی نازانین، هەر ڕۆژێک بەغدا ئیعازی داینێ ئەو ڕۆژە دەوەستێت».

لەگەڵ ئەوەی تائێستا کۆتا بەرواری وەرگرتنەوەی گەنمو جۆ دیارینەکراوە، بەڵام جوتیاران ترسی ئەوەیان هەیە لە (٨/١) بوەستێتو بەرهەمەکانیان لێوەرنەگیرێتەوە.

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی سەبارەت بە وەستانی ئۆتۆمبێلەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە نۆرەدا، وتی: «ئەگەر جوتیارەکان گلەیی ئەوەمان لێبکەن کە لە نۆرەدا زۆر دەوەستن حەقیانە، بەڵام ئێمەش حەقێکمان هەیە، توانای ئێمە لەم ساحە بچووکەدا کە کۆمەڵگەی تیجارەیە، ئەم شوێنەی کە ئێمە ئیشی تێدا دەکەین بە ڕاستی نە شوێنی گەنم وەرگرتنەو نە شوێنی ئیشکردنە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە سەعات (٨)ی بەیانییەوە تا (٨)ی ئێوارە دەوام دەکەینو ڕۆژانە زیاد لە (١٢٠) سەیارە دەکەینە ژوورەوە، جوتیارەکان دەڵێن (١٢) ڕۆژە وەستاوین، ڕاستدەکەن، تائێستاش نزیکەی (٢) هەزار سەیارە لە دەرەوەنو هەوڵدەدەین ڕۆژانە (١٠٠- ١٢٠) تەن گەنمو جۆ وەربگرین».

وتیشی: «ئەمساڵ کێشەیەکی دیکەمان بۆ دروستبووە، کە کشتوکاڵ هاتووەتە ناو ئیشەکەوە، بەڵام ئەو پشتگیریانەی کە بۆمان دەنێرن موتابیق نین، بۆ نموونە لە پشتگیرییەکەدا (٥٠) تەنی بۆ کراوە، بەڵام دواتر دەبینی (٢٠) تەنی پێیە، منیش (٢٠) تەنەکەی بۆ حساب دەکەمو (٣٠) تەنەکەی دەڕوات».

بەشێکی جوتیاران گلەیی ئەوە دەکەن، کە چەندجارێک نێردراوەنەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، کە پشتگیرییەکەیان لەلایەن کشتوکاڵی سنوورەکەیانەوە بە زمانی عەرەبی بۆ بنووسرێت، چەندجارێک پشتگیرییەکەیان لە کوردییەوە پێ گۆڕیون.

لەوبارەیەوە خالید حەمید ڕوونیکردەوە: «پسووڵەو پشتگیرییەکان لە بەغدا سەیردەکرێتو پارەکەش لەوێوە دێت، بۆیە دەبێت پشتگیرییەکان بە عەرەبی بێت، ئەگینا هیچ هۆکارێکی دیکەی لەپشتەوە نییە».

هەروەک داواشی کرد بەرپرسانی کورد لە بەغداو بەتایبەتی لە وەزارەتی بازرگانیی فشار دروستبکەن بۆ کردنەوەی بنکەی زیاترو وەرگرتنی گەنمو جۆو ماوەکەش درێژبکرێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەمی جوتیاران وەربگرن.

سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەش جوتیاران گلەیی ئەوە دەکەن، کە ماوەیەکی زۆر دوایان دەخەن تا چەکی وەرگرتنی پارەکانیان پێدەدەن، بە وتەی قادر محەمەدی جوتیار: «ئەوەندە لەو بەر خۆرە دەوەستین بێزار دەبین، لە بەیانییەوە وەستاوین چەکمان بۆ بکەن، بەڵام وا سەعات (١١)یە بۆمان نەکراوە».

هەروەک بەشێک لە جوتیارانیش نیگەرانیی خۆیان نیشاندا لەوەی جیاوازیی دەکرێت لەنێوانیانداو بەشێک لە مامەڵەکان پێشدەخرێنو زووتر گەنمەکانیان لێوەردەگیرێتەوە، تەنانەت لە دیاریکردنی پلە یەکو دووی گەنمو جۆکانیشدا هەندێکجار واستەو خزم خزمێنە دەکرێت.





# کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم

**پارتیو یەکێتی لە ڕێگەی پرۆژەیەکی (لیستی کوردستانی)یەوە دەیانەوێت سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بسەنننەوەو ئەو ئەرکە بسپێرنە دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێم، بە ڕای تۆ: ١- چ نییەتێک لە پشت دروستکردنیئەو دەستەیەوە هەیە؟ ٢- ئایا دەتوانرێت دەستەیەکی بێلایەن بێت؟ ٣- دروستکردنی ئەو دەستەیە کێشەی تەزویرات چارەسەر دەکات، یان پرۆسەی تەزویرکردن فراوانتر دەکات؟**

**برخودان-دهوک**

زور سەیرە کوردێک بخازیت مافی هەرێم کەم بێت.

**کاروان سەلام**

تازە بەتازە دەسەڵاتە خۆماڵییەکەمان داهێنانێکی تر لە گزیو فزی هەڵبژاردندا دەکات، وەک ئەوەی هەوڵەکانی لەمەوپێشیان بەس نەبێت: لەجیاتی جارێک هەزارجار نەخێر بۆ ئەو پرۆژەیەی کە بەهۆیەوە خۆڵی پێ دەکرێتە چاوی خەڵکەوە و تەنیا مەبەست لێی درێژکردنەوەی دەسەڵات بێت.

**ئیدریس ئەحمەد ساڵح**

هەرێمی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی دوو حیزبی سەرەکیدایە . بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو کرۆکی دەسەڵاتیان لەژێردەستدا بووە. لە خێروبێری ئەم وڵاتەیان خواردووە.. وە کارێکی ئاساییە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. هەر کارێکیان بوێ ئەنجامی دەدەن.

**تۆفان کاوانی سوید**

پارتیو یەکێتی کە بیریان لەوە کردووەتەوە دەستەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنن بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بێگومانم کە بۆ ئەوەیانە بەئارەزووی خۆیان لەکاتی هەڵبژاردنەکان تەزویرات بکەنو کەس نەبێ لەوان بەرزتر کە میللەت هانای بۆ بەرێ تەنها بۆ ئەوەیانە نەک بۆ بەهێزکردنی هەرێم.

**میران میراودەلی**

بەبۆچوونی من مەسەلەکەلێرەدا (نیەت نیە) بەڵکو هەوڵی تەواو ئەدرێ لەلایەن دەستەڵاتەوە بۆ دروستکردنی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی لەخودی خۆی، ئەو هەرێمەی کە بەرەو ئاوتۆکراتیەت دەڕوات نە کەمبوونەوەی قوتی خەڵکی لاگرانەو نەباشکردنی بژێوی ژیانی خەڵکی لا بەهایە، بۆیە هەرچی بڵێی دەیکات لەپێناوی مانەوەیەکدا کە لەگەڵ ئەو شکڵە تەقلیدیەی خۆیدا بگونجێت.

**ئومێد عیسا**

سیستێمەکە لەبارە بۆ تەزویر، هێشتاکە بادلۆ بۆ سیستێمەکی مۆدێرن دانەندراوە، نیازی پارتی و یەکێتی پاک نیە مەسەلە دەسەڵاتە.

**حەمەغەریب - سویسرا**

ینکو پدک خەریکە دەستیان لە بنی هەمبانەکە دەردەچێ، چونکە گەل هۆشیار بوو نەتەوە دەزانن ئەم زاتانە......زیاتر لەسەر حسابی کورد هیچی تریان لەباردا نییە.

**بۆ ژمارەی داهاتوو:**

**لەدوایین ڕاپۆرتیدا لەسەر هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی باسی لە هەناردەکردنی بەقاچاغی نەوت کرد لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێرانو خەمڵاندنی بۆکردووە کە ساڵانە بایی سەدان ملیۆن دۆلار نەوت دەنێردرێتە ئێرانەوە، لە زاری پەرلەمانتارێکی کوردستانەوە ئاماژەی بەوەشکردووە کە کاتێک باسی نەوت دێتە پێشەوە «هەرێمی کوردستان دورگەیەکە کەس حوکمی ناکات»، بە ڕای تـــۆ: ١. پارەی ئەو نەتەوە دەچێتە گیرفانی کێەوە؟ ٢. بۆچی بەرهەمی نەوتی کوردستانو گرێبەستە نەوتییەکان ئاشکرا ناکرێن؟ ٣. تاچەند کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت سەر بە دووحیزبە دەسەڵاتدارەکەن؟**

**ڕاوبۆچوونەکانتان لەم ڕێگایانەوە بە ڕۆژنامە دەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

# «لەبەر نەخۆشیی منداڵەکەم، چەندجارێک هەوڵی خۆکوشتنم داوە»

**ڕاپۆرتی: ئامانج اسماعیل**


هاوڵاتییەکی دانیشتووی شارۆچکەی حاجی ئۆمەران، ئاشکرایدەکات، بەهۆی نەخۆشیی منداڵەکەیو نەبوونی پارەی پێویست بۆ چارەسەرکردنیو وەڵامنەدانەوەی حکومەت بۆ داواکارییەکانی، ناچاری خۆکوشتن بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی منداڵەکانی دیکەی نەفەوتێن وازی لەوکارە هێناوە، بۆیە داوای هاوکاریی لە حکومەتو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دەکات.

(ک.م.س) (ناوو ناونیشانی لای ڕۆژنامە پارێزراوە) خاوەنی پێنج منداڵەو یەکێک لە منداڵەکانی بەناوی (م) تەمەنی سێ ساڵو سێ مانگە، بەدەست چەندین نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، بەناتەواویی لەدایکبووە نەخۆشییەک لە پشتییەوە دروستبووە لەشێوەی خاڵێکە تائێستا سێ جار نەشتەرگەریی بۆ کراوەو چارەسەری بەو نەشتەرگەرییە نەکراوەو چاک نەبووەتەوە.

ئاماژە بەوە دەکات: «تائێستا چەندینجار داوام لە حکومەت کردووە بەشێوەی نووسراو، بەڵام حکومەت بەدەنگمەوە نەهاتووە، هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە، هەروەها داواکاریم لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردو پەرلەمانیش لای خۆیانەوە نووسراوی بۆم کرد بۆ وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستیش بەبێ ئەوەی منداڵەکە ببینێتو هەر لەخۆیەوە دەڵێ ناکرێت، بۆ ناکرێت؟ نازانم دەبێ ئەو پرسیارە وەزیری تەندروستی وەڵامی بداتەوە».

وەڵامنەدانەوەی داواکەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ئەو بڕوایەی لای ئەو هاوڵاتییە دروستکردووە، کە بڵێت: «حکومەتی هەرێم، حکومەتی کۆمەڵانی خەڵکی فەقیرو هەژارو کەمدەرامەت نییە، بەیەک چاو سەیری خەڵکەکەی ناکات».

ئەو هاوڵاتییە کە ڕۆژانە کاری کرێکاریی دەکات بۆ چارەسەری نەخۆشیی منداڵەکەی تووشی قەرزاریی بووەو دەڵێت: «قەرزدەرەکانیش داوای پارەکەیان دەکەنەوەو لەتوانامدا نییە، دەسەڵاتم نییە پارەکەیان بدەمەوەو خەمی قەرز لەلایەکو خەمی منداڵە نەخۆشەکەمو ماڵو منداڵەکەم لەلایەکی تر، ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆمی نازانم، چونکە بەدەم داواکاریی کوڕەشەهیدێکەوە نەهات، کە شەهیدی ئەم کوردستانەیە».



راپۆرتەکان بێ ئەنجام دەمێننەوە 20

# کوردستان خوێن دەبەخشێت

**راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**

هەڵمەتێکی خوێنبەخشین بۆ نەخۆشانی تالاسیما لە کوردستان دەستپێکردووەو تائێستا لە سلێمانی زیاتر لە (٢٠٠) بوتڵ خوێن بەخشراوە.

ئەژین سابیر ئیسماعیل، سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی تالاسیما لە کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەی هەفتەیەکە هەڵمەتێکمان راگەیاندووە بۆخوێنبەخشین بە نەخۆشانی تالاسیما، چونکە مانگانە پێویستمان بە (٥٠٠) بوتڵ خوێن هەیە.

داواشی لە هاوڵاتییان کرد کە خوێن ببەخشن بە نەخۆشەکانی تالاسیما، چونکە بە وتەی ئەو: «ئەم نەخۆشانە مانەوەیان لە ژیاندا بەستراوە بەو خوێنەوە، ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەک خوێنیان تێنەکرێت، گیان لەدەستدەدەن، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام هاوڵاتییان خوێن دەبەخشن، بەڵام پێویستمان بە خوێنی زیاترە».

مـــاوەی دوومـــانگ پێش ئێستا لە سلێمانی نزیکەی (٥٥٠) نەخوشی تالاسیما هەبووە، ئێستا رێژەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٥٥٦) کەس‌و لە هەموو کوردستانیشدا زیاتر لە (٢٥٠٠) نەخوش هەیە.

سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیما وتیشی: «داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەو نەخۆشخانەیەی بۆ زەرعی خوێن بۆ نەخۆشەکانمان دروستدەکرێت، پێش وادەی خۆی تەواوبکرێت».


هەروەها داوا لە دادگاکان‌و هەموو کـوڕو کچێک دەکـات پێش پرۆسەی هاوسەرگیریی پشکنینی خوێن بکەن، ئەگەر هەڵگری نەخۆشییەکە بوون، هاوسەرگیریی نەکەن یان دادگاکان ببنە رێگر لە بەردەم پەیمانی هاوسەرێتییاندا، یـان ئـەو خـێـزانـانـەی کـە منداڵێکی لەوجۆرەیان هەیە کۆتایی بە منداڵبوون بهێنن، چونکە بە وتەی ئەو: «ماڵی وا هەیە زیاتر لە منداڵێکیان هەیە، بەڕاستی ئەو ماڵە تووشی نەهامەتی دەبن‌و دەبێت بەردەوام بە رێگای نەخۆشخانەوە بن، نە باوکەکە نە دایکەکە ناتوانن هیچ کارێک بکەن‌و لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژین».


هاوڵاتییەک لەکاتی خوێن بەخشیندا

سەبارەت بە پێداویستی خێزانەکانیش لە رووی مادییەوە، وتی: «نەخۆشەکان بۆ یەکجار ئەوانەی ناوشار مانگانە پێوستیان بە (٢٠٠) دۆلار دەبێت، نەخۆشەکانی دەرەوە، پێوستیان بە (٣٠٠) دۆلار دەبێت، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی ئەو نەخۆشانە لایەنی جەستەیی‌و حاڵەتی دەروونییان تەواو نییە».

گرفتێکی دیکەی نەخۆشەکان ئەوەیە لە هەفتەیەکدا پێویستە شـەش رۆژ ئامێری (دیسفراڵ) بەکاربهێنن لە رێی ئەو خوێنەی وەریگرتووە خوێنی زیادە کۆدەبێتەوە لە جەستەیی‌و کاری لێدەکات، دەبێت لە رێی ئەو ئامێرەوە کەمبکرێتەوە، یان بەهۆی زۆر بەکارهێنانی کانوێلاوە دەمارەکانیان خوێن وەرناگرێت، لە رێی پەلەکانەوە خوێن وەرناگرێت، ناچار لە رێگەی دەمارەکانی ملیەوە خوێنیان پێدەدرێت».

سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیما داواشی لە حکومەتی هەرێم کرد مانگانە برێک پارە تەرخان بکات بۆ رۆشنبیرکردنی هاوڵاتییان لە رێگەی پۆستەرو تیمی گـەڕانـەوە بـۆ شوێنە دوورەکـان‌و گوندەکان تاکو نەخۆشییەکە لە کۆنترۆڵ دەرنـەچـووە، داواشـی لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد، کە هاوکارییان بکەن لـە رێـی هـۆشـیـارکـردنـەوەی تـاکو کۆمەڵگەوە.



## بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک:

# حکومەتی هەرێم سەربەخۆ پرۆژە ئەنجامدەدات

**سازدانی: ئارام جەمال**

**ئەندازیار جەمال محەمەد شوکور، بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک، باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم شارەوانی‌و ئەو پێشکەوتنانەی بەدیهاتوون دەکات، لەم دیدارەی رۆژنامەدا، باس لەوەشدەکات: حکومەتی بەغدا هەمیشە لە کەمینداییەو بەدوای خاڵی لاوازی بەرپرسانی کورددا دەگەڕێت‌و حکومەتی هەرێمیش ئەو پرۆژانەی لە کەرکوک ئەنجامیدەدات سەربەخۆو بەبێ ئاگاداریی ئەوانە.**

**رۆژنـــامـــە: لـــەمـــاوەی حـــەوت ساڵی رابردوودا ئەو گۆڕانکاریی‌و پێشکەوتنانە چین بەسەر پێشکەوتن‌و کارەکانی شارەوانیی کەرکوکدا هاتوون؟**

* لـــــەدوای ســـاڵــی (٢٠٠٣)وە گۆڕانکاریی گـەورە روویـدا، کەرکوک دووهێندە زیادیکرد لە رووی ژمارەی دانیشتوان‌و گەڕەکی نوێوە، ئەوەش بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارەکانەوە، ئێمە لە سفرەوە دەستمانپێکرد، تەنانەت بینای شارەوانیش سووتابوو هێشتا حکومەت‌و ئـیـدارەی کـەرکـوک پێکنەهێرابوو ئێمە پشتمان بە هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان‌و رێکخراوە خێرخوازییەکان دەبەست‌و هاوکاریی باشیان کردین.

بـە هـێـزەکـانـی هـاوپـەیـمـانـان‌و رێکخراوەکان‌و بودجەی وەزارەتـی شارەوانییەکان لەماوەی حەوت ساڵی رابـردوودا تەنیا بایی (٦) ملیار دینار پرۆژەیان ئەنجامداوە، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠٠٦)وە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ شارەوانی سەرفکرا، کە ئەم بودجەیە شتێکی باش بوو کاری باشیشمان پێ ئەنجامدا، سەرەڕای ئەوەی لەم بودجەیەش زوڵم لە کەرکوک کراوەو رەچاوی ژمارەی راستەقینەی دانیشتوان نەکراوەو وەک پارێزگای تکریت مامەڵە لەگەڵ کەرکوک کراوە.


**رۆژنامە: تەجاوزاتێکی زۆر لەسەر زەوی شارەوانی کراوە، ئەم تەجاوزاتانە چ کاریگەرییەکی هەبووەو چارەنووسی تەجاوزات بەرەو کوێ دەگات؟**

* لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، گەڕانەوە بۆ شاری کەرکوک کە مافی خۆیان بوو شوێنیان بۆ دابینبکرێت، ئەوکاتە ئێمە (٩) ناوچەمان دیاریکرد بۆ نیشتەجێبوونەوەی ئـاوارەکـان، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رەزامەندیی لەسەر (٣) شوێن دەربڕی، کە ئەوانیش فەیلەق‌و مەعەسکەر خالیدو پەنجا عەلی بوون، بەڵام بەهۆی زۆریی ژمـارەی ئاوارەکانەوە ئەو ناوچانەی دیـاریـکـران بەشی نـەکـرد، لە پەنای ئاوارەکانیشدا تەجاوزاتێکی زۆر کرا.

هــــیــــوادارم ئـــەو هـــەڵـــمـــەتـــەی دەستمانپێکردووە بـــەردەوام بێت‌و هەموو خەڵک‌و لایەنەکان پشتگیریمان بکەن، چونکە تائێستا ئێمە نەچووین خانووی کەس بڕووخێنین‌و خێزانێک بێ خانوو بکەین، لێرەوە خەڵک دڵنیا دەکەمەوە کە یەک خانوو ناڕووخێنرێت، بەڵام خەڵک هەیە (٣٠) دوکانی تەجاوزی دروستکردووە، ئایا ئـەوە ئاوارەیەو مافی ئەوەی هەیە بازرگانیی بە موڵکی گشتییەوە بکات.

**رۆژنامە: لەم ساڵانەدا چەندجارێک دەنگۆ بڵاوبووەوە، کە بە تەزویر تاپۆ بۆ ژمارەیەکی زۆر لە زەوی شارەوانی کرابێت، ئایا ئێوە ئیجرائاتتان کردووە لە دژی ئەو کەسانەی بەو کارە هەستاون‌و زەوییەکان گەڕێنراونەتەوە؟**

* کێشەی ئـەو زەویـانـە ئێستا لە دادگایە، ئەو تەزویرانەش لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە کرابوون لەلایەن هەندێک فەرمانبەرەوە، نزیکەی (٥٠٠) پارچە زەوی دەبێت تاپۆی تەزویری بۆ کراوە، ئێمە ئەوانەی دۆزیومانەتەوە زەوییەکانمان وەرگرتووەتەوە.


جەمال محەمەد

**رۆژنامە: ئەو پرۆژانەی ئەنجامدەدرێن، بەتایبەت قیرتاوو کۆنکرێتی شەقام‌و کۆڵانەکان زوو تێکدەچن‌و بەکەڵک نامێنن، هۆکاری چییە؟**

* تێکچوونی ئەو پرۆژانە پەیوەندییان بە نەبوونی ئـاوەڕۆوە هەیە، تائێستا کـەرکـوک ئـاوەڕۆی نییەو ژێرخانی سفرە.

**رۆژنامە: ئەو ماستەرپلانەی لە چەند ساڵی رابردوودا باسی لێوەکرا گەیشت بە کوێ؟**

* لەدونیادا ماستەرپلان دەستووری هـەر شارێکە، ساڵی (١٩٧٤) کاتێک کۆمپانیای دۆکساسی یۆنانی نەخشەی بنەڕەتی کەرکوکی داڕشت، ئەو نەخشەیە دواتر لە سەردەمی بەعسدا بە ئامانجی تەعریب دەستکاریی کراو دەتوانم بڵێم لە سەرەتای هەشتاکانەوە کەرکوک بێ ماستەرپلانەو پێویستی زۆری بە نەخشەیە، لەساڵی (٢٠٠٧) هێزەکانی ئەمریکا لـەسـەر بـودجـەی خۆیان ماستەرپلانیان بۆ کەرکوک داڕشت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بودجەکە رۆشن نەبوو، ئەنجومەنی کەرکوک نەیتوانی وردبینیی تێدا بکات‌و کاتێکیش چووە ئەنجومەن ناکۆکیی زۆری لەلایەن لیستەکانەوە لەسەر دروستبوو، کورد لەگەڵ ئەوە نەبوو هەندێک گەڕەکی عەرەبی هاوردەی تێدا بێت، عـەرەب‌و تورکمان لە دژی بوون، لەبەرئەوەی کورد سەرپەرشتی دەکرد، بەوجۆرە نەتوانرا ماستەرپلانەکە رەزامەندیی بۆ وەربگیرێت، لەکاتێکدا لە هەموو شت پێویستتر ماستەرپلانە، ئەگەر بەبێ ماستەرپلان بڕۆین، شاری کەرکوک بەرەو شێواویی زیاتر دەچێت.

**رۆژنـــامـــە: بۆ لە کـــەرکـــوک پارکی حکومیی نییە؟**

* لەم چەند ساڵەدا کاری باشمان کـــردووە لـــە بـــواری دروستکردنی باخچەداو تائێستا (١٠٠) باخچە لە گەڕەکە جیاوازەکان دروستکراون‌و خەڵک پشووی تێدا دەدەن، کە (١٣)یان نموونەین‌و لەسەر بودجەی هێزەکانی ئەمریکا دروسـتـکـراون، بۆ پارکیش لەئێستادا دوو پارکی گەورەی حکومیی لە بـاکـوورو بـاشـووری کـەرکـوک بە ستانداردی جیهانیی دروستدەکرێن‌و ماوەیەکی کەم ماوە بۆ تەواوبوونیان.

**رۆژنامە: شارەوانیی کەرکوک راستەوخۆ بەبێ گـەڕانـەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی شارەوانییەکان سەر بە وەزارەتە، ئەمە چ سوودێکی هەبووە؟**

* لـــەدوای پـرۆسـەی ئـازادیـی عێراقەوە ئێمە هەوڵی جدیمان داوە بۆئەوەی شارەوانیی کەرکوک وەک شارەوانیی موسڵ‌و بەسرە راستەوخۆ سـەر بە وەزارەتـی شـارەوانـی بێت، دیارە سەرکەوتووبووین لەو هەوڵەو ئێستا کـەرکـوک‌و بـەسـرەو موسڵ شارەوانییەکانیان سەربەخۆیەو ئەمەش لە زۆر رۆتیناتی ئیداریی رزگـاری کردووین.

**رۆژنامە: دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروبارەکانتاندا بوونی هەیە؟**

* بەڵێ دەستێوەردان هەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی شەخسیاتی حیزبیی، بەڵام رێگەمان لێگرتووەو بنبڕمان کردووە.

**رۆژنـــامـــە: لـــەمـــاوەی رابـــردوودا چـــەنـــدجـــارێـــک ویـــســـتـــت دەستلەکاربکێشیتەوە، ئەمە هۆکاری چی بوو؟**

* هۆکارەکەی ئەوە بووە تۆ لەشوێنێکدا کار دەکەیت لەبری ئەوەی هەوڵبدرێت کێشەکانت بۆ چارەسەر بکەن، بەڵام هەوڵیانداوە زیاتری بکەن. ئێستا من میلاکم لەسەر شارەوانییە پەشیمانیش نیم لە داوای دەستلەکارکێشانەوەم.

**رۆژنـــامـــە: مـــامـــەڵـــەی وەزارەتـــی شارەوانیی حکومەتی بەغدا چۆنە لەگەڵ بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێوە؟**

* مامەڵەی بەغدا لەگەڵمان مامەڵەیەکی زۆر خراپ بووە، بۆ نموونە ساڵی (٢٠٠٧) بەشی شارەوانیی کەرکوک لە بودجەی وەزارەت یەک دینار نەبووە، یاخود لەدوای پرۆسەوە تەنیا (٦) ملیار دیناربووە، کە ئەمە کاری نوێنەرەکانی کەرکوکەو دەبوو لە بەغدا بەدواداچوونیان بکردایە بۆ کێشەی سەرجەم فەرمانگەکان.

**رۆژنامە: تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان هـاوکـارە لەگەڵ ئێوە لە خزمەتکردنی شاری کەرکوک؟**

* لە سـەرەتـاوە وەک شارەوانیی کەرکوک پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو پەیوەندییەمان نەماوە، ئاگادارم پرۆژەیان لە کەرکوک هەیە، هەرچەندە پرۆژەکان پەیوەندییان بە شارەوانییەوە هەیە، بـەڵام ئێمە لێی ئاگادار نین، یاخود جار هەیە ئێمە لە ناوچەیەک پرۆژەیەکمان هەیە، ئەوانیش لەهەمان ناوچە هەمان پرۆژە دەکەن، بەبێ هەماهەنگیی، من دەستخۆشییان لێدەکەم‌و داوایان لێدەکەم لە بری ئەوەی شەقامە گشتییەکان قیرتاوبکەن، بچن کۆڵان‌و شەقامی گەڕەکە ئاوارەنشینەکان قیرتاو بکەن.

**رۆژنامە: بۆچی تائێستا چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ پیسیی شارو کۆبوونەوەی زبڵ‌و خاشاک نەدۆزراوەتەوە؟**

* بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەبێت حکومەت ئالیەتێک دابنێت بۆ چارەسەر، کۆبوونەوەی زبڵ بە سێ قۆناغ چارەسەر دەبـێـت، (کـۆکـردنـەوە، گواستنەوە، چارەسەر)، ئێمە کێشەی گواستنەوەو چارەسەرمان نییەو دوو شوێنی تایبەت بە لە ناوبردنی زبڵ لە کەرکوک دروستکراون لەسەر بودجەی هێزەکانی ئەمریکا، ساڵانە ئێمە پێشنیازی خۆمان هەبووە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، ساڵی رابردوو ئەنجومەن بڕیاریدا کۆکردنەوەی زبڵ بدرێت بە کەرتی تایبەت، ئەوەبوو (١١) ملیارو (٥٠٠) هەزار تەرخانکراو سێ مانگ لەمەوبەر پرۆژەکە راگەیەنراو درا بە کۆمپانیایەکی بەریتانی، بەڵام بەهۆی هەندێک کێشەی جـیـاوازەوە هێشتا پرۆژەکە ئیحالە نەکراوەو کۆمپانیاکە دەستبەکار نەبووە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو لیژنانەی بۆ ئەم پرۆژەیە پێکهێنراون ژمارەیەکی زۆرن‌و پسپۆڕی بوارەکەش نین.

# رووه سوورەکانی دەسەڵات



**لەتیف فاتح فەرەج**

لەدنیای دیموکراسیدا، دەسەڵات یان ئەوانەی لەڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەچنە سەر کورسی دەسەڵات، جگە لە خزمەتگوزاریی، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بێکاریی، کارکردن بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی، هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان، سێ خاڵی زۆر سەرەکیی دیموکراسی بوونی ئەو دەسەڵاتە، دەبنە خاڵی جیاکەرەوە لە دیکتاتۆرییەتو دەسەڵاتی خۆسەپێنو تۆتالیتاری، ئەوانەش هەریەک لە: پرسەکانی مافی مرۆڤ، بوونی ئۆپۆزسیۆنو بوونی میدیای ئازادن، هەر دەسەڵاتێک لەناوەوەو دەرەوە بیەوێت رووی سووری خۆی نیشانی ئەوانی دیکە بدات، دەبێت لەبیری نەچێت، مافی مرۆڤو ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئازاد سەنگی دیموکراسین، دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە هەڵوەستەکردن نییە لەسەر ئەو سێ خاڵە، لەدەرەوەو ناوەوەش کەس چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکات ببنە هێزی بنیاتنانی سیستمی دیموکراسی، هەرکات ویستت لە دیموکراتیبوونی هەر وڵاتێک بپرسیت، لەوە بپرسە، داخوا مافی مرۆڤ لەهەموو روویەکەوە، لە سیستمی کۆمەڵایەتیو خێزانییەوە تا سیستمی دەسەڵات، لەبەرچاو گیراوە؟ بارودۆخی زیندانەکان چۆنە؟ ئایا لەو وڵاتەدا خەڵک رەشەکوژو تیرۆر دەکرێت؟ ئایا لەو وڵاتەدا ونکراو هەیە؟ ئایا لەو وڵاتەدا زیندانەکان بەشێوەی ویستو خواستی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دروستکراون؟ ئایا لەو وڵاتەدا لەسەر بیروڕای سیاسیی جیاواز خەڵک زیندانیی دەکرێت. سەدان پرسیاری لەمجۆرە لەخۆت بکەو جا بڕیار بدە خۆ ئەگەر لەسەدان پرسیار، چەند پرسیارێکی زۆر کەم وەڵامەکەی بەوجۆرە بوو کە لەگەڵ دیموکراتیدا دژە، کەواتە تۆ لە وڵاتێکی دیموکراسیدا نیت.

لەبوونی ئۆپۆزسیۆن بپرسە، چ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆنێکی دەستەمۆو دروستکراوە، یان بە دەنگو بوونە؟

ئۆپۆزسیۆن دەیان لەمپەرو مەرامی لەبەردەمە، یان هەیەو خاوەنی پڕۆژەو بیروبۆچوونو هێزی جەماوەرە، ئۆپۆزسیۆن دەستو پێی بەستراوە، یاخود دەتوانێت رای گشتیی بجوڵێنێت؟ ئۆپۆزسیۆن رۆژانە لەلایەن رۆبۆتەکانی دەسەڵاتەوە دەخرێتە بەردەم نەفرەتو هەڕەشە، یان دەسەڵات وەک بوونێکی هاوبەشو خاوەن ماف، وەک هێزێکی تەبا لە ژیانی سیاسییو جیاواز لە بیرو بڕوادا هەیە؟ یان دەسەڵات وەک دژ وێنەکەی نیشانی ئەوانی دیکە دەدات؟ گەر بتەوێت دەتوانی سەدان پرسیار بەمجۆرە بکەیتو لە وەڵامی چەند پرسیارێکی کەمدا، دەستەپاچە بووی، ئەوە بزانە تۆ لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ناژیت.

لە بوونی میدیای ئازاد بپرسە، رۆژنامەی ئازادو سەربەخۆ، رۆژنامەی خەڵک، رۆژنامەی پێکهاتەکانی کۆمەڵ، گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، ئازادانە هەن، یان لەبەردەم هەڕەشەو بوختانی جۆراوجۆری دەسەڵاتدا دۆش داماون؟ ئایا میدیای ئازاد دەتوانێت قسە لەسەر هەموو کەموکورتییەکان بکات؟ دەتوانێت دەست بەرێت بۆ بقەکانی دەسەڵات؟ دەتوانێت پیرۆزی لە حیزبە سیاسییەکان بۆ هەر شتێ خۆیان مەبەستیان بێت بسەنێتەوەو بیداتەوە بەخەڵک؟ واتە خەڵک بڕیار لەسەر پیرۆزییو هێڵی سوور بۆ هەر شتێک بدەن، نەک حیزبێکی دیاریکراو، یان دەسەڵاتێک، پرسیار بکەو هەوڵبدە وەڵامەکانت چنگ بکەوێت، بیرت نەچێت ئەگەر لەسەدان پرسیار کەمتر لە سێ چوار وەڵامت پێچەوانەی دیموکراسی بوو، کەواتە تۆ لە وڵاتێکی دیموکراسیدا نیت.

لە وڵاتی دیموکراسیدا پاراستنی مافی مرۆڤو بوونی ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئازاد دەستکەوتو خەڵاتی دەسەڵات نین، بەڵام بەردەوام چاو لەسەر ئەو مەسەلەیەیە، دیکتاتۆرەکانیش لەدەرەوە ئەگەر بیانەوێت کەمێک لایەنگریی دیموکراسی بکەن، دەڵێن: ئەوە نییە مافی مرۆڤو ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئازاد بەرکەماڵن، ئەمانە بۆ دنیای دیموکراسیەت شانازیی نین، مەگەر ئەوانەی گومانیان لە بوونیان هەبێت لە وڵاتدا شانازییان پێوە بکەن.

# دادو بێدادیی



**شێرکۆ عادل- لەندەن**

داد، لە بنەڕەتدا بریتییە لە نەمانی بێدادییو لە چوارچێوەگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەگشتی. داد، گونجاندنو پێکەوەژیانو هاوتابوونی تاکو کۆمەڵە لە مافو کارو ئەرکەکانی ناو چوارچێوەی کۆمەڵگاو یاساکانیدا. دادو دادوەری لە ماوەی چەندین سەدەی رابردوو تا ئێستا، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زۆر بەخێرایی پەرەی سەندووەو بووەتە یەکێک لە سومبولەکانی مرۆڤایەتیو کۆمەڵگای هاوچەرخو مێژووی نوێ. داد، نەک تەنیا لە یاساو شەریعەتە ئاینییەکاندا کار دەکاتو باسی لێوە دەکرێت، بەڵکو لە بوارەکانی فەلسەفەو ئایدیاو ئەدەبو هونەرو هەروەها حیزبو رێکخراوەو دروشمەکانیاندا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووەو بووەتە نموونەیەک لە پێوانەو نرخاندنی یاسایی کۆمەڵگەکان بۆ مافی مرۆڤایەتیو هاوسەنگیی ژیانو بەختەوەریی خەڵکی.

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە داد سەرەتا بوونی نەبووە، بە مانایەکی تر، بێدادی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی تەنیبووەوەو دەسەڵاتەکانی لەقو لاواز کرد بوو، ئەوسا بیرۆکەی دادو دادوەری هاتەئاراوەو یاساو رێساکانی بۆ دارێژرا، لە مێژووی سەرەتایی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە خوارووی میسۆپۆتامیادا، سەرەتای دارشتنی یاساو دادوەریکردن هاتە ئاراوە، (حامورابی) بوو (٣٧٩١)ساڵ لەمەوبەر وەک پاشای ئیمپراتۆرییەتی بابلییە کۆنەکان، (شەریعەتی حامورابی) لە (٢٨٢)مادەی یاسایی جۆربەجۆردا دارشت لە سەر بەردو لە ناوەراستی شاردا خستیە بەردەست خەڵکیو مێژوو، کە چەندین یاسای توندو خوێناوییو سەیر لەخۆدەگرێتو دادەنرێت بە یەکەمین یاساو دەستوور لە مێژوودا.

پاش بابلییەکان، مادەکانن کە لە سەدەکانی شەشەمو پێنجەمی بەر لە زاییندا یاساو دەستوور دادەرێژنەوەو کاری پێدەکەن، فیرعەونییەکانیش لەسەر بەردو دیوارەکانیان چەندین شێوەی یاساو دەستووریان نووسیوەتەوەو پەیرەویان کردووە، دوابەدوای ئەمانیش، دەستووری ئەسینای کۆن دێت لە لای گریکەکانی بەر لە پێنچ سەدەی بەر لە زایین، بەڵام لە پاش سەرهەڵدانو هاتنەئارای یەک لەدوایی یەکی هەر سێ ئاینە ئاسمانییە خاوەن کتێبەکانی وەک تەوراتو ئنجیلو قورئان، شەریعەتی ئاینیو یاساکانی سەریهەڵداو زۆر بە بەرفراوانی شوێنی هەموو یاساو نەریتو دادوەرییەک دەگرێتەوەو تەنانەت تا رۆژی ئەمڕۆشمان، لە سەرلەبەری یاساو دەستوورو دادوەریێتی کۆمەڵگاکانی جیهاندا پەیرەو دەکرێتو شوێنو جێی خۆی کردووەتەوە. لە جیهانی ئەورووپاو رۆژئاوادا، بۆ یەکەم جار لە ئینگلاند یاساو دەستووری (ماگەنە کارتا) لە نێوان دەسەڵاتە تاکڕەوییەکانی پاشاو بەرژەوەندییە گشتییەکانی وەجاخزادەکان هاتەئاراوە لە ساڵی (١٢١٥)، کە ئەمەش راستییەکی یەکەمین وەرچەرخان بوو لە یاسادا کە دادوەریی لە خواوەندی کۆنو پێغەمبەرەکانی ئاینەکانەوە بگۆڕدرێت بۆ نێوانی پاشاو وەجاخزادەکان، پاشتر لە چەندین سەدەی تردا بۆ جارێکی تر لە ئینگلتەراداو لە ساڵی(١٦٨٩)دا یاسای مافەکانی ئینگلیزی کە ناسراوە بە (بەڵێننامەی ماف) لە ئینگلتەراوە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێتو دەچێتە ناو خەڵکیەوەو لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ساڵی(١٧٧٦)دا دیباجەی جاڕدانی ئازادیی دەدەنو جاڕی مافی مرۆڤو هاوڵاتیبوون لە(١٧٨٩) لە فەڕەنساو پاریس رادەگەیەنرێتو بەدوایدا تا رۆژی ئەمڕۆمان، دەستوورو یاساو دادوەری بە هەموو پەرلەمانو دەوڵەتانو دەسەڵاتەکانی جیهاندا تەشەنەی کردووەو بووەتە رەمزی هەرەبەرزو گەورەی وڵاتو کۆمەڵگاکان.

لە کوردستانو ناوچەکەدا، لە مێژووی نوێدا یاساو دەستووری ئیمڕاتۆرییەتەکانی عوسمانیو فارسەکانە کە لەسەر شەریعەتو بنەما ئاینییەکانی ئیسلامی هەردوو مەزهەبی سوننیو شیعەیی کاربەدەست بووەو جگە لەوەی کە هەموو دابو نەریتی کۆمەڵی دەرەبەگیو هەروەها کلتوورو نەریتە لۆکاڵییەکانی ئەم ناوچانە زۆر بەزەقی پێوەی دیارەو دادو بێدادی هێندە نزیکو تێکەڵ بوون، ژیانو هاوسەنگییەکانی خەڵکی زۆر بە تاڵیو تاریکیدا تێدەپەڕی، تەنانەت لە لای دەسەڵاتو میرنشینە ناوچەییە کوردییەکانی وەک ئەردەڵانیو بابانییەکانیش، مەلاو قازیو شێخو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووە شوێنی یاساو دەستوور، بەڵام لە پاش ئاڵوگۆڕە گەورە جیهانییەکەی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی تا جەنگی دووەمی جیهانیی دروستکردنی وڵاتانو میرنشینە تازەکانی سەر دەستی ئیمپریالیزم حکومەتو پەرلەمانو دادوەریی نوێ هاتەئاراوەو بە خواستو ویستی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەوەندەی تر کۆمەڵگای کوردی بەرەو تاریکیو کۆڵانی داخراو بردەوە. لە کوردستانی خوارووی، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستوورو یاساکانی پادشایەتیی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردووو کۆماریی نیوەی دووەمی هەمان سەدەو تەنانەت دەستووری نیشتمانی تازەش لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا بە خواستو ویستی هیواو خەونەکانی خەڵکی نەبووەو بە زۆرو قورسایی سیاسیو دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە لەبەرچاو گیراوە، دەستوورو یاسایەک بە خواستی خەڵکیو داخوازییەکانیان نەبێتو بە زۆرەملێ بسەپێنرێتو ترسی لەگەڵ گرێدرابێت، چ دادوەرییو یاساو هاوسەنگی لێ بەدی دەکرێت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە یاسا دەستوورییە زۆرەملێ تازەکەش لە خاڵی پەشیمانبوونەوەدا لەنگەری گرتووەو ناڕواتە پێشێ.

هەرێمی کوردستانی خواروو، لە سەردەمی ئێستایدا لە هەموو کات رێکخراوترو خۆگونجێنەرترە لە پاش شەڕو سەرگەردانییەکی زۆری دەورانی رابردووی، کەچی سەر باقی ئەوەش تا ئێستا پڕۆژەیەکی پێشنیازکراوی دەستووریی هەیەو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی بۆ رێکناخرێتو دادوەرییو یاساناسانو مافپەروەرانی لێ کۆناکرێتەوەو ناخرێتە دەنگدانێکی تایبەتەوە بۆ کارپێکردنو بەرقەرارکردنی دادوەرییو یاساکانی، ئەوەشی کە ئێستا هەیە جگە لە گۆڕانکارییەکی کەمو گونجاندنێکی تا رادەیەک کەم، هەمووی لە قانونو یاسا کۆنو رزیوەکانی لەوەوبەرەو تەنانەت هەندێک یاسای هەیە، هی سەردەمی حامورابییە، وەک یاسای ژمارە (١٤٥)ی شەریعەتەکەی حامورابی: لەسەر داخوازیو بەرەڵاکردنی ژنی یەکەمو هێنانی دووەمو هۆکارەکانی.

کۆمەڵگای کوردستانی خواروو، بەدەر لە هەموو یاسا سەپێنراوەکانی گەرەکەو پێویستە زۆر بە وریاییەوە یاساو دەستووری هاوسەنگیو دادپەروەریی گونجاوی هەبێتو دەنگدانی بۆ بکرێت، تا دەستوورو یاسا دادوەرییەکانی لە خزمەتی خەڵکیو کۆمەڵگاکەیدا بنو دادوەریی سەرفراز بێت.

**سەرچاوەکان :**
1-Encyclopaedia of world history.
2- Wikipedia, Hammurabi, the Kurds.
3-The world history.
sherkoedel@hotmail.co.uk

# قاچاخچیەکانی نەوت


نەژاد جەلال

یەکێک لە بەرپرسەکانی هەرێم بۆی گێڕامەوە، کە «لە سەروبەندی کێشەی بەغداو هەولێر لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، دوو بەرپرسی باڵای یەکێتیو پارتی بە نوێنەرایەتی کورد هەم بۆ گلەییو هەم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق چووبوونە بەغدا، لەوێ حسێن شەهرستانییان بینیبوو، دوای ئەوەی شەهرستانی بە وردیی گوێی بۆ گرتبوون، پێیوتبوون: ئێوە دەزانن پارەی ئەو نەوتە چەندەیەو بۆ کوێ دەچێت؟، دوای بیرکردنەوە وتبوویان نەخێر، ئەویش پێیوتبوون: ئەگەر پارەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێمە، من تەسدیقی دەکەمو دەڵێم: سەدان گوندیان خاپوورکراوەو پێی ئاوەدان دەکەنەوە، ئەگەر ئەو پارەیە بۆ یەکێتیو پارتییە، من تەسدیقی دەکەمو دەڵێم: ئەو دوو حیزبە خەباتیان کردووەو شەهیدێکی زۆریان داوە، ئەو پارەیە دەدەنە خانەوادەی شەهیدەکان، بەڵام ئێوە کە دوو بەرپرسی باڵای حیزبەکانتانن، نازانن ئەو پارەیە چەندەو بۆ کێیە، من چۆن تاوانێکی وا بخەمە ملی خۆم، شەریک نابم لەو دزییەدا».

دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوت لەم هەرێمەدا وەک کۆی شتەکانی دیکە قسەی لەسەرە، قسەکردنێک کە دواجار شەرمهێنەرە بۆمان، لەگەڵ یەکەم گرێبەستی هەرێمدا نەوتیش بووە بابەتێک کە دۆستو دوژمن گومان بکەنو بێنە گۆ لەسەرمان.

سەرەتا لەناو پەرلەمانی کوردستاندا لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەدا ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز ویژدانیان قبووڵی نەکرد دەنگ بۆ وەها یاسایەک بدەنو بێ ئەمریی حیزبیان کرد، زۆریان وت لەسەر یاساکە، تەنانەت تیایدا بوو بە یاساکەی دەوت یاسای فەرهودی نەوت، بەڵام حیزب لەبەرامبەردا سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزی سزادا.

شارەزایانی نەوتو رۆشنبیران زۆریان وت، کە بەرپرسانی هەرێم هەڵەدەکەن سامانی نەوت دەخەنە ژێر دەستی کۆمپانیاگەلێکەوە کە ئەو توانستو ناوبانگەیان نییە لەئاست وەها مامەڵەیەکدا بن، بەڵام بەگوێیان نەکردن.

هەندێک لە رەخنەکانی حکومەتی ناوەند سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بەجێبوون، بەڵام لە بەرامبەردا سەرکردایەتییەکەمان هەستی نەتەوایەتی شەقامی کوردییان ورووژاندو ئەوانەیان بە دژە کورد لە چاوی هەمووواندا وێناکرد.

هەرچۆن تائێستا داهاتی نەوت نەبووەتە خێروبێر بۆ هەرێم، ئاواش بووەتە کەرەستەیەک بۆ رەخنەگرتن لە ئەزموونی کوردی، ئەمەش وادەکات لە دەسەڵاتدارانمان بپرسین، کە نەوتی هەرێم خێری نەبێت، بۆ ببێتە بەڵایەک بۆ لەکەدارکردنی ناوو ناوبانگمان؟

لە راپۆرتێکدا رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی باس لە بە قاچاخ بردنی نەوتی هەرێم دەکات بۆ ئێران، ئەمە جگە لەوەی بۆ ئەمریکا نیگەرانییە کە لە بندەستی خۆیەوە هاوکاریی نەیارەکەی بکرێت، بۆ ئێمەی کوردیش شەرمندەییە کە قاچاخچێتیی بە سەروەتی نیشتمانیی خۆمانەوە بکەین، بەڵام دەبێت بپرسین کێ لەم هەرێمە کاری قاچاخچێتیی نەوت دەکات؟ یان بۆ سوودو خێری کێ ئەم کارە بەدە دەکرێت؟

رەنگە ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردووەتەوە بۆ بەرپرسانی ئەمریکا لە هەرێمو عێراق شتێکی نوێ نەبێت، بەڵام بڵاوکردنەوەی لەم کاتەدا کە هەمووان سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتی عێراقن رەنگە مانایەکی تایبەتی هەبێت، یان روونتر بڵێین کارتێکە بۆئەوەی سازشێکی دیکەمان پێبکەنو جارێکی دیکەش بڵێین دۆستایەتی ئەمریکاو بەڵێنە زارەکیو فۆنییەکانی ئەوان لەوە زیاتر دەهێنن، کە سازشمان لەسەر کردووە!، حەقی خۆمانە لەمەوە گومان بکەین کە سازشەکانی دیکەشمان بێبەرامبەر نەبوون.

گرێی زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستاندا 22

# راپۆرتەکان بێئەنجام دەمێننەوە!

## «هیچ بەرپرسێک لەسەر پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە»

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

رەوشی رۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا لە مەترسیدایەو ئەوەی مەترسییەکەش زیاتر دەکات، بێدەنگیی سەرۆکایەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکانەو راگەیاندنکارانیش پێیانوایە: بەشێکی کەمتەرخەمییەکە لەئەستۆی سەندیکای رۆژنامەنووساندایە.

راپۆرتی پێنجەمی لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی رۆژنامەنووسیو مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، لەبارەی رەوشی رۆژنامەگەریی لە کوردستان لەشەش مانگی رابردوودا ئاماژەیەکی دیکەی ترسناکی بەخشیە رەوشی ئازادیی هەرێمو دووبارە ئەو رەوشەی خستەوە ژێر پرسیاری هاوڵاتییانی کوردستانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هاوکات بێدەنگیی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێمو دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان مەترسییەکەی گەیاندە حاڵەتی گومان لەویستی پیادەکردنی ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی، تەنانەت پیادەکردنی ژیانیش.

### راپۆرتی ئەمجارە جورئەتی پێوە دیارە

ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیی لە مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «راپۆرتی ئەمجارەمان لەچاو چوار راپۆرتەکەی رابردووماندا جیاوازەو وردییەکی زۆرتری تیا بەدیدەکرێتو کاری باشتری بۆ کراوە، هاوکات بەپێی راپۆرتەکە پێشێلکارییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان زیادیکردووە».

هاوکات پەیمان عیزەدین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش پێیوایە: ئەو راپۆرتە جورئەتێکی زیاتری پێوە دیارە، وتیشی: «راپۆرتەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەو ئاراستەیەو بەو نەفەسە خاڵێکی گەشبینییە، کە رێکخراوە پیشەییەکانو تایبەتمەندەکان بەو راشکاوییە قسە لەسەر پێشێلکارییەکان بکەن».

### پێشێلکاریی بەرامبەر یاسای رۆژنامەگەریی

بەپێی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی تایبەت بە کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان، رۆژنامەنووسان مافی دەستکەوتنی زانیارییو ئامادەبوونی لە کۆنگرەو کۆنفرانسدا هەیەو هیچ کەسێک مافی زەوتکردنی ئەو مافانەی رۆژنامەنووسانی نییەو هاوکات بەهیچ جۆرێک رۆژنامەنووس لێینادرێتو دەستگیرناکرێت، بەڵام بەپێی راپۆرتی پێنجەمی سەندیکای رۆژنامەنووسان ژمارەیەکی زۆر پێشێلکاریی بەرامبەر بەو مافانەی رۆژنامەنووسان تێدا تۆمارکراوە، کە ئەمە جگە لەوەی پێشێلکارییە بەرامبەر بەو یاسایە، هاوکات پێشێلکارییە بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێمیش، کە واژۆی یاساکەی کردووە.

شوان هەورامی، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەدوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتی چوارەممان، نامەیەکمان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد، کە بەدەنگ داخوازیی رۆژنامەنووسانەوە بێتو رێگریی لەبەردەم ئەو پێشێلکارییانە دابنێت، کە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کراوە، «چونکە ئەو پێشێلکارییە بەرامبەر خودی سەرۆکی هەرێم کراوە لەبەرئەوەی ئەو یاسای کاری رۆژنامەنووسیی ئیمزاکردووە».

### لێپێچینەوە لە پێشێلکاران

هەرچەندە بەپێی راپۆرتەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆربەی ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراوە لەلایەن بەرپرسانی حیزبیو حکومییو ئەمنییەوە کراوە، بەڵام تائێستا هیچ بەرپرسێک لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە.

ئەنوەر حسێن، ئەو زانیارانەی بۆ رۆژنامە دووپاتکردەوەو وتی: «رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە، وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند، کە لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنێت بە ئامادەبوونی نوێنەری ئێمە بۆ بەدواداچوونی ئەو پێشێلکارییانە، بەڵام لەماوەی رابردوواو لەدوای بڵاوکردنەوەی هەر چوار راپۆرتەکەی پێشوومان، هیچ بەرپرسێک لەسەر ئەو پێشێلکارییانە نەدراوە بە دادگاو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ نەکراوە».

### کەمتەرخەمیی لە سەندیکاوەیە

بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانی سەندیکاو کارپێنەکردنی لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە، هاوکات هەڵبژاردنی بێدەنگیی لەلایەن سەندیکاوە، بە بڕوای راگەیاندنکاران بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی پێشێلکارییەکان.

کەمال رەئوف، سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی، پێیوایە: راپۆرتەکەی سەندیکا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، هەروەک وتی: «سەندیکا تەنیا راپۆرت بڵاودەکاتەوەو لەکاتی بێدەنگیی بەرپرساندا هەڵوێست وەرناگرێت، وادەکات دەسەڵات بیر لەوە بکاتەوە کە سەندیکا تەنیا راپۆرت دەنووسێت، نەک چارەسەری کێشەکان دەکات».

سەبارەت بەهۆکاری ئەوەش سەرنووسەری هاوڵاتی وتی: «دەسەڵاتدارانی هەرێممتمانەیان بەسەندیکایرۆژنامەنووسان هەیە، بەڵام گرنگیی پێنادەن، چونکە گومانیان نییە لەوەی کە سەندیکا لەدوای راپۆرتەکەوە کارێک بکاتو تەنیا نووسینە، رەنگیشە لێکتێگەیشتنی ژێربەژێر لەنێوانیاندا هەبێت بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە، هەربۆیە بڕوام بەوە نییە کە سەندیکا وەک سەندیکایەکی راستەقینە بکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتو تووشی بەریەککەوتن بێت لەسەر ئەو بابەتانە».

لە راپۆرتەکەی لیژنەی داکۆکیی لە مافی رۆژنامەنووساندا (١٤) پێشێلکاریی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانو پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی (KNN) تۆمارکراوە، کە لە لێدانو پێشێلکارییو پەلاماردانو پێنەدانی زانیارییو هەڕەشە لە رێگەی مۆبایلەوەو چەند حاڵەتێکی تری پێشێلکاریی لەخۆدەگرێت، ئەمەش گومانی لای خەڵک دروستکردووە لەوەی، کە دەسەڵات بوونی ئۆپۆزسیۆنی پێ قبووڵ بێتو هاوکاریی راگەیاندنکارەکانی بکات.

هۆشیار عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نووسینی کەناڵی (KNN)، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەم راپۆرتانە تەنیا وەک دۆکیومێنتێک دەمێننەوەو پێموانییە بتوانن سیاسەتی دەسەڵاتی تەنفیزیی کوردی بەرامبەر بە رێگریکردن لە کاری رۆژنامەنووسیی بگۆڕێت».

بە بڕوای هۆشیار، نەبوونی کاریگەریی ئەمجۆرە راپۆرتانە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە چوارچێوەی راپۆرتێکدا پێشێلکارییەکان کۆدەکرێنەوەو دواتر لە پرێس کۆنفرانسێکدا رادەگەیەنرێن، وتیشی: «دوای ئەوەی سەندیکا راپۆتێکی مەترسیدار دەخاتە بەردەم رای گشتییو هەڵوێستی نابێت لەسەری، لەو کاتەدا وەزیفەی سەندیکای رۆژنامەنووسان بریتی دەبێت لەوەی پێشێلکارییەکان بکاتە دۆکیومێنتێکو بیداتە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمە بێگومان سیناریۆیە، بەڵام مەترسیی ناو ئەم راپۆرتانە لە ئاستێکدایە کە پێویستی بە جوڵاندنی شەقامو پەرلەمان هەیەو سەندیکا دەبێت هەڵوێستی عەمەلیی هەبێتو دەتوانێت لەرێگەی پەرلەمانەوە وەزیری ناوخۆ بانگ بکاتە پەرلەمانو لەوێدا وەزیفەی سەندیکا دەگۆڕێت بە چارەسەرکەری کێشەکان».

### سەندیکاش قسەی هەیە

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئاماژەبەوەدەکات: سەندیکالەپێشێلکارییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان بێدەنگ نابێتو بەردەوام دەبن لە داکۆکیکردن لێیان. ئەنوەر حسێن، وتی: «سەندیکا بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵوێستی خۆی هەتا راپۆرتەکانی جێگەی خۆی دەگرێت».

سەبارەت بەهەڵوێستی وەک دەستلەکارکێشانەوەی نەقیبی سەندیکا لەسەر بەدوادانەچوونی حاڵەتەکان لەلایەن بەرپرسانەوە، ئەنوەر وتی: «ئەوە لە وڵاتی ئێمە نەبووەتە نەریت کە بەرپرسان دەست لەکاربکێشنەوە بە سەندیکای رۆژنامەنووسانیشەوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش گرفتی تێدایە رەنگە زۆر ئەکیتڤ نەبێت، بگرە هەندێکجار لەناو سەندیکادا کەسانێک هەن کە رێگریی لە کاری باش دەکەن».

### کاری پەرلەمان لەوبارەیەوە

پەیمان عیزەدین، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە راپۆرتی پێنجەمی سەندیکای رۆژنامەنووسان پێشێلکارییەکی زۆری مافی مرۆڤی تێدایە، وتیشی: «بەدڵنیاییەوە لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو راپۆرتە بەهەند وەردەگرێتو قسەی لەسەر دەکات، بەڵام دیار نییە، ئایا بانگی وەزیری ناوخۆ دەکرێت بۆ لێپرسینەوە لە زیادبوونی پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، یان نا؟».

### سایکۆلۆژیای بەقسەکردنی بێگانە

لەماوەی رابردوودا چەند رۆژنامەو رێکخراوێکی بیانیی دەرەوەی هەرێمو عیراق راپۆرتیان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤو رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو سومبولی سووریان لەسەر ئازادییو رەوشی رۆژنامەنووسیی لە هەرێم داناوە، دوابەدوای بڵاوبوونەوەشیان راستەوخۆ سەرۆکایەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامیان داونەتەوە، یان بەڵێنی بەدواداچوونیان داوە، بەڵام ئەوە چەند رۆژێک بەسەر بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی سەندیکای رۆژنامەنووساندا تێدەپەڕێتو دەسەڵاتدارانی هەرێم بێدەنگییان هەڵبژاردووە.


شوان هەورامی، لەوبارەیەوە وتی: «بەداخەوە سایکۆلۆژییەتی سەرکردایەتی کورد هەمیشە وەها بووە، کە بەدەم داخوازییەکانی هاوڵاتییەکانی خۆیەوە نایەت، بەڵام ئەگەر نووسەرێک، یان رۆژنامەیەک، یان سەنتەرێک لەدەرەوە باسی لە قەزیەکانی کورد کرد، بەگرنگییەوە وەریدەگرێتو وەڵامی دەداتەوە، لەکاتێکدا ئەو شتانەی کە ئێمە پێشنیازمان کردووە لە دڵسۆزییەوەیە بۆ ئەزموونەکە، کە خۆمان بەشێکین لێی، بەڵام گوێ لە بێگانە دەگیرێت کە پێماندەڵێن: ئەزموونەکەتان ناشرینە».


### لیژنەی بێ ئەنجام

شوان هەورامی، بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە، کە لەدوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی چوارەمەوە سەرۆکایەتی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیان بۆ بەدواداچوونی حاڵەتەکان پێکهێناوەو کۆبوونەوەیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامداوە، کە نوێنەری سەرۆکی هەرێم دڵنیای کردوونەتەوە لەوەی، کە مەسعود بارزانی زۆر بەجدیی بەدواداچوون بۆ راپۆرتەکەیان دەکات.

بەڵام رەشبینیی بەرامبەر بە ئەنجامی کاری ئەو لیژنانە لە ئارادایەو پەیمان عیزەدین، دەڵێت: «پێکهێنانی لیژنە یەکێکە لە چارەسەرە باشەکان کە تەعەدودییەتی تێدا بپارێزرێتو بتوانیت سوود لە چەند عەقڵێک وەربگریت، بەڵام لای ئێمە ئەوەی کە بوویسترێت نەکرێت دەبێت بدرێتە دەست لیژنە، لەو مەسەلانەی کە پەیوەندیی هەیە بە پێشێلکاریی بەرامبەر مافی مرۆڤ، ئەمە لە چوارچێوەی کارە ئیعلامییەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا رەنگدەداتەوە بۆ دەمکوتکردنی ئیعلامو چاوبەستکردنی چاودێرانی سیاسیی لە هەرێمو دەرەوەی هەرێم، ئەمەش هونەری کاری دەسەڵاتی سیاسییو حیزبە دەسەڵاتدارەکانە لە هەرێمدا.

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان وتی: «من رەشبینم لەوەی کە دەسەڵات کار بەو راپۆرتانە بکات، چونکە پێشترو چەندجارێک بینیومانە کە بەئاشکرا باس لە پێشێلکاریی بەرامبەر مافی مرۆڤ کراوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام یەک زەرەش دەسەڵاتی سیاسییو ئیداریی ئەم هەرێمەی نەجوڵاندووە بۆئەوەی ئیجرائاتێک وەربگرێت».





# بەڕاستی سەیرە لەم دەڤەرە!

**د.ئیبراهیم محەمەد جەزا***

بڵاوکردنەوەی هەواڵو قسەکردنو نووسین لەسەر دەستدرێژییەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی ئێرانو تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان، بووە بە کارێکی رۆژانەی بێبەرهەمی میدیای کوردیی، نەک تاوان لە راگەیاندنەکانەوە بێت، بەڵکو ئەوان بە وردییو دروستی هەواڵەکان بڵاودەکەنەوەو بەدواداچوونو لێکدانەوەی بۆدەکەن. ئەوەی سەیرەو نازانم چۆن پاساوی بۆدەهێننەوە، کاردانەوەی سەرۆکایەتیو حکومەتی هەرێمە!، رۆژانە ئەم هەموو تۆپو گوللەیە دەنرێت بە خاکی باشووری کوردستانەوەو دانیشتووانی گوندەکانی ئەو دەڤەرانە ئاوارە دەبنو بریندار دەبنو شەهیدیش دەبن، کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نارەزایی داواکردنی وەستانی ئەو دەستدرێژییە کاری دیکەی نییە، ئەمە چۆن دەبێت، لە چ کونجێکی ئەم دنیایە وڵاتانی دراوسێ بە ئارەزووی خۆیان بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان قەتلوعام دەکەنو حکومەتی وڵات نەیەتە کار؟. (بۆ زانیاریی زیاتر کە ئەم هاوسێیانەی کوردستان چییان دەوێت بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی ژمارە ١). جارجارە وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە یان بەرپرسێکی باڵا دێتو هەموو لۆمەی بەغدا دەکەن کە نایەتە وەڵام سەبارەت بەو دەستدرێژییە، بەڕاستی دیسانەوە سەیرە!، کەی ئەمە رەوایەو چۆن دەبێت وابێت، ئێمە لێرە لە کوردستان چەند پێشمەرگەو پاسەوانی سنوورو دەزگا ئەمنییەکانمان هەیە، ئەی باشە ئەمانە ئیشیان چییە؟، بۆ وەک بەربەستو ئازایانە لەبەردەم ئەو کارانەدا ناوەستنەوەو قسەیان نییە؟، ئەی کەی قسەیان دەبێت؟، گوایە وڵات وڵاتێکی فیدرالییەو هێزی سەربازیی لە کاری حکومەتی فیدرالدایە، بەڕاستی ئەمەش سەیرە!، کام فیدرالیی؟ چ عەرەبێک لەم وڵاتە ئیمانی بە فیدرالیی هەیەو لە چ کونجێکدا کە ناوی فەرمیی ئەم وڵاتە هاتووە فیدرالیی لەگەڵدا بێت؟(٢)، پێشمەرگەکانمان کاتێک دەجووڵێن کە بەغدا داوای لێکردن (ئەمری پێکردن)، ئەی لەو هەڵوێستەو لەو بارودۆخەی ئێمەی تێداین، لەلایەک دەنگی ناوەوەمان وا دلێرە دەڵێین پێنج سالی دیکە نابات سەربەخۆیی دەپچڕینو توانای ئەوەمان هەیە وڵات دروستبکەینو بەرگریی بکەین لە هەر بستێکی ئەم بەشە رزگارکراوەو ئامادەین ناوچە دابڕاوەکانیش بهێنینەوە سەر ئەم بەشە، کەچی لەولاشەوە تازە بەتەمای هاتنەناوەوەی حکومەتی بەغداین؟، ئەمە چەندی بەچەند، ئەمە باشترین فرسەتە کە هێزو توانای حکومەتی هەرێم دەرکەوێتو بە وڵاتانی دراوسێ رابگەیەنێت، کە ئەگەر وەک دراوسێ رەفتار ناکەنو دەستدرێژیی دەکەن، ئەوا وەڵامیان دەدەینەوەو کاردانەوەمان دەبێت، خۆ ئەگەر حکومەتیش وەڵامی نەبێت، خەڵکیی بێدەنگ نابن ناوچە کوێستانییە هەرە جوانە دەوڵەمەندە پڕ ئاوە بەهەشتەکەیان دەستدرێژیی لێبکرێت، لەوانەیە ئەمجارەش تۆپبارانو بۆردوومانکردن بوەستێت، بەڵام بێگومان کە دەستپێدەکاتەوەو ئامانجیش ئارامنەبوونی ئەو ناوچەیەیەو لەهەمانکاتیشدا بە کوردو حکومەتەکەی دەڵێت، ئێوە هیچتان پێناکرێتو هەر دەبێت لەژێر رەحمەتی ئێمەدا بن!

تکایە ئەم وتارە زۆر دوورە لە هەستی پڕ لە سۆزو گوناحو بەزەییهاتنەوە، ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژە هەر ویستم نەنووسم، بەڵکو خوابکاتو حکومەتی هەرێم قسەیەک بکاتو هەڵوێستێک بنوێنێت دەمکوتی منو سەدانی وەک من بکات، بەڵام هیچ نەبوو، توخوا ئەمە سەیر نییە!، هەڵبەت لە وتارێکی دیکەدا باسم لەم دراوسێ باشانەکردبوو(١).

ئاخر ئەوە لە دنیادا بووە کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بەشداریی ئاهەنگو خۆشیی وڵاتانی دەستدرێژیکار بکەنو تیایدا داوای وەستانی تۆپبارانی گوندنشینانی خۆیان بکەن؟، باشە ئەمە چۆن هەڵوێستێکە (توخوا ئەگەر بڵێن سیاسەتە)، ئەی نەدەکرا بە رەسمیی بانگی کونسولی ئێرانی لە هەولێرو سلێمانی بکرێنو ماوەی هەفتەیەکیان بۆ دابنرێتو ئەگەر نا، ئەوا خواحافیزیان بێت؟، نەک بانگهێشتبکرێنو نارەزایی بەرامبەر تۆپبارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەندرێت!، ئەی نابێت حکومەتی هەرێم پیشانی بدەیتو بڵێیت، ئەم دەستدرێژییە بەردەوام بێت ئەوا هێزەکانمان رەوانەی ئەو ناوچانە دەکەینو ناهێڵین یەک مەتر بێنە ناو خاکمانەوە؟، خۆ ئەمانە کفر نییەو دوور نییە لە سیاسەتەوەو مافی خۆمانەو راگەیاندنی شەڕیش نییە، بەڵام دەبێت دەستدرێژیکاران بزانن کە حکومەت تەنیا بۆ ئاشتی نییەو کاری راییکردنی کارە ئیدارییەکانی شارو شارۆچکەکان بێتو کە هاتە سەر مەسەلە گەورەکان ئیتر وەک مەڕی ژێر چەقۆی قەساب چاوەڕێی رەحمەتی ئەوان بێتو هەرچییەک بە میللەت بکرێت چاوی لێ بپۆشێت، تەنانەت ئەم میللەتەی ئێمەشیان وا چاوبەست کردووە خەریکە تا تۆپەکە نەیدات بە ماڵەکەی خۆماندا قسە نەکەین، ئاخر ئەمە سەیرە!، ئەمە خۆ بەکەمزانینەو خۆ بە بێدەسەڵات ناسینە (٣).

کـاری نـاوشـارو دەزگـاکـانـی حکومەت دەڕواتو ئەو گوندنشینانە تۆپباران دەکرێنو خۆیانو ماڵاتیان ئاوارە دەکرێنو رەزو باخیان دەسووتێنرێتو ئێمەش لە کەیفو سەفای خۆمانین، با خەڵک باش بزانێت کە بەغدا چۆن سەیری ئەم ناوچەیە دەکاتو چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، هیچ پێویست بە کۆمێنت ناکات، کە بۆ لەسەر بیرە نەوتەکەی باشووری عێراق لـەمـاوەی هەفتەیەکدا چـارەسـەریـان کردو وەفدیان نارد بۆ ئێرانو سەربازەکانی ئێرانیش گەڕانەوە بۆ ناو خاکی ئێران، ئەی بۆ لەسەر کوردستان نایەتە گفتو دەنگی لاڵ بووەو پاش مانگێک دەکەوێتە خۆیو نارەزایی دەردەبڕێت!، دیسانەوە دەیلێمەوە بەهیچ شێوەیەک بەغدا لۆمە ناکرێت لەسەر ئەم دەستدرێژییانەی ئێرانو تورکیا، چونکە حکومەتی هەرێم هەیەو پێویستە هەڵوێستی هەبێت، ئەگەر نا، ئێستا بە رەسمیی داوا لە هێزی بەغدا بکەن بێتو سەر سنوور بپارێزێت، بزانە لەماوەی هەفتەیەکدا کێشەکە چارەسەر دەبێت یان نا!، کە من لەگەڵ ئەو کارەدا نیمو نامەوێت بکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە حکومەتی هەرێم لەوە لاوازتر نەبێتو بەڕاستیش خەڵک لەوە زیاتر بەرگەی سووکایەتیپێکردنی ئەم دراوسێ هاودینانە ناگرێت، تەنانەت ئەگەر پاساوی دەستدرێژیکاران پەکەکەو پژاک بێت، ئەوا بێمانایەو کارو چالاکییەکانی ئەوان لەناو سنووری تورکیاو ئێراندایەو بەوان ناوێرنو شەڕ بە گوندنشینانی هەژارو بێچەکو بێپشت دەفرۆشن.

هەرگیز ئـەم هەڵوێستانەی حکومەتی کوردستان جێگەی دڵخۆشیی نییەو بۆ داهاتووی دەسەڵاتداران باش نابێت، بۆیە بەزووترین کات دەبێت چاوبخشێنینەوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسـێ باشەکانمانو لەلایەکی دیکەشەوە بە بڕێکی زۆر باشیش ئەو ئاوارانە قەرەبوو بکرێنەوەو دەست بەسەریاندا بهێنرێتو دڵنەوایی بدرێنەوە لە شوێنی خۆیان، نەک لێپرسراوان لە باڵەخانە بەرزەکانو لە بەر فێنککەرەوە نارەزایی دەربڕن.

**پەراوێزەکان:**


١- ئیبراهیم محەمەد جەزا، هاوسێ باشەکانی کورد چییان دەوێـت؟، ٢٠٠٩/٢/٢٠، ماڵپەڕی ئەمڕۆ: http://www.emrro.com/hawsebashekani.htm

٢- ئیبراهیم محەمەد جەزا، عێراقی فیدراڵو دیموکراتو فرەحیزبییو ...دەگـاتـەکـوێ؟، رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە (٣١٧). ٢٠٠٨/١٠/٦ (ل١٥).

٣- ئیبراهیم محەمەد جـەزا، تاکەی خۆبەکەمزانین؟ ماڵپەڕی سبەی: www.sbeiy.com . ٢٠٠٨/٣/٧.

*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر/زانکۆی سلێمانی**
ibrahimjaza@yahoo.com

# نەهامەتییەکانی نەوتەکە



**عەبدوڵڵا ئەحمەد**

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی نیۆرک تایمز لەسەر ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم بۆ وڵاتی ئێران، زۆرێک لە رۆژنامە جیهانییەکان دەقـی ئـەو راپۆرتەیان بـڵاوکـردەوە رۆژی ٢٠١٠/٧/١٠ رۆژنـامـەی شـەرقولئەوسـەت، کە رۆژنامەیەکی عەرەبی بەناوبانگە، ئەو راپـۆرتـەی بە وەرگـێـڕدراویـیو بە وێنەی تەنکەرو شوانەکەشەوە وەک خۆی بڵاوکردەوە، ئەگەرچی ئەو راپۆرتە لە ئێستادا وروژاندنی مەسەلەیەکی سیاسیی هەستیارە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئـەوەی رۆژانە تادێت ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا گەمارۆی سەر ئێران قورستر دەکەن، دیارە پرسیاری من لە بردنی ئەو نەوتە پەیوەست نییە بەودۆخە سیاسییەوە، بەڵکو پەیوەندیی بەشاردنەوەی ئەو داهاتە زۆرەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە زۆرینەی خەڵکی کوردستانو بردنی ئەو داهاتە بۆ ناو خەزێنەکانی حیزب، گومانی تێدانییە ئەو نەوتەو داهاتەکەی خاوەنە راستەقینەکەی ئەو خەڵکە هەژارو بەشمەینەتەیە، کە ئەمڕۆ لەسایەی دەسەڵاتی حیزبدا بێبەشن لە هەر خزمەتگوزارییەکو هەر پێداویستییەک، کە مرۆڤی ئەم رۆژگارە پێویستی پێیەتی، ئەو نەوتەی کە ئەوان بێشەرمانە بە بەرچاوی دنیاوە تاڵانفرۆشی دەکەن، ئەوە نەوتی ئەو منداڵە بێباوکانەیە کە لەسەر شەقامو ناوبازاڕەکاندا دەیانبینین بە چ نەهامەتییەک پارە پەیدادەکەنو ژیان دەگوزەرێنن، ئەو داهاتی نەوتەی کە ئێستا لە گیرفانی حیزبو سیاسییە باڵاکانی هەرێمدایە، ئەوە پارەی ئەو هەزاران خوێندکارو دەرچووەی زانکۆیە، کە تائێستا دانەمەزراون، ئەو داهاتە داهاتێکە دەستی بەسەردا گیراوەو تا ئەم ساتەوەختەش خەڵک، نەک هەر دڵخۆش نییە بە نەوتی هەرێم، بەڵکو بە سەرچاوەی نەهامەتیی دەزانێت بۆ خۆی، ئاخر لەسایەی نەوتی هەرێمی کوردستانو پارەی نەوتدا رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی بێکارو ژمارەی سواڵکەرو ژمارەی هەژارو بێدەرەتان زیاد بکات، ئیتر دەبێت نەوتی کورد چ خێرو خۆشییەکی بۆ ئێمە هێنابێت؟! نەوتێک رۆژ لەدوای رۆژ منداڵەکانی خۆی بسووتێنێتو دیوەخانی ئاغا سیاسییەکانی پێ گەرمبێت، دەبێت چ خۆشگوزەرانییەکی بۆ داهاتوومان پێبێت؟!

هەرێمە سەرسوڕهێنەرەکەی ئێمە نەوت دەفرۆشێت، بەڵام لە راپۆرتی رێکخراوی خۆراکی جیهانیی ساڵی (٢٠٠٨)دا هەرێمەکە لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە، هەرێمەکەمان نەوت دەفرۆشێت، بەڵام دەبێت زستان خەڵکەکەی بە سەعات سۆپا داگیرسێنن، هەرێمەکەمان نەوت دەفرۆشێت، بەڵام لەزۆر شوێنو گەڕەکدا تائێستا نەوتی مـانـگـی (تەمموز)ی پار دابەش نەکراوە، ئەم نەوتخانە بازاڕییەی، کە چەند بازرگانێکی سیاسیی دەیبەن بەڕێوەو نەوتەکەی دەفرۆشن تائێستا دانیشتووانی ناو نەوتخانەکە بەدەست بێ نەوتییەوە دەناڵێنو بەم گەرمای هاوینە ئەو ئێرانەی کە کڕیاری نەوتەکەیانە لە بەرگەرما پشووی رەسمیی راگەیاندووە، کەچی لێرە ئەگەر لە گەڕەکێکدا نەوت دابەشبکرێت، ئەوە لەبەر بەرمیل رێگەت بەرناکەوێت بڕۆیت، چونکە هەموو خەڵکەکە دەزانن هەر ئەو بەرمیلەی کە بەم گەرمای هاوینە بە (٣٨) هەزار دەیدەنێ، زستان نەوتفرۆشە سیاسییەکان نرخەکەی دەگەیەننە چوار ئەوەندە، نەوتی هەرێمەکان کەس نازانێت گرێبەستەکانی نرخی چەندەو لەگەڵ چەند کۆمپانیادا ئیمزای گرێبەستەکانی کراوە؟ ئەگەر رۆژنامە بیانییو رۆژنامەنووسەکانیان پەردەی لەسەر لانەبەن، ئەوا برادەرە نەوتفرۆشەکان نەوتو داهاتەکەیان کردووەتە هێڵی سوورو نایەڵن کەس بەلایدا بڕواتو پرسیاری لەبارەوە بکات، نەوت لە وڵاتەکەی ئێمەدا گرووپگەلێک دەیفرۆشنو هەر ئەوانیش پارەکەی لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن، نەوت لە بناغەدا دەبێت بۆ هەموو بێتو سەرچاوەی خۆشگوزەرانیی هەموولایەک بووایە، بەڵام بەداخەوە من پێچەوانەکەی دەبینم، لە کوردستاندا نەوتو داهاتەکە تەنیا بۆ نوخبەیەکو بەشە فراوانەکەی کۆمەڵگەی کوردی پێ دەچەوسێنرێتەوە، وەک ئەوەی ئەم وڵاتەو نەوتەکەی بەتەنیا مولکی ئەوان بێت.

**بانگەوازێک لە فیستیڤاڵی سۆلۆ ئارت سۆلۆ هارت**

سۆلۆ ئارت سۆلۆ هارت فیستیڤاڵێکی ساڵانەیە لە وڵاتی بەریتانیا بۆ نمایشکارانی جیهان.
هەرکەسێک توانای هەبێت بە سۆلۆ نمایشێکی هونەریانەی بەرز پێشکەش بکات ئەتوانێ لەم فیستیڤاڵە بەشداربێت نمایشەکان بریتین لە سەما، دراما، میوزیک، فیلم... هەر نمایشێکی تری سەرسوڕهێنەرو داهێنەرانە.
فیستیڤاڵ داوا لە گشت هونەرمەندانی کورد دەکات بۆ بەشداریەکی چالاکانە لە فیستیڤاڵی٢٠١٠ی ئەمساڵ لە شاری نۆتینگهام بەریتانیا.
مەرجەکانی بەشداربوون:
١. نمایشەکە لە ١٥–٢٠ دەقیقەدا بێت.
٢. ناوەڕۆکی نمایش کارکردنبێ لەسەر کولتورو تڕادسیۆنی کوردی بە فۆرمێکی تازەی سەردەمیانە.
٣. نمایشکار تەنها خۆی لەسەر شانۆ ئەبێت لەکاتی نمایشەکەدا (سۆلۆ).
٤. پێویستە نمایشکار پابەندبێت بە مەرجەکانی فیستیڤاڵ لەکاتی وەرگرتنی نمایشەکەی بۆ فیستیڤاڵ.
٥. هەموو نمایشکەرێک پێویستە کار لەگەڵ نمایشکارێکی بیانی بکات لە سێهەمین رۆژی فیستیڤاڵ بە ئیرتیجاڵ.
٦. سەرجەم نمایشکارەکان ئامادەبن لە وۆرکشۆپی زانکۆکانو فیستیڤاڵ.
٧. فیلم پێویستە لە ١٠ دەقیقە زیاتر نەبێت، ناوەڕۆکی فیلمەکان پێویستە هونەریانە بێت.
٨. هونەرمەندانی ناوخۆی کوردستان داوەتنامەیان بۆ ئەکرێ، بەڵام مەسرەفی رێگا خۆیان بەرپرسیارن.
فیستیڤاڵ لیژنەیەکی ٥ کەسی لە هونەرمەندانی بەرگەز بەریتانی ئامادە کردوە بۆ وەرگرتنی نمایشەکان و هیچ هونەرمەندێک لە رێگای ناسینەوە وەرناگیرێت لە فیستیڤاڵ.
بۆ داواکاری وەرگرتن لە فیستیڤاڵ تکایە فۆڕمی پێویست دابگرە لە www.soloartsoloheart.com هاوپێچی بکە لەگەڵ پارچەیەک لە نمایشەکەت بە DVD و بینێرە بۆ فیستیڤاڵی سۆلۆ ئارت سۆلۆ هارت.

**بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ گەیلان نەژاد بکەیت لە بەریتانیا**
**بە ژمارەی (٠٠٤٤٧٧٥٢٧٤٨٢١٠)، ٢٠١٠/٨/٣٠ دواڕۆژی وەرگرتنی فۆڕمەکانە**

**خاوەنی ئیمتیاز:** **کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:** **ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ ٧٥٠١١٨٢٣٨٣



# مێژوو چەندبارە دەبێتەوە

پشتیوان ئەحمەد

مێژوونووسان دەگێڕنەوە.. کاتێک هەواڵی کوشتنی ئیمامی عەلی بە عائیشە دەگات (دیارە عائیشە یەکێک لە نەیارە سەرسەختەکانی ئیمامی عەلی بووە).. دەفەرموێت: لە ئەمڕۆ بەدواوە عەرەب ئازادن لەوەی چییان بوێت بیکەن، دیارە مەبەستی عائیشە ئەوەیە.. دوای نەمانی عەلی.. گەندەڵیی تەشەنە دەکات.. ستەمی کۆمەڵایەتیو جەورو زوڵمی دەسەڵاتداران زیاد دەکات.. چونکە عەلیو یاوەرانی وەکو ئەبازەڕی غەفاریو مالیکی ئەشتەرو عەمماری کوڕی یاسر.. هەمیشە ڕێگر بوون لە خراپەکاریی بەهەموو شێوەکانی.. ئەو قسە پوختو کەمەی عائیشە لەجێی خۆی بوو، ڕۆژگار سەلماندی.. هەر پاش مردنی عەلیو پاش ماوەیەک لە دانوستاندن لەنێوان معاوییەو حەسەنی کوڕی عەلی.. دەسەڵاتی ڕەها کەوتە دەست معاوییەو پێش مردنیشی یەزیدی کوڕی لەجێی خۆی دانـاو حوکمداریی کـرد بە بەجێماوو (الحکم الوراثي).

سەردەمی خەلافەتی ئەمەوییەکان، دەستپێکرد، ئـەم حاڵەتە هەمیشە ڕوویـداوەو ئێستاش ڕوودەداتو چەندبارە دەبێتەوە.. لە وڵاتەکان.. لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا.. لەنێو یەک حیزبدا.. بۆ نموونە لەنێو حیزبێک.. ئاراستەیەک دەردەکـەوێت داوای کردنی حیزب بە دامودەزگا (المؤسسات) دەکات.. دژی پاوانکردنی حیزبە لەلایەن بنەماڵەیەکەوە.. داوای دادوەریـی کۆمەڵایەتی دەکــات.. بەرەنگاری گەندەڵیی لەنێو حیزب دەبێتەوە.. داکۆکیی لە خواستی جەماوەر دەکاتو پشت بە ئەوان دەبەستێت..

ئەم ئاراستەیە لەلایەن کەسێکەوە سەرکردایەتی دەکرێت زاهیدە وەکو یارانی عەلـی .. داوای هەق دەکات.. لە ڕیسواکردنی کەسانی دووڕوو، سڵ ناکاتەوە.. بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا.. سەرئەنجامی ململانێیەکی سەخت، لـەنـێـوان ئـەم ئاراستەیەو ئـەوەی بەرامبەریدا.. ئاراستە ڕۆشنبیرو خۆنەویستەکە، یاخود بەویژدانەکە ناچار دەبێت وەکو تاکێک، ئاڵوگۆڕ بەشوێن بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە کەشێکی گونجاوتر.. لە گۆڕەپانێکی واڵاتر.. درێژە بە ڕێبازەکەی بدات..

لـەوديـودا.. ئیدی ئـەو گرووپە، یاخود ئەو حیزبەی دەمێنێتەوە، ئازاد دەبن لـەوەی چییان بوێ جێبەجێی بکەن.. کۆنترۆڵی حیزب دەکـەن.. بنەماڵەیەک یاخود چەند بنەماڵەیەک وەکو ئۆکتابوت پەلدەهاوێژن.. کێشەی وەرگرتنی ئیمتیازات تەشەنە دەکات.. لەو حیزبەدا.. کەسانی گەندەڵ وەکو شـارەزا لەبواری پراکماتیک پێناسە دەکـرێـن.. دوو ڕووەکانیش وەکو شارەزا لە بواری دیپلۆماسـی دەدرێنە قەڵەم.. ئیدی هەرلایەک کارو حیسابـاتی خۆی دەکاتو لەم نێوەندەدا جەماوەرو ڕای گشتیی دەبنە حەکەم.



# گرێی زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستاندا!

عەلی حەمە شەریف

مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی ململانێو گـەڕان بووە بـەدوای پێویستیو زانینی نهێنییەکانی سروشتو دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانی ژیان، ئەنجامی ململانێی لەگەڵ سروشتو دەوروبــەردا، شارستانییەتو ئاوەدانیو گەلێک کاری دەستڕەنگینی مێژوویيو سەرسوڕهێنەری بەرهەمهێناوەو لە ململانێشیدا لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا، جگە لە گەلێک کارەساتی تراژیدیی، مێژوویەک لە هزرو پێشکەوتنی گەورەو هەمەلایەنەی لێکەوتووەتەوە، کە بەردەوام لە گەشەکردنو بۆ پێشەوەچووندایە.

دیموکراسی بە یەکێک لە دەستکەوتە گەورەوباشەکانی مرۆڤ دادەنرێت کە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ بە هەوڵو خەباتێکی سەخت بەدەستی هێناوە. دیموکراسی، هەرچەندە بەچەند سەدەیەک لە پێش زایندا لە شاردەولەتەکانی یۆنانی کۆندا پراکتیزەکراوەو تا ئێستا وەک تاکە دۆکیۆمێنتی نووسراوە تەماشادەکرێتو لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ زۆرێک لە بیرمەندانو لێکۆڵەرەسیاسییەکانو چەندین فەیلەسوفی گەورەو ناودار، بەشێکی زۆری نووسینو کارەکانیان بۆ گەشەپێدانی ئەو فۆرمەی دیموکراسی بـووەو ئامانجیان خزمەتکردنو هێنانەئارای کەشێکی ئارامی سیاسییو یاسایی وا بووە کە خەڵک ببێتە ئەو مەرجەعەی کە تاکە دەسەڵاتی باڵابێت لە پێدانی ڕەوایـی دەسەڵاتی سیاسیی، بەمەش پرۆسەی سیاسییو کۆی ململانێی سیاسیی لەوڵاتدا دەخاتە سەر شاڕێی بەمەدەنیکردنی ململانێکانو زەمینەی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسیی لێدەکەوێتەوەو بەپێچەوانەی ئەو ئالوگۆڕە کتوپڕانەو کودەتا سیاسییو سەربازییانەی کە توندوتیژیو نائارامی بەردەوامو گەلێک جاریش شەڕی ناوخۆی بـەدوای خۆیدا هێناوەو لەئاکامیشدا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، یـان تاکڕەو فەرمانڕوایی وڵاتی کردووە.

دیموکراسی، ئەگەر چی وەک فۆرمێکی سەرکەوتوو سەیردەکرێتو کاریگەرییەکی گـەورەی لە پێشخستنی هەمەلایەنەی لە ژیانی خەڵکو چۆنێتیی ڕێکخستنی سیستمی حوکمڕانیو پێکەوەژیانی سیاسییو هێمنانەی لەبری کاری تێکدەرانەو ناشارستانیو نارێکخراوی زیانبەخش هێناوەتە ئـاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دیارترین کەموکورتیو خاڵی لاوازی ئەم فۆرمە ئەوەیە کە کێشەی زۆرینەو کەمینەی پەرلەمانی لێدەکەوێتەوەو حوکمی زۆرینە بەخەسڵەتو ئەنجامگیرییەکی دەسەڵاتێکی زاڵمانەو خۆسەپێن دەگەیەنێت کە ئاکامو دەرئەنجامەکانی زۆرجـار هیچی وای لەو ئاکامو دەرئەنجامانە کەمتر نییە کە لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە تۆتالیتارو تاکڕەوەکان دەکەونەوە.

ئەم بارودۆخەی ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان بەدی دەکرێت، ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا زەقترین کەموکورتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنو دیموکراسی دەکەوێتەوە، کە هێنانەئارای زۆرایەتی پەرلەمانییە کە بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆسیسی دیموکراسی لەلایەن دەستەی زۆرایـەتـی پەرلەمان قۆستراوەتەوەو پێشێلکاری مافەکانی کەمینەی پەرلەمانی لێکەوتووەتەوەو وەک بڵێی هەموو خەسڵەتو بەهاو بنەمابالاکانی دیموکراسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنو ئەنجامەکانیدا یەکانگیردەبنو ماناو چەمکی دیموکراسی لە ساتەوەختی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا کۆتایی دێتو سنوورو مەودای وابەستەی بۆچوونەکانی زۆرایەتی دەبێت، بێئاگا لەوەی مانای ڕاستەقینەو تەندروستی دیموکراسی، لەو کاتەوە دەردەکەوێت کە تا کوێ دەسەڵاتی زۆرینە، یان دەسەڵاتی سیاسیی پابەندی بنەما سەرەکییە مرۆییو ئەخلاقییەکانی ئەم چەمکە دەبێتو چەند ئۆباڵی مێژوویيو چارەنووسسازی ئەو دەرئەنجامانە هەڵدەگرێت، کە بەپێچەوانەو بەپێداگری ڕەهـایـانـەو بێمنەتانە لە پەیڕەوکردنی پرۆسیسی سەپاندنی حوکمی زۆرینەی پەرلەمانی دەکەونەوە!

لەم ڕۆژگـارەدا، بابەتی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ سەراپای ئەندێشەو بیری مرۆڤایەتییان داگیرکردووەو بایەخپێدانێکی جیهانیشیان هەیە، تەنانەت ئەو سیستمو دەولەتانەش کە تا ئێستا خەسڵەتو مۆرکی سیستمە تاکڕەو و گشتگیرییەکانیان هەیە، ئەوانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەگەرچی بەڕووکەشانەش بێت بانگەشەی دیموکراسی دەکـەنو لەبەر گرنگی نێودەوڵەتییو لایەنی مرۆیی ئەم فۆرمە، بەئاشکرا دژی ناوەستنەوە، جگە لـەوەی کە چەندین کۆنگرەو مەڵبەندو دامەزراوەی تایبەتمەند بە فراوانکردنی هۆشیاریی دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کراوەتەوە، چونکە ئەم چەمکانە وەک پرەنسیپێکی جیهانینو بوونە پێوەرێکی گشتیو پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێتو لە بایەخو گرنگییان کەم نەکرێتەوە، چونکە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ، بابەتگەلێکی شارستانیو بەهای مرۆیی دەردەخـەنو دەستکەوتی گــەورەن، کە مـرۆڤ بە هـۆی خەباتو قوربانییەکی زۆرەوە بەدەستی هێناون، بۆیە گرنگترین پرسیار کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە کە کامەیە نـاوەڕۆکو جـەوهـەری دیموکراسی؟ ئایا مانای پڕاوپڕی دیموکراسی تەنیا حوکمی زۆرینە دەگەیەنێت؟ ئایا زۆرینەی ئەنجامگیری، دەرئەنجامی پراکتیزەی دیموکراسی یەکسانیو فرەیی سیاسیی ڕاستەقینە فەراهەم دەکات؟ ئایا زۆرینەی پەرلەمانی بیمەی پاراستنو زەمینەی ژیانی ئازادانەی سیاسیی کەمایەتیو تاکەکان دابین دەکات؟ ئایا سیستمی سیاسیی لەم هەرێمەی ئێمەدا کە زۆرجـار وا بانگەشەی بۆ کـراوە کە ئەزموونی حوکمڕانییەکەی بگوازرێتەوە بۆ بەشەکانی تری عێراقو لێوانلێوە لە دیموکراسی، لەڕاستیدا تا چەند کۆکو تەبایە لەگەڵ بنەماو ئەوخەسڵەتانەی کە سیستمە دیموکراسییەکانی پێدەناسرێتەوە؟

بۆ وەڵامـی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تری جەوهەریی سەبارەت بە دیموکراسی، پێویستە بگەڕێینەوەو سەرنج لەم چەند بنەما، یان ڕوکنە سەرەکییانەی بوونی سیستمی دیموکراسی بدەین، ئەوانیش:

١- بڕوابوون بە سەروەریی بۆ گەلو گەل سـەرچاوەی ڕەوایـی بەخشینە بە دەسەڵاتی سیاسیی، دەسەڵاتدارێتی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکو ئەوانەی هەڵیاندەبژێرن دەبەستێتەوە، بە مانای ئەوەی کە دەسەڵاتدارێتی بابەتێکی وەختیو دیاریکراو و دەستاودەستکەر دەبێت کە لایەنەکان پابەند بە ئاشتییانەی ئەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵاتدارێتی دەکات.

٢- بـــڕوابـــوونو کـــارکـــردن بۆ جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی (یاسادانانو دادوەریـیو جێبەجێکردن)و سەربەخۆبوونیانە لەیەکتری.

٣- دانانو بڕوابوونی تەواوە بە مافی کەمینەو تاکەکانو دابینکردنی یەکسانیو دادوەریی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی هەلی یەکسانە بۆ هـەمـووان بەبێ جیاوازی (ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی).

٤- چەسپاندنی پرەنسیپی چەمکی هاوڵاتیبوون، یەکسانی نێوان تاکەکان لەبەرامبەر یاساداو سەروەریی یاسایی جێگەی سەروەریی سیاسیی بگرێتەوەو هاوڵاتییان مافو کەرامەتیان پارێزراوبێتو دەستوور زامنی پاراستنی مافەکانی بێت.

٥- زەمینەخۆشکردنو گەشەپێدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دابینکردنی ئازادییە سیاسییو مەدەنییەکان، بەتایبەتی ئازادیی ڕاگەیاندنو دەربڕینو پێکەوەنانی پـارتو گرووپی تایبەت بە هاوپیشەو هاوئامانجو بەرژەوەندییە تایبەتەکان.

٦- شەفافییەت لـە کاروبارەکانی حـکـومـەتو بـەدامـەزراوەیـیـکـردنـی دامـودەزگـاکـانـیو ڕێکخستنی بـازاڕو سەرچاوەکانی داهـاتو بەهەدەر نەدانی سامانی نیشتمانیو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانو ڕەفاهییەت بۆ خەڵک.

ئەگەر بڕیاربێت دیموکراسیو چەمکی هـاوڵاتـیـبـوون، هـۆکـاری پێشخستنو سەرخستنی کاروانی شارستانیو پرۆسەی سیاسیی بن لە تەواوی دنیادا، ئەوا بێشک قەیرانی هەرەگەورەی ئەم دەڤەرەی ئێمە لە نەبوونی ئازادییو سیستمێکی دیموکراسیو بەرجەستەنەبوونی چەمکی هاوڵاتیبوون کەوتوونەتەوە، کە هۆکاری سەرەکی زۆربەی کێشەو گرفتە یاساییو سیاسییو ئـابـووریـیو کـۆمـەڵاتـیو فەرهەنگیو کلتوورییەکانە، گرنگترین شتێک کە ئەرکو بایەخی بوونی سیستمی پەرلەمانی لە دنیادا دەردەخاتو ڕەمزی دەسەڵاتدارێتیی گەل دەگەیەنێتو ئەرکی چاودێریکردنو بەدواداچوونی کاروباری حکومەتە، کەچی بەپێچەوانەوە ئەم پەرلەمانەی ئێمە، چاودێرو نوێنەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حیزبو پارێزەرێکی شێلگیری حکومەتو لـەبـازنـەی پـەرەپـێـدانـی خـواستو بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەسوڕێتەوە. لە زۆربەی دەولەتانی دنیادا، داواکاری گشتی ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی ئەکتیڤ دەبینێت، یان دادوەر سەربەخۆییو سەربەستی تەواوی کارکردنی هەیەو چاودێریکی وردە بەسەر کاروبارەکانی حکومەتەوەو ملکەچو گێرۆدەی بڕیارو ڕێنماییو زاریەکانی حکومەت نییە، هەرئەمەشە کە ڕێگە دەگرێت لە بەسیستماتکردنی گەندەڵیو لێنەپێچینەوە لەکارە چەوتو نایاساییو زۆرەملێکانی حـیـزب لـەدەسـتـێـوەردانـە سیاسییە هەمەجۆرەکانیدا، بەڵام بەداخەوە، لەم پەرلەمانەی ئێمەدا، گرێی زۆرینەی پەرلەمانی بوونێکی هەستپێکراوی هەیەو زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانمان بە گیانێکی غرورانە ڕەفتار دەکەنو خۆیان لەبیردەچێتەوەو نوقمی ناو خولیاو بۆچوونو ئاڕاستە ڕاسپێردراوەکانیان دەبن، لەبری ئەوەی خۆیان بەنوێنەری هەڵبژێردراوی بۆ داکـۆکـیو دابینکردنی زیـاتـری مافو بەرژەوەندییەکانی خەڵک بزاننو ئەرکی پەرلەمانتاریو مرۆییو متمانەپێکراوی خـۆیـان بـپـارێـزن، ئـەگـەر نـا بەلانی کەمەوە، ئەگەر لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستاندا، زەمینەی لێکجیاکردنەوەو سـەربـەخـۆنـەبـوونـی سـێ دەسـەڵاتـە سەرەکییەکەی (یاسادانانو دادوەرییو جێبەجێکردن)یش نەڕەخسابێت، تۆ بڵێیت، دیموکراسییەکەمانو ئەزموونەکەمان بایی ئەوەندەی لەباردا نەبێت کە بتوانێت دان بەهەبوونی (داواکـاری گشتی)دا بنێتو سەربەخۆیی پێبدات لەکاتێکدا کە بوونی داواکاری گشتی، بەئەزموون دەرکەوتووە کـە چ ڕۆڵـێـکـی گــەورەو کـاریـگـەری هەیە لە نەهێشتنی دیـاردە نایاساییو نائیدارییو دزێوە زیانبەخشەکان، هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرنامەو پەیڕەوی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا جەخت لە سەربەخۆبوونی دادوەرییو دابینکردنی ئازادییەکان کراوەتەوەو تەنانەت بەشێکی میدیا حیزبییەکانیشیان بۆئەم بانگەشانە تەرخانکردووە، کەچی لە پراکتیکدا دژی دەوەستنەوە. ئەمە لێکدانەوەی زۆرو هەمەلایەنە هەڵناگرێت، جگە لـەوەی کە دەرخستنی واقیعی فەلسەفەی سیاسیی دەسـەڵات دەردەخـات لەمەڕ سیستمی بـەڕێـوەبـردنو چۆنێتیی حوکمدارییان لەکوردستان.

دیموکراسی شێوازێکە لە شێوازەکانی فەرمانڕواییو گرنگیو بایەخی لەوەدایە کە وەک هۆشیارییەکی مرۆیی بگوازرێتەوە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵو ببێتە ئەو زەمینەیەی کە تێیدا مافو ئازادییەکانی خەڵکی تیایدا پارێزراوبێتو لە سەرووی هەمووشیەوە مـرۆڤ هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆی بـکـات، دیموکراسی بـۆ ئـەوە نییە کە تەنیا وەک بەرگێکی ئـالـوواڵا عەیبو کەموکورتییەکانی دەسـەڵاتو سیستمی فەرمانڕەوایێتی پێ داپۆشرێتو وەک قەڵغانێکی سیاسیی نیشانی دنیای دەرەوە بدرێتو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆتو بەندی سیاسییو ئابوورییو کۆمەڵایەتیی بکرێنە بـەربـەسـتو لەمپەری گــەورە لەبەردەم پێشکەوتنی سیاسییو فیکریو بەدەرکەوتنی چەندین هێزی سیاسییو سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە لەناوخۆدا، کە بەمانای وشە ڕۆڵو ئەرکی خۆی لەهاوکێشە سیاسییەکاندا زۆر ئەکتیڤو بوێرانە دەبینێت، بۆیە گرنگە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، دەسەڵاتدارێتیی هەرێم زۆر بەڕوونیو شەفافانە هەڵوێستو بۆچوونی خۆی بەکردەوەو ڕاشکاوانە سەبارەت بە جۆرو چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندیو شێوازی مامەڵەی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەگشتیو بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی ڕابگەیەنێتو دیاری بکات کە لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە تێڕوانینو سیاسەتی ڕەهایانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی ئازادییەسیاسییو مەدەنییەکانو ڕێکخراو و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕوون بکاتەوە، چونکە ناکرێت ئێمە بڕوامان بە دیموکراسیو چەمکی هاوڵاتیبوون هەبێتو ڕەفـتـارو مامەڵەی سیستمە تۆتالیتارەکان بنوێنین، ناکرێت هەمان ڕەفتاری سیاسەتی شکستخواردووی ڕابـردوو درێـژە پێبدرێتو ڕیزبەندییو پلەبەندیی بۆخەڵک دابنرێتو ئەو باڵۆرە سواوە کە دەڵێت، ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنەو نابێت بژی، با بەس بەرگوێی خەڵک بکەوێت، سیاسەتی مۆنۆپۆلکردنی بژێوییو سەرچاوەکانی ژیانو شادەماری ئابوورییو بازرگانیو کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵو خۆخزاندنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵکو بێئیرادەکردنیانو سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاو فیکرێکی سیاسیی دیاریکراو، ڕۆژگـاریـان بەسەرچووەو هـەر هێزو لایەنێکی سیاسیی خۆی چەند بەگەورەو کاریگەر دابنێت، ئەگەر بیرکردنەوەو درێژە بە سیاسەتێکی ئاوا بدات، ئەوا بێگومان ڕووبـەڕووی بەرپرسیارێتێکی گەورەی مێژووییو ئەخلاقی دەبێتەوەو مێژووش بەزەیی بە هیچ کەسو لایەنێکدا نایەتەوە.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی سێیەم ژمـــارە (٦) سێشەممە ٢٠١٠/٧/١٣





یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر درێژکردنەوەی ماوەی کارپێکردنی زەرورەتە یان ...
ل ٢





عومەر هەورامی: پەرلەمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیع و تواناکانی حکومەت یاساو بڕیار دەرناکات
ل ٣





نوێنەرایەتی کەمینەکان، لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا
ل ٤


# «دروستبوونی "دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەکوردستاندا" پێویستی بەتوێژینەوەو بەدواداچونی ورد هەیە»

ئا: KIE

پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەکوردستاندا لەلایەن ١٣ ئەندامی لیستی کوردستانییەوە واژۆکراوەو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣ پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوەو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. شارەزایانی بواری یاساو ئەندامانی ناو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەگەرچی بوونی دەستەی لەوجۆرە لەژیانی سیاسیی هەرێمدا بە گرنگ دەزانن لەهەمانکاتدا ترسی ئەوەشیان هەیە کە هەڵبژاردنی حەوت ئەندامەکەی ئەنجومەنی دەستەکە بەهۆی فراکسیۆنی زۆرینەی ناو پەرلەمانەوە وابکات بیخاتە ژێر کاریگەریی حیزبەوە کەدیارە ئەمەش مەترسی لەسەر ئایندەی گۆرانکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لەهەرێمدا دروستدەکات.

لەمبارەیەوە پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام لەگەڵ ئەوەی بە ئاسایی زانی کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەکوردستاندا بەڵام گومانی لە میسداقییەتی ئەو دەستەیە دەربڕی و وتی «گرفت و مەترسییەک هەیە کە ئەم دەستەیە تا چەند دەتوانێت ئەرک و کارەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆو بێلایەنانە ئەنجامبدات ئەویش لەڕووی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکان و ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و سەیرکردنی سکاڵاو تانەی لایەنە بەشداربووەکان بەبێ جیاوازیی و ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان».

هەروەها ئومێد ئاماژەی بەوەدا «بەوپێیەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا لەڕووی کرداریی و پراکتیزەکردنەوە لەسەرەتادایە لەبەرئەوە هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەم دەستەیە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەروەها سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن لەلایەن ئەم دەستەیەوە ڕەنگە تا ڕادەیەک وا لە وڵاتانی دراوسێی و عەرەبیی و وڵاتانی بیانی بکات دان بەهەڵبژاردنەکاندا نەنێن چونکە هەرێمی کوردستان تائێستا دەوڵەت نییەو لەچوارچێوەی عێراقدایە».

لەلایەکی ترەوە سەمیر سەلیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی یەکگرتوو باسی لەگرنگی دروستکردنی ئەو دەستەیە لەژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا کردو وتی «وەکو کورد مافێکی ئاسایی خۆمانە کە بتوانین لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا دەستەی تایبەت بەخۆمان هەبێت بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی و میکانیزمەکانی گەشەپێدان و گۆرانکاری لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆماندا».

سەبارەت بەمیکانیزمی دروستبوونی ئەو دەستەیە ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە گرفتێکی گەورە هەیە لەبەردەم دروستبوونی ئەم کۆمسیۆنەداو وتی «بەوپێیەی کە ئێمە لەناو ئەزمونێکداین کاریگەری سلبی لەسەر ئەزموونی سیاسیی ئێمە هەبووە کە ئەویش باڵادەستبوونی حیزبە بەسەر ئەزموونی حوکمرانی ئێمەدا لەبەرئەوە دروستبوونی ئەم دەستەیە پێویستی بەتوێژینەوەو بەدواداچونی ورد هەیە بۆئەوەی ئەم دەستەیەش نەکەوێتە بەر شاڵاوی بەحیزبیکردنەوە چونکە تاقە کەناڵی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەهەرێمی کوردستاندا تەنها هەڵبژاردنە ئەگەر حیزبە باڵادەستەکان زاڵبن بەسەر ئەم کەناڵەشدا ئەوکاتە ئەگەرەکانی گۆرانکاری لەئایندەدا توشی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە دەبێت».

هەروەها سەمیر سەلیم بروای خۆی دەربڕی کە ئەم دەستەیە «وردەکارییەکی زۆری دەوێت و دەبێت میکانیزمی وای بۆ دابرێژرێت کەنەهێڵرێت حیزبەکان دەستبخەنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوەو ژیانی سیاسییمان بخەنە دۆخێکی مەترسیدارەوە».



## زەڕەبین

## ئەوەی لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا باسنەکراوە

ئارام جەمال *

بەپێی تێپەڕبوونی کات و کەڵەکەبوونی ئەزموون و هەستکردنمان بەبەرپرسیارێتی گشتی دەبێت یاساکانیش هەمواربکرێن. لەو میانەیەدا ئێمەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش خۆمان وا پێناسەکردووە کە لەسەر پرسە گشتییەکان بەدەنگدێین و داکۆکی لەبەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی بەها دیموکراسییەکان دەکەین، هەربۆیە چاکترە بەر لەوادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستاندا چاوێک بەچێوە یاساییەکەی ئەو هەڵبژاردنەدا بخشێنینەوە کەخۆی لەیاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا ڕێکخستووە بەئامانجی ئەوەی لانیکەم ئەندامان و لیژنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەو کەموکورییانە ئاگاداربن.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لەیاسای ناوبراودا باسنەکراوە تۆماری دەنگدەرانە لەکاتێکدا گرنگیی تۆماری دەنگدەران لەوەدایە کۆی ناوی ئەو هاوڵاتیانە دیاریدەکات کە مافی دەنگدانیان هەیە جگە لەدیاریکردنی ڕێوشوێنەکان بۆ ئەو کەسانەی ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا نییە چونکە وەک دەزانین دوو جۆر لەتۆماری دەنگدەران هەیە، تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی و کۆتایی. تۆماری دەنگدەران بناغەیەکە بۆ ئەوەی بزانرێت ڕێژەی ئەو هاوڵاتیانە چەندە کە مافی دەنگدانیان هەیەو ئەمەش بناغەیەکی پێویستە بۆ دیاریکردنی ڕێژەو ئاستی دەنگدان لەڕۆژی هەڵبژاردندا بەپێی بنکەکانی دەنگدان لەهەر پارێزگاو قەزاو ناحیەو گوندێکدا. بەواتایەکی تر تۆماری دەنگدەران بڕبڕەی پشتی هەموو هەڵبژاردنێکەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەنەزاهەی هەڵبژاردنەوە هەیە چونکە ناڕۆشنی لەتۆماری دەنگدەراندا ڕێگەدەکاتەوە لەبەردەم کاری ساختەو تەزویردا بەتایبەتیش کەئامارێکی تازەی دروست لەبەردەستدا نەبێت. لەبەرئەوە ناکرێت یاسایەک تایبەت بێت بەهەڵبژاردن و باسی تۆماری دەنگدەرانی نەکردبێت. لەکاتێکدا تۆماری دەنگدەران لەیاسای ژمارە ٣٦ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی عێراقدا وەک بەشێکی سەربەخۆ هاتووە (بەشی چوارەم).

مەسەلەیەکی تر کە دەبووایە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەقنوس بکرایە دیاریکردنی وادەی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێمە بەگشتی چونکە نابێت هیچ یاسایەکی هەڵبژاردن بەتاڵ بێت لەم دیاریکردنە، ئەگەرچی ئەم ماوەیە لەیاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراقدا هاتووەو لەبڕگەی دووەمی ماددەی چواردەیەمیدا دەڵێت «ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە لەیەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات و بەکۆتاییهاتنی ساڵی چوارەم کۆتاییدێت.» چاکتر نەبوو ئەم دەقەش بەشێوەیەک لەشێوەکان لەیاسای هەلبژاردنیشدا باسبکرایە کەجێگەی سەرەکی خۆیەتی؟! هەروەها یەکێک لەو شتانەی پێویستە لەپاڵ ئەم دیاریکردنی وادەیەدا هەبێت دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکانیشە کەئاخۆ پێکەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەکرێت یان لەدوو کاتی جیاوازدا.

دەبووایە لەیاسای هەڵبژاردنی ناوبراودا ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکان دیاربکرایە جا بەپێی ژمارەی دانیشتوان بێت یان ژمارەی دەنگدەران ئەگەرچی ئەمە لەیاسای ژمارە ٣ی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئاماژەی پێدراوە بەڵام پێویستە لەیاسای هەڵبژاردنیشدا ئاماژەی پێبدرایە چونکە جێگەی سەرەکی خۆیەتی لەم یاسایەدا باسبکرێت.

لەبڕگەی ٣ی ماددەی ٩ ی یاسای هەڵبژاردندا ناڕۆشنییەک هەیە لەڕووی دابەشکردنی ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بەجۆرێک دەتوانرێت بەهەردوو شێوەکە (مایەوەی بەهێزترو براوەی یەکەم - المتبقي الاكبر و فائز الاكبر) لێکبدرێتەوە. ئەگەر سەیری ئەم بڕگەیە بکەین بەشی یەکەمی گوزارشتە لەشێوازی «مایەوەی بەهێزتر» بەڵام بەشی دووەمی بڕگەکە گوزارشتە لە « براوەی یەکەم « کەئەمەش ناکۆکییەکی زەقەو دەبێت بەزووترین کات لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە هەمواربکرێت و بەلایەکدابخرێت لەکاتێکدا شێوازی یەکەمیان « مایەوەی بەهێزتر» لەڕووی عەدالەتی نوێنەرایەتییەوە گونجاوترو پەسەندترە، بۆئەمەش دەبێت بەشی دووەمی ئەم پەرەگرافە لاببرێت.

سەبارەت بەکۆتای نەتەوەکان ناڕۆشنییەک هەیە لەوەی کەئایا ئەم کۆتایە لەناو ئەو ڕێژەدایە کەبۆ هەر پارێزگایەک دادەنرێت یان لەدەرەوەی کۆی ژمارەی کورسییەکاندایە، ئەمەش پێویستی بەهەموارکردن هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

## پرۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا

ئا: KIE

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە ١٩ی خولی گرێدانی دووەمی لەساڵی یەکەمی خولی سێهەمی هەڵبژاردنی بەڕێوەبردو یەکێک لەو ٧ پرۆژەیاسایەی لەو ڕۆژەدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بوو دواتر پرۆژەیاساکە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆو ئاسایش و کاروباری کۆمەڵی مەدەنی و پەرلەمانتاران کرا بەئامانجی گرتنەبەری ڕێکارییە یاساییەکانی. ئەم پرۆژەیاسایە لەلایەن حەوت ڕێکخراوی ناحکومییەوە ئامادەکراوەو ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) پێشکەش بەنووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

## ئاگاداری

بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەمواركردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).

dana.jamil@kie-ngo.org
aram.jamal@kie-ngo.org

یاخود ژمارە تەلەفونەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠

# قاچاخچییەکان دەرکەوتن



هیوا جەمال

چەند مایەی شەرمەزارییە، لە وڵاتانی دنیاوە هەواڵی ئەوەمان بۆ بێتەوە کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، بازرگانیی بە نەوتەوە دەکەنو کەس نازانێت پارەکەشی چی لێدێت.

بازرگانیی نەوت لەلایەن دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەوە، لە میدیای جیهانیدا دەنگیدایەوەو ئەوەش بووە جێگەی سەرنجی هەمووان، پرسیاریش ئەوەیە کە چۆن دەکرێت دوو پارت کە خۆیان دەسەڵاتداربن، کەچی بەشێوەیەکی نایاسایی بازرگانیی بە یەکێک لە سامانە گشتییەکانو مولکی خەلکەوە بکەنو گەلەکەیانی لێ بێبەش بکەن.

ڕۆژانە بە بەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە، سەدانو بگرە هەزاران تانکەر سووتەمەنی لە مەرزەکانەوە رەوانەی ئێرانی دراوسێ دەکرێنو لەوێشەوە ئەو وڵاتە بە نرخێکی خەیاڵیی لەچاو ئەو نرخەی دەیکرێت، بە جیهانی دەفرۆشێتەوە، کەچی دەسەڵاتدارانی هەرێم، رەتیدەکەنەوە کە سووتەمەنی براوەتە دەرەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، دەسەڵاتدارانی هەرێم تا لە دەرەوە باسیان نەکرێتو پێشێلکاریی‌و نایاساییەکانیان لە جیهاندا دەنگ نەداتەوە، ناکەونە خۆیانو ناجولێن.

دەیان راپۆرت لەسەر پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان لەناوخۆدا بڵاوبووەوە کە دوا‌ینیان راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنووسانە کە باسی دەیان پێشلێکاریی لەلایەن بەرپرسانەوە بەرامبەر رۆژنامەنووسان کردووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم هەستیان پێ نەکرد، کەچی لەدوای تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمانو بڵاوبوونەوەی لە میدیای جیهانیدا، دەسەڵاتداران توشی شۆک بوونو کەوتنە داپلۆسینی رۆژنامەنووسانی ناوخۆ.

دەیان جار لەسەر مەسەلەی توندوتیژیی بەرامبەر منداڵان، ژنان، زیندانییانی سیاسیی، میدیای ناوخۆ هاتنە دەنگو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ژنان قسەیانکرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم خۆیان لەوە پێ گەورەتربوو کە وەڵام بدەنەوە، کەچی دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، راپۆرتێکی لەبارەی مافی مرۆڤەوە بڵاوکردەوە، ئیدی حکومەتی هەرێم وەڵامی هەبوو، کەوتە خۆی بۆ کارکردن لەوبارەیەوە.

جگە لەو راپۆرتانەی یۆنامی، هیومان رایتس ووچ، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، رێکخراوی بەرگریی لە رۆژنامەوانانو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەگەر رۆژنامەنووسێک، یان نووسەرێکی بیانی راپۆرتێک لەسەر پێشلێکارییەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کونەمشکیان لێدەبێتە قەیسەریو وا دەزانن کە هەمووشتێک ئاشکرا بووە.


دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز لەسەر قاچاخچێتیکردنی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بە نەوتەوە، دوێنێ وتەبێژێکی هەرێم کە کەس نازانێت کێیە، وەڵامێکی رۆژنامەکەی داوەتەوە کە دوورو نزیک بەلای مەسەلە جەوهەرییەکەدا نەچووەو خۆی لێ بواردووە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە میدیای ناوخۆیی بەتایبەت، کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە، لەسەر ئەو مەسەلەیان نووسیوەو بەگوێی بەرپرسانیاندا داوە، کەچی سەرخۆیان نەهێناو وایان دەزانی کە هەرچی ئۆپۆزسیۆن وتی، ئەوە بۆ کەمکردنەوەی شکۆی دەسەڵاتەکەیانەو ناحەقییە.


چەند جێگەی شەرمە، بەرپرسان گوێ لە هاوڵاتییانی خۆیان نەگرنو بەبێ بایەخ سەیریان بکەن، بەڵام کە خراپییەکانی خۆیان دەگاتە دەرەوەو لەوێوە فشار دەخرێتە سەریان ئینجا دەسەڵاتداران بکەونە خۆیان.

کوا ئەو بەڵێنانەی سەرۆکەکان کە دەیانوت، رێز لە رای جیاواز دەگرینو دەمانەوێت بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەین، چۆن بڕوا بکەین کە گوێ لە هاوڵاتییەکانیان دەگرن، مەگەر بەوەدا بزانین کە راپۆرتە نێودەولەتییەکان بڵاودەبنەوە؟












چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

## عومەر هەورامی: پەرلەمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعو تواناکانی حکومەت یاساو بڕیار دەرناکات

# پێشبینی دەکەم لە خولی گرێدانی سێیەمی پەرلەماندا، یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی خوێندنەوەی دووەمو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە

سازدانی: رای گشتی

**لەم دیمانەیەدا عومەر هەورامی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی وردەکاریی پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەخاتەڕوو، بڕوایشی وایە لەکۆتایی ئەمساڵدا پەرلەمانی کوردستان یاسای تایبەت بەخۆپیشاندان پەسەندبکات کە بنەماکانی دیموکراسیەتی تێدا چەسپاوبێت**

**رای گشتی: حکومەتی هەرێم پرۆژەیاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانی پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کرد و پاشان پرۆژەکەی کشاندەوە، هاوکات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش پرۆژەیاسایەکیان پێشکەش کرد، دەمەوێت بپرسم ئەم پرۆژەیاسایەی ڕێکخراوەکان لە پەرلەمان بەکوێ گەیشتو ئێوە وەکو پەرلەمانتار چیتان لەسەرکردووە؟**

عومەر هەورامی: دوو پرۆژەیاسا خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، پرۆژەیەکیان لەلایەن حکومەتەوەو پرۆژەکەی تر لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە پێشکەشکرابوو کە پێشتر چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی ئامادەیانکردبوو، ئەم دوو پرۆژەیە رەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکان کران کەبریتیبوون لە «لیژنەی یاسایی، ناوخۆو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی» پاش تێپەڕبوونی چەند رۆژێک ئەوەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیاسایەکی سەحبکردەوە کە پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو، یەکێک لەو پرۆژەیاسایانە پرۆژەیاسای خۆپیشاندانەکان بوو، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی سەرنجمان لەسەر هەردوو پرۆژەکە هەبوو راپۆرتێکی سەرەتاییمان ئامادەکردو هەردوو پرۆژەیاساکەمان لەچوارچێوەی یەک پرۆژەدا ڕێکخستو بەدەنگی ئامادەبووانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی ئەم راپۆرتەی ئێمە رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا. بەڵام بەحوکمی ئەوەی پرۆژەیاساکەی حکومەت سەحبکرابوو دەبووایە ئێمە چاوەڕێی حکومەت بکەین تا ماوەیەکی دیاریکراو، لەبەرئەوە موناقەشەکردنی ئەو پرۆژەیاسایە دواخرا.

**رای گشتی: رەخنەیەک کە بەردەوام روبەروی پەرلەمان دەبێتەوە ئەوەیە لەکاتێکدا پرۆژەیاسایەک تایبەت بە بوارێک هەیە لە پەرلەمان بۆ دەبێت چاوەڕێی حکومەت بکات تا پرۆژە بنێرێت یان سەرنجی لەسەربدات، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پەرلەمان لەژێر کاریگەری حکومەتدایە بۆیە وەک دەسەڵاتی یاسادانان مومارەسەی سەلاحیەتەکانی خۆی ناکات؟**

عومەر هەورامی: ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی کە ئیلتیزامێکی دارایی یان ئیداری بۆ حکومەت دروستدەکەن، دەبێت رەئی حکومەتیان لەبارەوە وەربگیرێت، لە هەمانکاتدا رەئی حکومەت جێگەی سەرنجو گفتوگۆیەو بڕیاری کۆتایی نییە، پەرلەمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعو تواناکانی حکومەت یاساو بڕیار دەرناچوێنێت، بۆ نموونە پرۆژەیەک باس لەوەبکات کە قەرەبووی توێژێک یان چینێکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی دیاریکراو بکرێتەوە ئەمە دەبێت رەئی حکومەتی تێدا بێتو پەرلەمان ناتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی تواناو رەئی حکومەت ئەم یاسایە یان ئەو بڕیارە دەربچوێنێتو دەنگی لەسەربدات، چونکە حکومەت لایەنی جێبەجێکارەو دواجار ئەو ئیلتیزام دەکات بە بڕیارەکەی پەرلەمانەوە. بەهەمان شێوە بۆ پرۆژەیاسایەکی وەکو خۆپیشاندان ناکرێت رەئی حکومەت وەرنەگیرێت چونکە لەهەر خۆپیشاندانێکدا راستەوخۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانەکەدا دەکەنو ئیلتیزامیان بەرامبەری هەیە.

**ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی ئیلتیزامێکی دارایی یاخود ئیداری بۆ حکومەت دروستدەکەن، دەبێت رەئی حکومەت دەربارەیان وەربگیرێت**

**رای گشتی: گرنگی ئەو پرۆژەیاسایەی کە ئێوە ئامادەتان کردووە چییەو جومگە سەرەکییەکانی کامانەن؟**

عومەر هەورامی: تا کۆتایی مانگی چواری ئەمساڵ هەر ئەو راپۆرتە سەرەتاییە هەبوو کەپێشتر باسمکرد، بەڵام لە کۆتایی مانگی پێنجدا جارێکی تر ئەم باسەمان هێنایەوە پێشو ماوەیەکی دیاریکراویش هەبوو بۆئەوەی چاوەڕێی رەئی حکومەت بکەین، لەبەرئەوە ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ سەرۆکایەتی قسەمانکردو رەئی کۆتایی لیژنەمان نارد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو پێشبینیش دەکەم لە خولی گرێدانی سێیەمدا، واتا لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٩دا یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی خوێندنەوەی دووەمو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە.

ئێمە راپۆرتێکمان ئامادەکردبوو کە لە١٣ ماددەو هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکە پێکهاتبوو، لەناو ١٣ ماددەکەدا پێناسەی خۆپیشاندانو مانگرتنو رێپێوان کراوە، هەروەها باسی ئەوەکراوە کە دەبێت ژمارەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندان دیاریبکرێتو هەروەها کاتو شوێنو ژمارەی خۆپیشاندەر دیاریکراوەو چۆنێتی داواکردنی رەزامەندنی خۆپیشاندان لە چ لایەنێک دەبێت هەمووی لە راپۆرتەکەدا دەستنیشانکراوە. بۆنمونە ئەگەر لەکاتی خۆپیشاندانادا دەرچوون لەیاسا دروستبوو لەلایەن کارمەندانی حکومەتەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو خۆپیشاندەرانیش چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. هەردوو ئەگەرەکە لەبەرچاوگیراوەو رێوشوێنی یاسایش دەستنیشانکراوە.

**رای گشتی: دەتوانێت پێمانبڵێیت لەناو راپۆرتەکەدا شێوازی مۆڵەتوەرگرتن چۆنە؟**

عومەر هەورامی: لەناو ئەو راپۆرتەی کە ئێمە ئامادەمان کردبوو شێوازی مۆڵەتوەرگرتن بۆ یەکە ئیدارییەکانەو تەنها بۆ وەزارەتی ناوخۆ حەسر نەکراوە. بەپێی ئەو راپۆرتەی ئامادەمان کردووە ئێمە ئەم دەسەڵاتەمان داوەتە پارێزگارو قائیمقامو هەروەها بەرێوەبەری ناحیە، بۆئەوەی کاتێک خۆپیشاندانێک لەناوچەیەکی دیاریکراودا دەبێت هەم لەبەر کاتەکە هەم لەبەرئەوەی رووداوەکە بەزیندووی بمێنێتەوەو لەکاتی خۆیدا خۆپیشاندان بکرێت، وەکو پاراستنی مافێکی سەرەتاییو سروشتی ئەو کەسانەی دەیانەوێت خۆپیشاندان بکەنو لەپێناو ئاسانکردنی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەدا، ئێمە ئەم بنەمایەمان تێدا چەسپاندووە.

**رای گشتی: ئێستا وەزارەتی ناوخۆ رێنمایی دەردەکات بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان، زۆرجار ئەم رێنماییانە مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیان سنووردار دەکات، لەو بڕوایەدایت دوای دەرچواندنی ئەو یاسایە ئەو سنووردارکردنە نامێنێت؟**

عومەر هەورامی: لەو بڕوایەدام پرۆژەیاسایەک دەربچوێنرێت کە لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە گونجاوبێت، ئێستا بەرەو پێشچوونێک هەیە لە چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراتیو شارستانی بۆیە پێویست دەکات ئەو یاسایەی کە دەردەچوێنرێت وەکو مافێکی ئاساییو سروشتی مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەرو مانگر بکات، پێویستە ئاسانکاری بۆ خۆپیشاندەر بکرێتو بپارێزرێن، هەروەها پێویستە لەسەر خۆپیشاندەریش رێوشوێنی خۆپیشاندانەکان بەو ئاراستەیەدا نەبات کەتوندوتیژیو گوتاری نایاسایی تێدا بگوترێت.

**رای گشتی: لەکاتی بەلارێداچوونی خۆپیشاندانادا دەبێت لێپێچینەوە لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندان بکرێت یان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن؟**

عومەر هەورامی: وەکو بنەما پێویست دەکات بەردەوام لەگەڵ کەسی سەرپێچیکەر ئیجرائات بکرێت، ناکرێت سزا بەسەر کەسێکدا بسەپێنرێت کە قسەیەک یان کردارێکی لەدەرەوەی یاسا ئەنجام نەدابێت هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئێمە لەو راپۆرتەی کە ئامادەمان کردووە ئەوەمان زۆر بەروونی نوسیوە لەحاڵەتێکی نایاسایی یان بوونی چەند کەسێک بۆ نانەوەی پشێوی یان تێکدانی رێڕەوی خۆپیشاندانادا تەنها ئەو کەسانە سزابدرێنو دەستگیربکرێنو لەناو خۆپیشاندەران دەربهێنرێنو بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە تەنها لەچوارچێوە گشتییەکەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو داواکارییەی کە پێشتر پێشکەشی کردووە. لەبەرامبەریشدا ئەو کارمەندانەی دەزگاکانی پۆلیس کە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا دەکەن چ بۆ پاراستنیان لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە، چ بۆئەوەی کە دەستی تێکدەر لەناو خۆپیشاندانە دەربهێنن ئەوانیش دەبێت بەشێوەی یاسایی مامەڵە بکەن.

**لەو بڕوایەدام پرۆژەیاسایەک بۆ خۆپیشاندان دەربچوێنرێت کە لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە گونجاوبێت**



**رای گشتی: خۆپیشاندان وەکو ماف بەبڕوای ئێوە پێویست دەکات مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت یاخود تۆمار بکرێت، چونکە دەوترێت مۆڵەتدان مانای وایە هاوڵاتی خۆی مافی نییە بەڵکو دەسەڵات ئەو مافەی پێدەدات؟**

عومەر هەورامی: وەک لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی ئەوەمان لەراپۆرتەکەدا نوسیوە کەپاشئەوەی داوانامەی خۆپیشاندان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت دەبێت لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا وەڵامیان بدرێتەوەو ئامادەکاری بۆ بکرێت، بەڵام ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار بڕوایان وابێت ئەو خۆپیشاندانە نەکرێت، دەبێت لە پێش ٢٤ کاتژمێر لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەگەڵ ڕێکخەرانی خۆپیشاندان قسە بکەنو هۆکارەکانیش بۆ لایەنی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە روون بکرێتەوە.

**رای گشتی: رەنگە لەناو خۆپیشاندانێکدا حاڵەتێک رووبداتو تەقە لەخۆپیشاندەر بکرێت، ئەمە حاڵەتێکی ناکاوەو خۆپیشاندانی دیکەی بەدوادادێت کە ناتوانرێت ٤٨ کاتژمێر چاوەڕێ بکرێت، ئێوە وەکو پەرلەمان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمجۆرە لەخۆپیشاندانی لەناکاو دەکەن؟**

عومەر هەورامی: ئەمە گۆرینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکەیە بەبارێکی تردا، ئێمە لەناو راپۆرتەکەدا ئەو شتانەمان دیاریکردووە کە لەلایەن پۆلیسەوە بەکاربهێنرێت کە ئەویش «ئاو رشاندنە، قەڵغان، چەکی فرمێسکڕێژە»، هەروەها ئەگەر حاڵەتێکی نایاسایی روویدا لەلایەن کارمەندێکی پۆلیسەوە ئەو کاتە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەم کارمەندەدا دەکرێتو دادگا مامەڵەکەی یەکلادەکاتەوە، بەهەمان شێوەش ئەو کەسانەی کە لەناو خۆپیشاندان بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێتو بەو یاسایانەی کە کارپێکراون لەگەڵ کەسی تێکدەر مامەڵە دەکرێت. لەبەرئەوە لەهەردوو حاڵەتەکەدا یاساو دادگا یەکلاکەرەوەی ئەو بابەتە دەبێت.

**رای گشتی: تا چەند گەشبینیت بەوەی لەئایندەیەکی نزیکدا یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان، کە لەناویدا مافەکانی خۆپیشاندەری تێدا چەسپاوبێت، لە پەرلەماندا دەربچێت؟**

عومەر هەورامی: لەمانگی ٩دا خولی گرێدراوی سێیەمی پەرلەمانو دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان دەستپێدەکاتەوەو پێشبینی دەکەم یاساکە تا کۆتایی ئەم ساڵ دەربچوێنرێت، بۆ ناوەرۆکەکەشی من پێشبینی ئەوەدەکەم کە ناوەرۆکی یاساکە زۆر نزیک بێت لەپرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە.

عومەر سدیق محەمەد
ناسراو بە عومەر هەورامی
لەدایکبووی ١٩٧٩ هەڵەبجەی شەهید
بەکالۆریۆس لە کارگێری ساڵی ٢٠٠٣
جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنیو ئەندامە لەلیژنەی ئابوریدا
ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر
# درێژکردنەوەی ماوەی کارپێکردنی زەرورەتە یان...

عبدالله محمدأمین

بابەتی تیرۆر یەکێکە لە بابەتە هەرە ئالّۆزو هەستیارو باوەکانی دنیاو زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیان‌و گوزەرانی مرۆڤ داناوەو لەلایەن زۆربەی وڵاتانی دنیاشەوە گرنگی خۆی هەیەو لەنێو میدیاکانیشدا شوێنێکی بەرچاوی هەیە بـەڵام بوونی یاسایەکی تایبەت بەتیرۆرو تیرۆریستان بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێت. لەهەرێمی کوردستاندا کە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرمان هەیە پێویستە بزانین هۆیەکانی دەرچونی ئەم یاسایە چین‌و چۆن بەکاردەهێنرێت؟!

لەماددەی»حەڤدەیەم «ی ئەم یاسایەدا هاتووە « کـار بـەم یاسایە دەکـرێـت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە» لەکاتێکدا بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە ساڵی ٢٠٠٦ ە، ئایا بۆچی هەتائێستا کار بەم یاسایە دەکرێت‌و وا بۆدووساڵی تریش کارکردن بەو یاسایە درێژکرایەوە؟ ئایا ئەم درێژکردنەوەیە خواستێکی سیاسی سەپاندویەتی یان زەرورەتێکی واقیعی؟ پرسیارو گومانەکان لەسەر ئەم یاسایە زۆرن‌و بەردەوام لەگەڵ



درێژکردنەوەی ماوەی کارپێکردنی ئەم یاسایە پرسیارو گومانەکان زۆرتردەبن، چونکە یاسا دەبێت وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت‌و ئەگەر یاسا کرا بەبابەتێکی لاستیکی‌و یاری پێکرا هێزو مانای خۆی لەدەستدەدات بۆیە دەبێت یاساکان رەگەزی لاستیکیان تێدانەبێت‌و بابەتێکی روون بن . لێرەدا دوو ئەگەر دەخەمەروو:

یەکەم: ئەگەر ئەم یاسایە زەرورەتـە، دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

١- ئایا تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بزوتنەوەی تیرۆرستی بوونی هەیە، تاکی کـوردی چەندە هەڵگری رەگـەزی تیرۆریستییە، ئەگەر تیرۆر بوونی هەیە بۆچی ماوە بۆ ئەم یاسایە دادەنرێت یان ئەگەر تیرۆر بوونی نیە بۆچی ماوەکەی درێژدەکرێتەوە؟

٢- یاسای تیرۆر چ ئیزافەیەکی هەبووە بۆ سەر یاسای سزادانی عێراقی؟

٣- ئایا هەموو ئەو رەفتارانەی بەتیرۆر ناسێنراون لەیاساکەدا بەجدی کاریان لەسەر دەکرێت‌و رودانـی ئەم رەفتارانە لەهەرشوێنێک‌و لەلایەن هەرکەسێکەوە بکرێت مامەڵەی یاسای بەرامبەر دەگیرێتەبەر بۆ نمونە لەپێناسەکەدا دەڵێت: «کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەرەشەپێکردنیەتی، هاندانە بـۆی، یان پێهەڵدانیەتی کەتاوانکار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێک یان کەسانێک پێی هەڵدەستن‌و تاکێک یان کۆمەڵە کەسانێک دەکەنە ئامانج، یان هەر بەرەمەکی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندن‌و ترس‌و شڵەژان‌و ئاژاوەنانەوە لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامی‌و ئاسایش‌و سەلامەتی کۆمەڵگەو هەرێم، ژیانی تاکەکەسەکان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان، بخرێتە مەترسییەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بەژینگە، بەیەکێک لەسەرچاوە گشتییەکان، بەدەزگا، سامانی گشتی، یان تایبەتییەکان،

**ئەگەر تیرۆر بوونی هەیە بۆچی ماوە بۆ ئەم یاسایە دادەنرێت یان ئەگەر بوونیشی نییە بۆچی ماوەکەی درێژدەکرێتەوە؟**

بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئاینی، تایفەگەری یان رەگەزی».

لەواقیعدا ئیشکالیاتەکانی ئەم یاسایە زۆربەباشی دەردەکەوێت کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لەسەر ئەوە وەستاوە کە کێ تەفسیری دەکـات؟! بێگومان ئەو لایەنەی تەفسیری یاساکەدەکات بەرژەوەندی خۆی دەکاتە پێوەر نەک بەرژەوەندی گشتی، بۆیە هەر رەفتارێک کە بۆخۆی ئەنجامیدەدات ئەگەر زیانگەیاندنیش بێت بەسامانی گشتی ئـەوە بەتیرۆر دانانرێت چونکە یاساکە زۆر لاستیکییە بۆیە زەرورە چاوی پێدابخشێنرێتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەم یاسایە زەرورەتـی نییە، بۆچی؟

١- دەبێت تیرۆر نەکرێتە بابەتێک بۆ گەمەکردنی سیاسی‌و ناوەکەی وەک جۆکەر بۆ مەرامی تر بەکارنەهێنرێت چونکە لەدواجاردا ئەنجامی خراپ بەجێدەهێڵێت‌و کاریگەری خراپی لەسەر کلتوری کۆمەڵگە دەبێت.

٢- ئـەو کەسانەی بەتۆمەتی تیرۆر دەگیرێن‌و تیرۆریست نین ئەگەری ئەوەی هەیە لەدوای ئەم گرتنەوە ببن بەتیرۆریست.

٣- بوونی یاسای سزادانی عێراقی‌و کارپێکردنی بەشێوەیەکی رێک‌وپێک وادەکات کەپێویستمان بەیاسای تیرۆر نەبێت.

# یاسای نوێی رێکخراوەکان‌و ئەرکەکانی بەردەم حکومەت!

شارا غەریب



هەولێر – ٢٠٠٩/٤/٢٨، کۆنفرانسی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەبارەت بە پرۆژە یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

پێشخستنی هەر کومەڵێکی مەدەنی لـەسـەر بـنـاغـەی حـکـومـەتـی یاسا وەستاوەو دروستکردن‌و بەرێوەبردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێویستی بە کەش‌وهەوایەکی سیاسی‌و یاسایی گونجاو هەیە هەربۆیە بوونی رێکخراوگەلی چالاک‌و کاریگەری کۆمەڵی مەدە نی سەلمێنەری بوونی کۆمەڵی دیموکراسیشە.

رێـکـخـراوەکـانـی کـۆمـەڵـی مەدەنی بەشدارییەکی بەرچاو دەبینێت لەبەهێ. کردنی حکومەتێکی دیموکراسدا. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوەبکەم کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و لەناویشیاندا رێکخراوە ناحکومییەکان پێویستیان بەیاسایەک هەیە بۆ ئـەوەی لەوێوە کۆمسیۆنێکی خاوەن کەسایەتی سەربەخۆیان بۆ دابینبکرێت، کـەدیـارە ئەمەش بـەوە دەبـێـت کەئەو کەسانەی دەچنە ناو دەستە باڵاکانی ئەو کۆمسیۆنەوە کەسانی سەربەخۆو خاوەن ئـیـرادەی ئـازاد بـن، لـەو کەسانە بن کە ئەزموونێکی باشیان لەژیانی رێکخراوەییدا هەیەو پشکێکی بەرچاویان لەدارشتنی ئەو پرۆژەیاسا نوێیەدا هەبووە کەهیوا دەکەین لەداهاتوویەکی نزیکدا لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندبکرێت‌و ببێتە بەردی بناغەی کارکردنێکی راست‌و دروستی رێکخراوەکان‌و بەرفراوانکردنی مـــەودای کـــارو چـالاکـیـیـەکـانـیـان‌و دروستکردنی پەیوەندییەکی ساغڵەم لـەنـێـوان رێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و هەموو دامەزراوە دەستوورییی‌و هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان. لەو چوارچێوەیەدا پێویستە حکومەت بەیەک مەسافە لەهەموو رێکخراوەکان نزیک ببێتەوەو کۆتایی بەو جیاکارییە بهێنێت کە لەماوەی رابـوردودا هەبووەو وایکردووە پۆلێنکردنی رێکخراوەکان لەسەر بنەمای ئینتمای سیاسی‌و حیزبی بێت نەک چالاکی‌و خەمخۆری بـۆ ئـەو چین‌و توێژانەی کۆمەڵگە کەئەمان لەپێناویدا دروستبوون. ئەو جیاکارییەش بەروونی لەو یارمەتییە ماددییەدا رەنگیداوەتەوە کەمانگانە بەمفتی دراوەتە بەشێک‌و جۆرێک لەرێکخراوەکان کەنزیکیان لەحیزبی دەسەڵاتدارەوە ئەم ئیمتیازاتانەی پێبەخشیون‌و ئەوانیش ئەوەندەی کاریان بۆ ئەجێندای حیزبەکانیان کردووە نیوهێندە کاریان بۆ بەرژەوەندیی ئـەو چین‌و تـوێـژنـەو قـوولـکـردنـەوەی پـرۆسـەی دیموکراسی‌و چەسپاندنی بـنـەمـاو پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی نـەکـردووەو ئەمەش دواجـار بارگرانییەکی زۆری بۆ سـەر هەیەک لەکۆمەڵگەو حکومەت دروستکردووە بـەئـەنـدازەیـەک سـیـمـاو روخـسـاری هەردووکیانی شێواندووەو وایکردووە هیچیان لەجێگەی خۆیانداو بەو وەزیفەیە هەڵنەستن کەهەریەکەیانی پێدەناسرێنەوە. لەبەرامبەریشدا رێکخراوگەلێکی تر هـەن کـەبـەشـێـوەی سـەرەکـی پشتیان بەفەندو ئیمکانیاتی رێکخراوە بیانی‌و نێودەوڵەتییەکان بەستووەو هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەک هیچ بارگرانییەکیان بۆ بودجەی حکومەت دروستنەکردووە بگرە بـەردەوام گوزارشتیان لەواقیعی راستەقینەی کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە ئەویش لەرێگەی چەسپاندنی بەهاگەلێکی ئینسانی‌و مـەدەنـی لەهەرێمدا، بەڵام ئەزموونی دوو دەیەی رابوردوو پێماندەڵێت کەئەم جۆرە رێکخراوە سەربەخۆیانە نەک هەر ئاسانکارییان لەلایەن حکومەتەوە بۆ نەکراوە بەڵکو لەهەندێک برگەی ژیانی رێکخراوەیی‌و کـارو چاڵاکییەکانیاندا رێگریشیان لەبەردەمدا دروستکراوە.

لـێـرەدا دەمـەوێـت قسەیەکی ئـادەم فێرگاسونتان بەبیربهێنمەوە کەدەڵێت کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دەوڵەت هەردووکیان بەشێکن لەسیستمی دیموکراسی، بۆیە نابێت حکومەت بەچاوی جیاکاریی‌و دوژمنکارانە سـەیـری رێـکـخـراوەکـان بکات چونکە ئەگەرچی تاکی هاوڵاتی پەیرەوی یاساو رێساکانی حکومەتیش بێت بەڵام دواجار تاک ئەندامی کۆمەڵگەی مەدەنیشە.

ئەزموونی چەند ساڵەی پەیوەندی نێوان حکومەت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە شێوازێکی مەدەنیانەی بەخۆوە نەدیوەو ئەمەش زۆر بەروونی لەچەند جومگەیەکی سەرەکیدا دەردەکەوێت وەک پێکهێنانی رێکخراوەو مۆڵەتوەرگرتن‌و شێوازی یارمەتیدانیان‌و ئەو شوێنەی مۆڵەتیان پێداون کەوەزارەتی ناوخۆیە کەئەمانەش هێزی خۆیان لەو یاسایەوە وەرگرتووە کەتائێستا لەهەرێمدا کاری پێدەکرێت، هەربۆیە ئێستا کاتی ئەوەهاتووە ئەو شێوازە لەپەیوەندی نێوان حکومەت‌و وەزارەتەکانی گۆرانی بەسەردا بێت‌و رێکخراوەکان وەک پێویستییەکی ژیانی تەماشایان بکرێت‌و ببنە رەگەزێکی سەرەکی لەپێکهێنانی سیستمی سیاسی لەهەرێمدا نەک چەند قەوارەیەکی بەتاڵکراوە بن لەهەموو وزەو ئیرادەو دەستپێشخەرییەکی مەدەنیانە کـەدیـارە نیەتپاکی ئەمەش لەپەسەندکردنی یاسایەکی هاوچەرخەوە دەستپێدەکات لەپەرلەماندا کەجێگەی هەموو ئەو پرەنسیپە نێودەوڵەتیانە لەخۆبگرێت کە لەسەرەوە باسمان کـردن‌و لەدنیای ئێستاشدا پێوەرێکن بۆ جیاکردنەوەی دوو جۆر لەمۆدێلی حوکمرانی، دیموکراسی یان شمولی‌و دیکتاتۆری.

# نوێنەرایەتی کەمینەکان، لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا

دەرباز محەمەد*

لــەوو وڵاتــانـەی کـە پێکهاتەی نەتەوەیی‌و ئایینی جۆراوجۆرو جیاوازی تێدایە، زۆرجار یاسادانەران هـەڵـدەسـتـن بـەتـەرخـانـکـردنـی کورسییەک یان چەند کورسییەک بۆ ئەو کەمینانەی دەنگەکانیان ناگاتە ئاستی کورسییەک بۆ پەرلەمانی‌و وڵات یان هەر ئەنجومەنێکی دیکە، ئەویش لەرێگەی سیستمی (کۆتا) وە چارەسەردەکرێت،و اتە تەنها ئەندامانی ئەو گروپە نەتەوەییە یان ئایینییە، کێبرکێ لەسەر کورسییە تەرخانکراوەکە دەکەن.

ئامانج لە تەرخانکردنی کورسی بۆ کەمینەکان ئەوەیە کەنوێنەرایەتیان هەبێت لەئەنجومەنەکاندا، بەوپێیەی ئەنجومەنە هـەڵـبـژێـردراوەکـان نوێنەرایەتی گەل دەکەن‌و ئەوانیش بەشێکن لەگەلی ئەوو وڵاتە، ئەگەر بەم سیستەمە نەبێت ناتوانن ئەم نوێنەرایەتیە دەسەتەبەر بکەن، پاشان لەرێگەی ئەم نوێنەرایەتییەوە کێشەوخەمی کەمینەکان دەگەنە ئەنجومەنەکان‌و حکومەتە ناوخۆیی‌و نیشتیمانییەکان. لەلایەکی ترەوە ئەم سیستەمە زامنی بەشداریکردنی راستەقینەی ئەو کەمینانە دەکات لەژیانی سیاسیدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە سیستەمە لایەنی سلبی‌و نەرێنیشی هەیە، چونکە هەستی نیشتیمانی لای تاکەکانی ئەو کەمینانە لاواز دەکات‌و ئینتمایان بۆ نەتەوە یان ئاینیەکەیان، زۆرجار پێش ئینتیمایان بۆ وڵات‌و نشتیمان دەکەوێت، نوێنەرەکانیان هێندەی لەخەمی ناوچەو شارەکان‌و خەڵکەکەی خۆیاندان هێندە خەمی گشتی‌و نیشتمانیان نییە.

لەهەرێمی کوردستاندا، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قـەزاو ناحیەکان، کەئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەریکردووەو



لە ٢٠٠٩/٧/١٣ لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، لەمادە ٣٢ دا، بەم شێوەیەی خوارەوە کورسی بۆ کەمینەکان تەرخانکراوە:

١.لەپارێزگای هەولێر: دوو کورسی بۆ کلدان سریان‌و ئاشورییەکان‌و سێ کورسی بۆ تورکمان.

٢.لەپارێزگای دهۆک: دوو کورسی بۆ کلدان سریان‌و ئاشورییەکان‌و یەک کورسی بۆ ئەرمەن.

٣. لـەپـارێـزگـای سلێمانی: یـەک کورسی بۆ کلدان سریان‌و ئاشورییەکان.

دابەشکردنی ئەم کورسیانە بۆ ئەو کەمینانەو لەئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لەراستیدا سەرنج‌و تێبینی زۆر هەڵدەگرێت:

١. گرنگترین تێبینی ئەوەیە، ئایا لەسەر چ بنەمایەکی دیمۆگرافی ژمـــارەی کـورسـیـەکـان‌و جۆری کەمینەکان دیاریکراوە؟؟. ئەگەر لەسەر بنەمای ئایینیە، ئەوا بۆچی هەموو پەیرەوانی ئایینی مەسیحی بەیەکەوە ناویان نەهاتووەو بەمەسیحیەکان ناو نـەبـراون‌و ئەرمەن لەوانی تر جیاکراوەتەوە، خۆ ئەگەر لەسەر بنەمای نەتەوەییشە ئـەوا چۆن‌و بۆچی (کلدان سریان‌و ئاشورییەکان) بەتێکەڵاوی ناویان هاتووەو لەیەکتر جیا نەکراونەتەوە.

٢. ئـەگـەر کـورسـی لـەسـەر بنەمای ئایینی بۆ کەمینەی مەسیحی تەرخانکراوە ئـەوا لای هەموان ئاشکرایە ژمارەی پەیرەوانی ئایینی کاکەیی(دەیان) ئەوەندەی پەیرەوانی ئایینی مەسیحین لەپارێزگای سلێمانی، ئەی بۆچی کورسی بۆ کاکەییەکان تەرخان نەکراوە..؟؟

٣. پـاشـان لـەرووی ژمـارەی کورسییەکانەوە، بەرادەیەکی زۆر مافی زۆرینەی کورد پێشێلکراوە. بۆ نموونە، بەشێوەیەکی نزیکەیی، هەر ٥٠ هەزار کەس لەدانیشتوانی پارێزگای هەولێر یـەک کورسی بۆ تەرخاندەکرێت لەئەنجومەنی پارێزگاکەدا، بەڵام دەبینین ژمارەی تورکمان لەهەولێر بەهیچ شێوەیەک ناگاتە ٥٠ هـەزار کـەس، باشترین بەڵگەش هەڵبژاردنی ساڵی پاری پەرلەمانی کوردستانە، کەتەنها (١٣٤١١) کەس لەپارێزگای هەولێر بۆ لیستە تورکمانیەکان دەنگیان داوە، کەچی لەیاساکەدا سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخانکراوە. لەراستیدا دووان لەو سێ کورسییە، بەهەموو پێوەرێکی یاسایی‌و ئاماری، مافی کوردی ئەو پارێزگایەیە.

٤. لەلایەکی ترەوە مەسیحییەکانی پارێزگای سلێمانی هێندە کەمن، زۆر ئەستەمە کورسییەکیان بۆ تەرخانبکرێت چونکە لەهەڵبژاردنی ساڵی پاری پەرلەمانی هەرێمدا تەنها ٧٦٦ کەس بۆ لیستە مەسیحییەکان دەنگیان داوە لەو پارێزگایەدا، واتە دەنگی کورسییەکی گشتی لەوانەیە نزیک بێتەوە لە ٣٠ هەزار دەنگ، بەڵام بۆ مەسیحییەکان دادەبەزێت بۆ کەمتر لەنیو هەزار دەنگ.

ئێمە لێرەدا بەهیچ شێوەیەک دژی بوونی نوێنەرایەتی بۆ کەمینەکان نین، بەڵام خۆ نابێت نوێنەرایەتی کەمینە زۆر لەسەر حسابی زۆرینە بکەوێت، چونکە بەپێی یاساکە هەر پارێزگایەک ٢٥ کورسی ئەنجومەنی هەیە بۆ هەر نیو ملیۆن کەس، پاشان بۆ هەر دووسـەد هـەزار کەسێک، کە لەنیو ملیۆنەکە زیاتر بێت، یەک کورسی زیاد دەکرێت. کەواتە ئەگەر چوار کورسی بەزیادە بدرێت بەتورکمان‌و مەسیحییەکان، ئەوا لەسەر حسابی ٨٠٠ هەزار کەسی کورد کەوتووە، کـەئـەمـەش بـەراسـتـی غەدرێکی گەورەیە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی یاسایی دەکرێت بەڵام بۆ مەرامێکی سیاسییەو هیچی تر. چونکە زیادکردنی ئەم کورسیانە بۆ کەمینەکان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بووە، کە کـورد وتەنی (بەبەردێک دوو نیشانی شکاندووە)، کەدوو نیشانی سیاسین: یەکەمیان بەدونیای ناوخۆو دراوسێ تورکەکەی دەڵێت ئەوا من رێزو ماف بۆ تورکمانەکانی هەولێر دەگـێـرمـەوە. هـەروەهـا بەدونیای مەسیحیش دەڵـێـت، ئێمە مافی کەمینە مەسیحییەکان لەکوردستان دەپـارێـزیـن. نیشانی دووەمـیـان، بـەزیـادکـردنـی سـێ کـورسـی بۆ مەسیحییەکانی دهۆک‌و پێنج کورسی بۆ تورکمان‌و مەسیحییەکانی هەولێر، کە دواتر لەلایەن تورکمان‌و مەسیحییە پارتییەکانەوە، بە ساختەکاری بێت، یان بەهاندانی ئەندامانی پارتی دەنگ بۆ ئەو لیستانە بدەن‌و بەمەش ئەم کورسیانە بۆ ئـەوان دەچێت. ئەوا لەگەڵ کورسییەکانی پارتی خۆی، بەبێ هاوپەیمانی یەکێتی یان گۆران یان ئیسلامییەکان، زۆرینەی ئەنجومەنی ئەو دوو پارێزگایە مسۆگەر دەکات.

بـەداخـەوە هـەمـیـشـە یاسا لەکوردستاندا، لەسەر حسابی نەتەوەو نیشتیمان، بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبی بەکارهێنراوەو ئەم جارەشیان بەرۆژی روناکو بەئاشکرا حیزبی دەسـەڵاتـدار گۆڵی یاسایی خۆی لەهەموو گەل‌و لایەنە سیاسیەکان کرد. نەچووە بچێ دەکرێ رای گشتی لەسەر ئەم مەسەلەیە بێتە دەنگو ئەم غەدرە گەورەیە قبوڵ نەکات.

* خوێندکاری دکتۆرا لەجوگرفیای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

# چەند وتەیەکی تر، بۆ پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان

ئاسۆ عوسمان

لە لاپـەرە چـواری ژمـارە ٥ی سالی سێهەمی پاشکۆی «رای گشتی»دا پەیمانگەی کـوردی بۆ هەڵبژاردن ئەنجامی راپرسییەکی لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بڵاوکردبۆوە کە لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان‌و بەدابەشکردنی ٥٠٢٧ فۆرم ئەنجامدرابوو، ئەمەش وایکرد بابەتێکی کورت لەسەر رەشنووسی دەسـتـوری هەرێمی کوردستان بنوسم بەئامانجی تیشکخستنە سەر لایەنێکی ئەو دەقە یاساییە گرنگەی کەناکرێت لەئاستیدا بێدەنگ بین.

وشـەی «دەسـتـور» لـەرووی زمانەوانییەوە بەمانای «یاسای بنەرەتی» دێت هەروەها بەمانای روخسەتپێدانی گشتی دێت لەرێگەی دروستکردنی کۆمەڵێکی رێکخراوەوە. لەم رێگەیەوە دەتوانرێت وێنەیەکی واقیعیی دەستور بەدیبکرێت لەناو هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەگشتی‌و ئەو کۆمەڵگەیەی ئەم دەسـتـورەی بۆ نـوسـراوە وەکو «خـێـزان، هـۆز، سەندیکا، پارت‌و رێکخراوە سیاسییەکان) لەبەرئەوە دەستور بەگەورەترین سەرچاوەی یاساکان دادەنرێت کەرێرەوی وڵات دادەرێژێت‌و بنیادنەریەتی.

بـەڵام دەسـتـور بـەواتـا دەستەواژەییەکەی بریتییە لەکۆمەڵێک رێـسـای بنچینەیی پەیوەست بەبەیانکردنی سـەرچـاوەکـانـی دەسـەڵات هـەروەهـا رێکخستن‌و مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتەو گواستنەوەی‌و هەروەها ئەرکی ئەو هاوڵاتیانە دیاریدەکات کە ملکەچی ئەم یاسانە دەبن لە وڵاتداو ماف‌و ئازادییە گشتییەکانی هەمان هاوڵاتی دیاریدەکات کە ئەمانەش یەکێکن لە بنەما سەرەکییەکانی دەستورێکی باوەرپێکراو لەلایەن دەسـەڵات‌و میللەتەوە. هەروەها دەستور ئەرک‌و مافی هاوڵاتیان دیاریدەکات بێگوێدانە جیاوازییە رەگـەزی‌و مەزهەبی‌و تایەفی‌و جیاوازی بیروراyانیان بۆئەوەی ببێت بەدەستورێکی واقیعی نەوەک تەنها بە دەستورێکی نوسراو (مدون) بناسرێت.

فیدراڵیشدا هاتووە.

لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێشەوە ئایا دەستوری هەرێمی کوردستان بەباش‌و بە خراپییەوە بە ئاگابوون‌و نەبوونەوە جێبەجێ دەکرێت یان نا؟ ئایا گەل سەرچاوەی کـام دەسەڵاتەیە کە لە پـرۆژەی دەستورەکەدا ناوی هاتووە؟! پێویستە دارێـژەران‌و یاساناسان‌و دانەرانی دەسـتـوری هەرێمی کوردستان وەڵامـی ئـەم پرسیارە بـدەنـەوە. لەلایەکی تـرەوە ئایا سەرجەم یاساناس‌و دەستورناسانی ئەم هەرێمە بەشداریان لە دارشتنی ئەم پرۆژە دەستورەدا کردووە یان تەنها

## زۆربەی خەڵکی کوردستان تا ئێستا بە سەرجەم برگەو بابەتەکانی ئەم پرۆژە دەستورە ئاشنا نین

پـرۆژەی دەسـتـوری هەرێمی کوردستان کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی پێکهاتوو لەکۆمەڵێک خەڵکی یاساناسی ئـەم وڵاتـەوە دانـــراوەو بـۆ هـەمـوو خەڵکی کوردستانی عێراقە ئەوا پێویست بوو پرسێک بەخەڵکی ئەم هەرێمە بـکـرایـە چـونـکـە هـەرخـۆی لە ماددەی(٣)ی دەستورەکەدا هاتووە کە»گەل سـەرچـاوەی دەسەڵاتەو رەوابونیەتی کە لەرێگەی دام‌ودەزگا دەستورییەکانیەوە پیادەی دەکات» کە هەمان دەقی ناوبراو لە مادەی (١١٠)ی دەستوری کۆماری عێراقی

ئەو نوخبەیە لەیاساناسان بەشداریان تـێـداکـردووە کە لەسەر بنەمای موحاسەسەی حیزبییەو جێدەستی خۆیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئێستای حیزبی دەسەڵاتدار بەسەر خـاڵ‌و برگەو ماددەکانی پـرۆژە دەستوورەکەوە بەجێدەهێڵن؟ رەنگە راستی‌و دروستی ئەم بۆچوونەی سەرەوەمان لەو راپرسیەی KIE دا دەستبکەوێت کە لە ٧٩٪ی دانیشتوانی هەرێمی‌کوردستان بەپێویستی‌دەزانن جارێکی تر دەستورەکە بگەرێتەوە پەرلەمان‌و دوبارە خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی ٥٤٪ی بەشداربووانی ئەو راپرسییە ئەم پرۆژەی دەستورەیان بەلاوە پەسەند نییە لەبارێکدا هەوڵدراوە ئەم راپرسییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کەئاگایان لەدەقی پرۆە دەستورەکەیە لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکی کوردستان تا ئێستا بە سەرجەم برگەو بابەتەکانی ئەم پرۆژە دەستورە ئاشنا نین، کەدیارە ئاشنانەبوونی خەڵکی کوردستان بەدەستور ئەو پرسیارە دێنێـە پێشەوە کـەچـۆن دەبـێ بەپێی دەستور گەل سەرچاوەی دەسـەڵات بێت‌و دەسەڵاتەکە لە دەستور وەرگیرابێت بـەڵام لـەولاوە گـەل نـەزانـێـت لە دەستورەکەدا چی دەگـوزەرێـت...! ئەمە خاڵێکی زۆر ئیشکالی‌و ناکۆک بەیەکەو پێویستە دەستور بەر لەهەر راپرسییەکی گشتی بخرێتەبەردەم هاوڵاتیانی دەنـگـدەر بۆ ئـەوەی شارەزایی باشیان لەبارەی رەشنوسی دەستورەکەوە هەبێت، ئەگەرنا، ئەوا زیاد لەمەبەست‌و ئامانجێکی شاراوە لەپشت ئەم پرۆسەیەوە هەیەو لەبری ئەوەی دەستور بکرێتە یاسایەکی بناغەیی بۆ ئـەوەی یاساکانی ترو دەسـەڵاتـەکـان لـەسـەر زەمینەی ئەمەوە بەرێک‌و پێکی‌و راست‌و دروستی هەڵبچنرێن بەپێچەوانەوە دەستور دەکرێتە پاساوێکی یاسایی بۆ شـەرعیەتدان بـەو لاسەنگی‌و خـوارو خێچیەی لەیاساکانی ترو لەجەستەو ستراکتۆری دەسەڵاتدا هـەیـەو بـەشـێـوەیـەکـی گشتی لەکاتی خوێندنەوەی دەقی پرۆژە دەستورەکەی هەرێمدا هەست بە هەژموونی دەسەڵات دەکەیت نەوەک هەژموونی گەل‌و میللەت.

# فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

## دوبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن

پرۆسەی هەڵبژاردن وەک هەر پرۆسەو هەنگاوو چالاکییەکی دیکەی بواری ژیانی سیاسی، کارێکی هەستیارەو بەو پێیەش کەپەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە کارێکی ئاڵۆزەو پێویستی بەشەفافبوون‌و پێرازیبوونی کەسە بەشداربووەکان‌و یاریزانانی کایەی سیاسییەوە هەیە. بۆیە سەرەرای باش بەرێوەچوون‌و شەفافبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی سیاسیانە، دواجار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەو بەئەنجامگەیشتنی پێویستە دواجار یاریزانە سیاسییەکان شێوازی بەرێوەچوونی پرۆسەکەو لێکەوتەو دەرەنجامەکانی قبوڵو پەسەند بکەن.

بەڵام ئەگەر لەهەر قۆناغێکی پرۆسەی هەڵبژاردندا یاریزانە سیاسییەکان نارازیبوونێکی زۆریان دەربـری‌و بەپێی بنەما یاساییەکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەکانی هەڵبژاردن چارەسەرنەکران‌و بەشداربووانی هەڵبژاردن بێ متمانەیی خۆیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن‌و ئەنجامەکانی دەربری‌و سوربوون

لەسەر دووبـــارە ئەنجامدانەوەی هـەڵـبـژاردن، یاخود پرۆسەی هەڵبژاردنەکە پێوەرو پێشمەرجە یاساییەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی وڵاتەکەی تێدا نەهاتەدی، ئەوا ئەگەری دووبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن کارێکی چاوەروانکراو دەبێت.

هۆکارو ئەگەری جیاجیا هەن بۆ دووبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەپێش وادەی دیاریکراوی خۆیدا یاخود سەرنەکەوتن‌و هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەرەنجامەکانی، ئێمە لێرەدا باس لە سێ ئەگەرو بـارودۆخ بۆ دووبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەین.

**بارەکانی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن :**

**– هۆکاری یاسایی (نەهاتنەدی پێشمەرجە یاساییەکان):**

وڵات هەیە لە جیهاندا کەبۆ بەرێوەچوون‌و سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەتایبەت هەڵبژاردنە سیاسیەکانی وەک هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات‌و هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵات، چەندین مەرج و بنەما دیاریدەکات، لەوانە بەشداریکردنی رێژەیەکی دیاریکراوی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا یاخود بەدەستهێنانی یەکێک لە پاڵێوراوەکان بۆ رێژەیەکی دیاریکراوی دەنگەکانی دەنگدەران تا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکە سەرکەوتوبێت‌و براوەیەکی هەڵبژاردنەکەمان هەبێت.

یاسای هەڵبژاردنی وڵات هەیە مەرجی سەرکەوتنی هەڵبژاردن بەلایەوە جگە لەپاکوبێگەردی هەڵبژاردن بەشداریکردنی نیوەی زیاتری دەنگدەرانە لە هەڵبژاردندا، یاخود پێویستی بەدەستهێنانی براوەی هەڵبژاردن بۆ زیاتر لە یەک لەسەر سێی دەنگەکان، ئەم مەرجانەو چەندین مەرجی دیکەی هاوشێوە هەن بۆ پەسەندکردن‌و بەسەرکەوتوو ئەژمارکردنی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن.

**– هۆکاری هەبوونی ساختەکاری:**

کەم جار هەیە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بکرێت‌و کەموکورتی تێدانەبێت یاخود نەکەوێتە بەر تانەو رەخنەی لایەنێکی بەشداربووی هەڵبژاردن. هەموو کێشەو ئەگەرەکانی بەردەم هەڵبژاردنیش بەیاسا چارەسەردەکرێن، تەنانەت ئەگەری ساختەکاریش بەیاسا رێوشوێنی وردبینیکردن‌و مامەڵە لەگەڵکردنی بۆ دیاریکراوە.

بەڵام ئەگەر ئەو ساختەکاریانەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کـراوە، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کێ ئەو ساختەکارییەی ئەنجامداوە، زۆر گەورەبوو جۆرێک ببووە هۆی گۆرین‌و ئاوەژۆکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن‌و تەواو شێواندنی پاکی‌و بێگەردی هەڵبژاردنەکان، ئەوا هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەو دووبارە ئەنجامدانەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن وەک چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە دادەنرێت.

**– هۆکاری سیاسی‌و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی وڵات:**

ئـەم بـارودۆخـە کاتێک رودەدات کاتێک دەرەنجامی هەڵبژاردنەکە روون نیە یاخود تاکە براوەیەک یان براوەیەکی بەهێزی لێناکەوێتەوە کەبتوانێت حکومەتی ئایندەی وڵات پێکبهێنێت. لەم هەڵبژاردنەدا سەرەرای ئەوەی براوەو دۆراوی هەڵبژاردن دیارن، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکە لایەنێکی بەهێز نییە کەبتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست یاخود چەند لایەنێکی براوەی هەڵبژاردن ناتوانن رێکبکەون‌و دەسەڵات پێکبهێنن.

ئەم هۆیانەو چەندین هۆکاری دیکەی تر هەن بۆ ناسەقامگیری سیاسی وڵات کەرێگرن لە تەواوکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

لەم بارانەدا سەرەرای ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن‌و دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە لایەنی نەرێنی‌و خراپی خۆی هەیە، بەڵام وەک چارەسەرێکیش سەیردەکرێت بۆ دەربازبوون لەگرفتە سیاسییەکانی وڵات‌و دەرچـوون لەچەقبەستوویی سیاسی‌و گەیشتن بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات.

* ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE